د. جەزا چنگیانی

# بەهاری عەرەبی
# ڕۆڵی ئیسلامی سیاسی
# لە پرۆژەکانی ئیمپریالیزمدا

ئەم پەرتووکە پێشکەشە بە گیانی پاکی

شێخ محمودی نەمر

گەرمانعی حقووقی میللەتی کورد بێ عەرەب

بێ شوبهە نۆیژەکانی ماضیم بەکوردی قضا دەکەم

***تکایە لەهەڵەی زمانەوانی ببورن***

***هەموو دەزگایەکی چاپەمەنی لەچاپکردنی ئەم پەرتووکە ئازادە بە مەرجی پاراستنی ناوەڕۆك و دیسانزی بەرگەکەی .***

# پێکهاتەی بابەت:

مەبەستی نوسین .

سەرەتای ئیسلامی سیاسی

یەکەم: ئیسلامی سیاسی و پێگەی لەپرۆژەکانی ئیمپریالیزمدا .

دووهەم : قۆناغی دووهەمی ئیسلامی سیاسی

سێهەم : قۆناغی سێهەمی ئیسلامی سیاسی ( بەهاری ڕەسەن )

- کودەتاکەی جمال عبد الناصر *1952*
- محمد مصدق *1951*. خومینی *1979*
- عبدالکریم قاسم *1958*

چوارەم : ئەفغانستان و تیرۆری رۆحی ئیسلام

چیرۆکی بن لادن و شکستی ئیسلام

پێنجەم: قۆناغی پێنجەمی ئیسلامی سیاسی و بەهاری عەرەبی نارِسەن

پایزی کوردی و قۆناغی درامای میژووی سیاسی کوردی

# مەبەستی نووسین

هیچ هەنگاوی بێ مەبەست نیە.

هیچ پرۆژەیەك بێ بێرکردنەوە نیە .

هەنگاوی یەکەمی پێاسەیەك بەرە و دارستانێك بە مەبەستی پشویەکی دەرونی و سروشتیە.

لەکاری نووسینیشدا هیچ ووشەیەك بێ مەبەست ناچێتە دووتوێ ڕستەیەکەوە .

هەموو ڕستەیەکیش لەنووسینی دەقێکدا ڕۆڵ وئەرکی تایبەتی خۆی هەیە. هەموو دەقێکش ئامانجێکی هەیە.

ئامانجی نووسینی دەقێکی سیاسی ڕاڤەکردنە لەسەر پرسە سیاسی و پرسیارە بێ وەڵامەکان , نووسینی دەقێکی ڕۆمانسی ڕاڤەکردنە لەسەر ئیستاتیکا و جوانی رۆح و لایەنە نهێنیەکانی ویستی ڕۆمانسیتی مرۆڤ .

بەم شێوەیە هەموو نووسەرێ ئامانج و ئەرکێکی لە نوسینەکەیدا هەیە .

ووشەکانی نێو دەقەکانی قورئان و پەرتووکە پیرۆزکانیشدا لەئاستی مەبەستێکدا نووسراون . چۆن جیاوازی لە نێوان دەقەکاندا هەیە ئاواش جیاوازی لەنێوان مەبەستەکاندا هەیە.

هێزی قورئان لەوەدایە بۆ کۆمەڵی مەبەست نوسراوە کە دەبوایە لەسەردەمی قورئاندا ئەو مەبەستانە بخرێتە ژێر ڕۆشنای پرسیاری ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەوە.

ئەوساتە کۆمەڵە پرسیارێکی بێ وەڵام یان وەڵامی نا لۆژیك بۆ وەڵامی پرسیارەکان هەبووە و تینویتی ڕاستیەکانی نەشکاندوە .

چارسەری گرفتەکانی کۆمەڵگای نەکردوە .

بۆیە محمد بۆ وەڵامی پرسیارەکان وچارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵ قورئانی نووسیوە . وەکی کارل مارکس دەبێژی محمد شۆرشێکی لە نێو کۆمەڵگایەکی گەوجدا کرد.

بەپێ هوشیاری و سیستەمی بیرکردنەوە کولتوری ئەوساتەی دۆرگەی عەرەبی . ئیسلام سیستەمێکی زۆر باشتر مۆدیرنتر و مرۆیتر بوو لەسیستەمی پێشخۆی لە دۆرگەی عەرەبی نەك لە نیشتمانێکی تر.

هەرچەندە ئیسلام 500 ساڵ لە مسیحی گەنجترە لێ لە ڕوی دیموکراتی کۆمەڵایەتیەوە مسیحی مۆدیرنترە . ئەمەش خەوش نیە چونکە هەر هزرێك کە دروستدەبێت پابەندە بە کۆلتور و سنوری هوشیاری ئەو کۆمەڵگایەوە.

پێش ئیسلام جولەکە و مسیحی بوونی هەبووە . پێش ئەم دوو دینەش دینی زەردەشتی دینیکی بەر بڵاوی ناوچەکە بووە خاوەنی پەرتووکی پیروزی خۆی ( ئافیستا) وئیستراتیجیتی خۆی بووە .

هەردوو دینی پێش زەردەشت کەڵکێان لە ئاویستا وەرگرتووە. ئەگەر ئەوروپیەکان شانازی بە شۆرشی ڕونرەوی(معریفی) ئەڵمانیەکان بە

فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی و شورشی پیشەسازی و فرنسیەوە بکەن و بیکەن بە بنەمایەك بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی مۆیدرن و دیموکراسی؟ئەوە لەسەر ڕووناکی دەقەکانی ئاویستادا هەردوودین(جولەکەومسیحی)جورە دیموکراسیەکان لە کۆمەڵگادا پێادەکردوە کە بنەماکەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و هزری کۆمەڵگای زەردەشتی بووە.

هەموو دەقێك لە ئاست هوشیاری کۆمەڵدا دەنوسرێت. ئەو جیاوازییەی لەنێوان قورئان دینەکانی پێش قورئاندا هەیە . ئەوە جیاوازی هوشیاری و بیرکردنەوەی دوو کۆمەڵگای جودایە دوو کولتوری جوادیە.

کولتور چییە و چۆن دروستدەبێت ؟

کولتور ئەوسیستەمە هزریە کە سیسەتمێك لە شێوەی یاسای ترادسیوندا بۆ کومەڵ داریشتوە. لە گشت کۆمەڵگاندا کولتور تاڕادەیەکی زۆر کەڵی بۆ ریکخستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بینیوە. ئەمە لایەنە جوانەکەی کولتورە لایەن ناشیرینکەی کولتور پیرۆزکردنیەتی لە نێوان نەوە جوداکاندا. ئەمەش خاڵێکی هەرە لاوازی کۆمەڵگای ئیسلامیە و فاکتی چەقیوبوونی هوشیاری کۆمەڵگایە.ئەم چەق بوون وپیرۆزیەش دەبێتە ئەوەی کولتور کەمترین سەرنجی ڕەخنەی پەسەند بکات.

حی ئاماژەیە کە کەسایەتیەکی مەزنی ئۆپۆزسوینی ئیسلام(حەلاج و ابومسلم خوراسانی)کەهەردووکیان کوردبوون لەکۆمەڵگای میزوپۆتانیادا بووە واتە ناوچەی کوردستان. ڕۆڵیان لە گۆڕینی سیستەمی چەقیودا

بینیوه.بۆیه دەسەلاتدارانی پریمیتیفی ئەوسەردەمە بە دوژمن ناوزەندیانکردوە کوشتنیاینیان رەواکردوە.

بەلگەش ئەو سوکایەتییەی (ابوجعفر المنصور)بەکوردی دەکات دەلێ :

أبا مجرم أغیر بعبد نعمه حتی یغیرها العبد ا فی دوله المنصور حاولت غدره ,الا ان اهل الغدر أباوك الكورد ).

خۆدی محمدیش لەقورئاندا زۆر بەراشكاوانە لە ناهوشیاری و گەوجایەتی كۆمەلگای پێش ئیسلام دواوە.

هوشیاری محمد لە نوسینی قورئاندا لەوەدایە زۆر کەلکی لە دین . فەلسەف و نووسینەکانی پێش نووسینی قۆرئان و رۆشنبیرانی سەردەمی خۆی وەرگرتووە ئەمە لایەنێکی گەش و جوانی دەقە قورئانییەکانە.

چۆن لە ئیسلامدا بە رستەیەك درۆیەکی دینی مسیحی وەلامداوەتەوە کە عیسی کوری خوا نیە کوری نێرو مێیەکە چۆنکە خوا مرۆڤ لە بەیەك گەیشتنی تۆوی نێر و می دروستدەکات.

لە ئیسلامیشدا دەبێ ئەو درۆیە ئاشکرابکرێ کە نووسینی قورئان بە و زمانە پاراوە عەربیە جوان ریزمانە بەهێزە کەسێك نووسیبیتی کە نەخویندەوار بووبێ.

بەلکو هوشیاری محمد وەك کەسایەتیەکی دیار و خۆشەویستی دورگەی عەربی کۆمەلە رۆشنبیریکی ئەو سەردەمە کۆمەکیان لە نوسینەوەی قورئاندا کردوە . ئەم کارەی محمد نەك شەرمەزاریە بەلکو زۆر هوشیاریە چونکە مەبەستی محمد هوشیارکردنەوەی کۆمەلگا بووە .

***له زانکۆ و ریاکخراوه زانستیەکاندا بەراوردوو و پەیوەندی و کارتیکەری هزرەکان ( فەلسەفەی دینەکان) دەخویندرێ و نامەی ئەکادیمایی لەسەر وەردەگیرێ.***

***له کۆرێکی زانکۆی گۆتینگینی ئەڵمانیدا لەبارەی دینه کۆنەکانی رۆژهەڵاتەوه . کۆمەڵه مامۆستا و پرۆفسۆری ئەوبواره کارتیکەری دینەکانی مۆزبۆتانیان لەسەر یەکتری و لیکچوونی دەقەکانیشیان ئاشکراکرد و خرایەی شرۆڤەپێکردنێکی زانستیانەوه .***

***ئەمەش هوشیاریه چونکه(رابووردوو . ئیمرۆ . ئاینده) لەیەك دانابڕین ئەوەتا محمده به ڕێزەوه ناوی پیغمبەرەکانی پێشخوی دەهینێ .***

***بەئاشکرا رەنگەکانی فەلسەفه و هزری زەردەشتی بەگشت دینەکانی دوای زەردەشتیەوه دیاره چونکه زەردەشتی له هەموو دینەکانی تر(جوللەکه . مسیحی .ئیسلام) بەتەمتر و دیموکراتی تر و فراوانتر بووه له کاتی خۆیدا .***

***1: ئیسلام وەك دین***

***ئیسلامی سیاسی وەك رێکخراوێکی سیاسی***

***2: نوسین وەك ئامرازێك بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیەکان .***

***لەم دوو ڕۆانگایەوه پەنام بردۆته بەر کۆمەڵی راستی هەوڵیشمداوه و ویستیشم بووه ئیسلام وەك دینێکی پیرۆز لای موسوڵمانەکان بخەمه پێگەیەکی مەزنەوه لکاوی نەکرێت و رێز بۆ ئەو ملیاردو نێوه مرۆڤه دابنرێ که بڕوایان به ئیسلام وەك دین هەیه.***

راستی نووسین و ووتن لەسەر ئیسلام لە لایەن کەسێکی نائیسلامەوە باشتر وجوانتر وپیرۆزترە لەو درۆیانەی موسوڵمانە درۆزنەکان لەبەرخاتری بەرژەوەندی خۆیان دەیخەنە پاڵ دینی ئیسلامەوە.

سەرکردەیەکی ئیسلامی سیاسی کورد دەڵێ :

خوا هاتە خوارەوە منی برد بۆ لای خۆی .

یانی ئەو موسوڵمانە کوردە خۆی لە خوا بە گەورەتر داناو . بۆیە خوا هاتۆتە خوارەوە ئەوی لەتەك خویدا بردوە خوایەك ئەو هەموو توانا ودەسەڵاتەی هەبێ بۆ دەبێ لەئاست کەسێکدا نزمم ببێتەوە؟

لەلای ئیسلامەکان محمد چووە بۆ لای خوا .

لای ئیسلامی کورد خوا دیتە خواروە بۆ لای ریشدرێژێك !

یان دەڵی لە خەومدا گۆڕەکەی محمدم هەڵدایەوە روویم بینی وەك نوستبێت وایە . ئەم درۆیانە ئەگەر لەسەر دەمی خەلافەتدا بکرایە ئەوە وەك حەلاج دەیانسوتان . محمد پێش مردنی بە هەوادارانی ووتوە منیش وەك ئێوە مرۆڤم. یانی محمد کەسێك لۆژیکی بووە .

لە ئاست پەیوەندی مرۆڤ و سروشت ( محمد . نیچە . مارکس )یەك بۆچونیان هەیە . ئەوە نیە لەکاتی بەخاکسپاردندا . دەوترێ:

ئەی کەسی مردوو تۆ لە خاکەوە هاتویت و دەگەڕیتەوە بۆ خاك ( ئەمە جوانترین راستیە لە ئیسلامدا) .

مردوو زیندوو نابێتەوە...چونکە مردن و ژیان بەدەست خوایە . ئاواش درۆیە کەسێك بمرێ دوای هەزار ساڵ لاشەکەی نەرزێ .

لەقورئاندا محمد پیروزی نیشتمان دەکا بە پێوەری ئیمان و خوا پەرستی (حب الوطن من الایمان) . کەجی مەلایەك نیشتمانی کوردان دەکات بە قوربانی پێڵاوەکانی عومەر .

ئەوی گەرەکیبێ خۆی هەڵنەخەڵتینی و خزمەت بە ڕاستی ودینی ئیسلام بکات دەزانی جیاوازی نێوان ئیسلام وەك دین و ئیسلامی سیاسی وەك ڕێکخراوێکی هزری سیاسی زۆرە .

(ماکیاڤیللی) دەڵێ :

سیاسەت سیمایەکی بێ ڕەوشتی هەیە . لەبەر ئەوەی سترۆکتوری سیاسەت سترۆکتۆرێکی پێرۆزکراوی نیە .

بەم پێیە ڕاڤەکردن ورەخنەگرتن و نووسینی سەرنج لەسەر ( ئیسلامی سیاسی)نەکفرە نەتاوانە نە سوکایەتی بە دینی ئیسلامە بەڵکو پیویستە.

لە بۆاری ئیسلامدا پسپۆر نیم لێ ئیسلام وەك دین بەو ڕۆڵ و سنورە فراوان و قەبەیەوە لەژیانی ئەو هەموو مرۆڤدا هەیەتی لەو کەسانەوە دور نیە کە ئەرکیان نووسین و وێڵی ڕاستیەکانن .

منیش وەك وێڵی کۆمەڵە ڕاستیەك ئەم بەرهەمەم نووسیوە .

وەرگێڕانی قورئان بەزمانە جۆربەجۆرەکان بەمەبەستی تێگەیشتنی ڕاستی ئیسلامە لە لایەن مرۆڤە نا مۆسۆڵمانەکان و تێگەیشتنی زانستیانەی ڕێکخراوە زانستیەکانی جیهانە لە قورئان .

شازادەی بەریتانی تشارلز هەوڵی فیربوونی زمانی عەرەبی دەدا تەنیا لەبەر ئەوەی قورئان بەو زمانە بیخوێنێتەوە کەپێنوسراوە چونکە هیچ

دەقێکی وەرگێڕدراو  هێزی دەقە ڕەسەنەکە لە ڕۆح ناگرێ بەتایبەتیش زمانی قورئان .

مەرج نیە ئەوەی قورئانی خوێندەوە مۆسوڵمان بێ

مەرج نیەوە ئەوەی رەخنەی لەسیاسەتی کەپیتالست گرت و داکۆکی لە مافە چینایەتیەکانی کریکاران بکات. کۆمۆنیست , مارکسی بێ.

مەرج نیە ئەوەی وێڵی سەروەری نیشتمان و دەوڵەتی نەتەوەیی بێ کەسێکی فاشی بێ .

مەرج نیە ئەوەی بڕوای بە یەکسانی پیاو و ئافرەت هەبێ کەسێکی بەرڵاو بێ پرێنسیبی جوانی نێوان دوو رەگەزی سروشتی نێر و می بێ .

مەرج نیە ئەوەی ریشی درێژ و قورئان خوێن و نوێژ ورەمەزان بگرێ موسوڵمانێکی ڕەسەن بێ.

ئەوەی ڕەخنە لەئیسلامی سیاسی دەگرێ دژی ئیسلام نیە.

ئیسلامی سیاسی مادام سیاسەتدەکەن دەبێ ئەوە بزانن هیچ رێچکەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەك لەسەرو ڕەخنەوە نیە. بێ هەڵە نییە .

لەبەر ئەوەی جیهانی فەلسەفەی ئیسلام زۆر فراوانە . ئەوی گەرەکی بێ ئەو جیهانە کلۆمبکات ئەوە کۆمەڵگای ئیسلامی بۆگەن دەکات.

بۆ ئازادی نووسین نووسەر سنوری نیە چونکە نووسین زانستە زانستییش کۆمەڵە راستیەکە  قەت نایگاتی . کەواتە راڤەکردن لەسەر ئیسلام پیویستە بەهەردوو چمکەکەی چمکی دینی چمکی سیاسی .

گەربگەرێنەوە بۆ سەرهەڵدانی دینی ئیسلام و رۆڵی مەزنی محمد ئەومان بۆ دەردەکەوی محمد خەباتی کرد تا مرۆڤەکان بگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە بتپەرستی راست نیە .

زیندە بەچاڵکردنی منداڵی کچ راست نیە.

ئەوی نکۆڵی لەم هەڵویستە مەزنەی محمد بکات نە ئیسلامە نە مارکسی ونە زانیستیخوازە چونکە راستیە .

ئەوەی نکۆلی لە یاسای باج (زەکات) ی بکات . کەسێکی هوشیار نیە. یاسای(زەکاتی) محمد بۆ کۆمەڵگا سەرەتای دۆرگەی عەرەبی داینا ئیستا لە تەواوی جیهانی سەرمایەداریدا پەیرەوی دەکرێ.

ئەوی هێڵێکی راست وچەپ بە دینی ئیسلامدا بهێنی . هیچ جۆرە هوشیاریەکی نیە. ئەوی رەخنە لەئیسلام حەرام دەکات نەك ئیسلام نیە بەڵکو وەك مرۆڤ هوشیار نیە , ئەوەی ئەو ڕاستیە نەزانی کە گەورەترین دوژمنی ئیسلام خودی سەرکردە ئیسلامیەکانی دوای محمد بوون .ئەو کەسە فرِی بە میژوو و دینی ئیسلامەوە نیە .

جەنگی حوشتر(حرب الجمل)لەنیۆان نزیکترین کەسی محمد دا بوو. ئەویش علی کوری ئەبو تالیب (زاواو ئامۆزا)و باجی ئایشی بێوەژنی محمد(ژنی محمد) رویدا . بۆیە ناویان ناوە شەری حوشتر چونکە باجی ئایشی بەسەر حوشترەوە بە دیل گیرا .

دووهاورِی محمد(زوبیر , تەلحە) تێدا کوژرا . ئایا علی کوری ئەبو تالیب و باجی ئایشی کۆامیان کافر و کۆامیان موسوڵمان بوون ؟ ⋆1.

ئەوی ئەمە نەزانی پیوست ناکات خۆی وەك ئیسلام پێناسە بکات. ئەوی نکۆلی لە ئەو ڕاستیە بکات کە لە دوای محمدەوە ئیسلام بووە بە ئامرازێك بۆ بەرژەوەندی کەسانێك و پیرۆزی دینی ئیسلامیان لکاویکردوە . تائیستاش ئەم پرۆسێسەش لە لایەن سەرانی ئیسلامەوە بەردەوامە کەسێکی هوشیار نیە.

محمد ئیسلامی دروستکرد بۆئەوەی(عەرەب لەجهالەت) رزگاربکات (جهالەت) یانی تینەگەیشتنە لە سەردەم و راستی .

ئەو شۆرشە مەزنەی محمد کردی بۆ نەهیشتنی (جهالەت) .

ئیستا ئیسلامی سیاسی پیچەوانەوە .کۆمەڵگای ئیسلامی دەگەڕینەوە بۆ سەردەمی (جهالەت)کە ئەمە ویستی سەرمایەدارانی جیهانە .

کرۆکی ئەم پەرتووکەیە محمد دەنوسی بۆیە قۆرئانم بە عەرەبی نوسیوە تای ئێوە ناهوشیار(عاقل) بن .

1500 ساڵ لەمەوبەر محمد لە خەمی هوشیاری عەرەبدا بووە . ئیستا جهالەت لە دوو قوناغدا لەمیژووی عەرەبدا نوسراوەتەوە .

1: جهالەتی پیش دینی ئیسلام

2: جهالەتی دوا ی مردنی محمد

قوناغەکانی میژووی ئیسلام .

1: کۆمەڵگای عەرەبی پیش ئیسلام .

2: کۆمەڵگای عەرەبی لەسەردەمی محمدا.

3: کۆمەڵگای عەرەبی دوای مردنی محمد .

4: کۆمەڵگای عەرەبی لە سەردەمی ئیسلامی سیاسیدا

بەم پێیە ( قۆناغی پێش دینی ئیسلام و قوناغی دوای مردنی محمد) قوناغی جهالەتی عەرەبی بووە .

کۆمەڵگای عەرەبی سەردەمی ئیسلامی سیاسی قوناغی داتەپینی دینی ئیسلامە .

( دیفید لونج ) پسپۆر لە بۆاری ئیسلام و سعودیە دەڵی :

پێویستە زەمەن بگەڕێنینەوە بۆ سەر دەمی خەلافەت یانی ( جهالەت).

ئەم پسپۆڕە نائیسلامە زۆر شارەزای میژووی ئیسلامە دەزانی جیاوازی لە نیوان قوناغەکانی ئیسلامدا هەیە بۆیە زۆر بە هوشیاریەوە دەنوسی (ئیسلام بگەرینەوە بۆ سەردەمی خەلافەت. نەك سەردەمی محمد ) چونکە لە ڕوی پیکهاتەی ریکخراوی هزری و کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە سەردەمی پیغمبەر زۆر پیشکەوتوتر بووە لە سەردەمی خەلافەت .

دەتوانین شکستهێنانی ئیسلام وەك دین بە چەند قوناغێکدا دابەشبکەین .

1: قوناغی دوای مردنی محمد خەلافەت

2: قوناغی قاشبوونی ئیسلام بە سونەو وشیعەوە

3: قۆناغی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی (ئەمەوی . عەباسی , سەفەوی . عوسمانی)

4: قۆناغی دروستبوونی ریکخراوی سیاسی ئیسلامی ( 1885 جمال الدین ئەفغانی ).

5: قوناغی دوای نەمانی جەنگی سارد و سەرهەڵدانی ریکخراوە سیاسیە رادیکاڵەکان . ( قوناغی نوسینی ئەم پەرتووکە).

کەواتە هەر لەم ڕۆانگایەوە گەڕان لە دوای راستی حەرام نیە ئەگەر ئەو راستیە چەوتیەکیش بێ لە دینی ئیسلام دا پیویستە ئاشکرابکرێ.

لەپێشەکی ڕۆمانی چۆن گەیشتمە لای خوا دا ئەمم نوسیوە :

ئەگەر بونیاد ودەرکەوتنی ئایینەکان لەسەر بونیادی ڕاستی بووبیتن و لەپێناوی بەختیاری وسەرفرازی مرۆڤ ودادپەروەری کۆمەڵایەتیدا هاتبیتنە بوون. کەواتە لە ئاینەکان پیرۆزتر(ڕاستی ووتنە).

بەم پێیە هەر ئایینێ دژی ڕاستی ووتن بێ ئەوە دژایەتی کرۆکی خۆی دەکات(ئەگەر ڕاستی بونیادی بێ).

لەبەر ئەوەی لە کرۆك و بونیادی ڕاستیدا بزوتنەوەیەکی بێ ئۆقرە هەیە کە هەمیشە بە دوای ڕاستر وڕاستردا دەگەڕێ.

بۆیە لۆژیکی ڕاستی چاو لە هەڵەی هیچ ئایین و فەلسەفە و کەسێك ناپۆشێ.

بە هیوای ئەوەی ئەم ڕۆمانە پرسیارە سڕبووەکانی مێشکی مرۆڤی هەژاندبێ . 2+

پێویستە ڕۆشنبیرانی جیهانی ئیسلامی و بەتایبەتی زانایانی ئیسلام ئەوپرسیارە بوورەژێنن . بۆ تا محمد مابوو ئیسلامی سیاسی بوونی نەبوو؟ کەواتە ئیسلامی سیاسی بە بۆچونی محمد حەرام بووە.

محمد مرسی : سەرۆکی میصری نۆی دوای هەڵبژاردنی لەیەکەم ووتەدا :

عەرەبی خستە پێش ئیسلامەوە

ئیسلامی خستە پێش مسیحیە.

بۆ ئەو پرسیارە نەکەین بۆ دوای تلیسانەوەی سۆڤێت . پوچەڵبوونەوەی فەلسەفەکەی لینین . ئیسلامی سیاسی سەری هەڵدا و بوو بە ئامرازێك بۆ کوشتن و داگیرکردن ومالویرانی ملوینەها مرۆڤ لەجیهانی ئیسلامیدا؟ ئەم پەرتووکە ئەم بابەتە گرژە دەوروژینی . بە بۆچوونی من خزمەت لەوەدایە ڕاستیەکان وەکی خۆی بنوسرێت باشترە و لە خزمەتی ئیسلامدایە وەکی لەوەی لەبەر چەند کەسانێکی بەناو ئیسلام بشیونرێ.ئەمەش دەکەوێتە سەر خۆیندنەوەی ئەم پەرتووکە بە ڕۆحێکی سەردەمەوە .

# سەرەتای ئیسلامی سیاسی

## یەکەم :

## ئیسلامی سیاسی ..

## و پێگەی لەپرۆژەکانی ئیمپریالیزمدا

## أسلام سياسى ليس وسيله للسلام

## بل سببا للمشاكل

***ئيسلامى سياسى هۆيەك نيە بۆئاشتى.***

***فاكتيە بۆ گرفتەكانە.***

***( ناونيشانى كۆرێك بۆمامۆستايان وقوتابيانى بەشى زمانى عەرەبى لە زانكوى سان پيترسبورگ).***

**تا محمد بوونى هەبوو . ئيسلامى سياسى بوونى نەبوو.**

**بەدرێژاى تەمەنى پيغمبەرايەتى . محمد بيرى لەدەوڵەتى ئيسلامى نەكردبووە. ئەوەى ئيسلامى سياسى دروستكرد خاوەن بەرژەوەنديەكانى دواى مردنى محمد بوون.**

**واتە ئيسلام وەك دين بوو بە پردى بەرژەوەندى تايبەتى چەند كەسانيك .**

**بەپێ سيستەمى خێڵەكى وكۆمەڵايەتى ئەو سەردەمە ئەگەر سەرۆك هۆزێك يان سەرۆكى خێزانێكى سنور فراوان بمردايە ئەوە دەبێ كەسێك لە خێڵ يان خێزانەكەى جێبگرێتەوە . محمد مرۆڤێكى زيرەك ولۆژيك**

بین بوو. چۆن بڕوای به لەدایك بوون هەبوو ئاواش بڕوای به مردن هەبوو.بەسیستەمی کۆمەڵگای ئەوساتەی دۆرگەی عەرەبی ئاشنابوو بۆیه پێش مردنەکەی چوار خلیفەی دوای خۆی هەڵبژاردبوو .

بەرژەوەندی تاك و سەرۆك خێڵ ئەو پەیامەی محمدیان بەرێزەوە وەرنەگرت لەئاست بەرژەوەندی و دەسەڵاتدا کەوتنه وێزەی یەکتری.

پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی دوای مردنی محمد له رۆحی ئێرانیەکاندا هەستێکی نەتەوایەتی مەزن هەبوو به چاوێکی زرنگەوە دەیانڕوانیه گۆڕان له ئیسلامدا . دروستبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی له له ڕوی بلانسی سیاسیەوە بۆ ئێران سەرئێشه بوو. هەروەها بۆ نەوەکانی محمد وهەندی سەرۆك خێڵی عەرەبی پەسەند نەبوو .

بۆچی بۆ ئێران پەسەند نەبوو؟ چونکه ئێران له ڕووی بەرژەوەندی ناسوینالیستی و نەتەوەی فارسەوە دەیڕوانیه دەوڵەتی ئیسلامی و دینی ئیسلام . ئێرانیەکان ئیسلامیان وەك دین پەسەند بوو لێ وەك دەوڵەت و دەسەڵاتێکی سیاسی تۆکمه له قەوارەی دەوڵەتدا ئیسلامی پەسەند نەبوو چونکه دەیزانی بەپێ قورسایی و پیرۆزی دینی ئیسلام دەبێت دەسەڵاتی سیاسی ئێرانیەکان لەژێر بڕیاری سیاسی دەوڵەتی ئیسلامی عەرەبیدا بێت . بەم هویەشەوە کەسایەتی نەتەوەی فارس بچوك دەبێتەوە وەك نەتەوەیەکی ڕەسەن لەناوچەکدا ڕۆڵیان پابەند دەبێت به بەرژەوەندی ناسیونالیستی عەرەبیەوە چونکه دەوڵەتی ئیسلام عەرەبی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ناسیونالیستی عەرەبی بنیاتنرابوو نەك بەرژەوەندی دینی ئیسلام .

هوشیاری فارسەکان دەگەریتەوە بۆ میژووی دەسەلاتی سیاسی ئیرانیەکان زۆر کونترە لە دەولەتی ئیسلامی عەرەبی .

کە لەسەر دەسەلاتی سیاسی ناکۆکی کەوتە نێوان سەرانی عەرەب . ئیرانییەکان لە چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو ناکۆکیانەدا بوون.

بۆ ئەوان گرنگ نەبوو کۆام لەو لایەنانە سەرکەوتن بەدەستدەهێنی . ئێران هەمیشە لەبەرەی ئۆپۆزسوینی دەسەلاتی سیاسی عەرەبی ناسیونالیستی عەرەبیدا بوو.تاکتێکی ئێران وابوو هەرچی خێڵ و کەسایەتیەك دژی دەولەتی ئیسلام بوونایە . دۆستی ئیران بوون . چونکە ستڕۆکتوری دەولەتی ئیسلامی دوای محمد لەسەر ئاستی ستڕۆکتوری بەرژەوەندی ناسۆینالیستی عەرەبی داریژابوو نەك ئیسلام . ئەمەش بۆ ئیران بقەبوو .

بەدلنیایشەوە ئەگەر ئیمامی حسن دەولەتی ناسیونالیستی عەرەبی دروستبکردایە ومعاویە وەك ئۆپۆزسوینی بکوژرایە. ئەوە ئیران دەچوە پالْ معاویە. ئیستا شیعەکان بۆ حسن نەدەگریان بەلکو شینیان بۆ معاویە دەکرد.

دوای دروستبوونی دەولەتی ئیسلام . ئیسلام وەك دین هەندی پیرۆزی لە رۆحی موسولمانانی نا عەرەبدا کالکردەوە . ئەویش بەهۆی مامەلەی ناشیرینی سەرانی عەرەبی ئیسلام لەتەك ئیسلامی نەتەوەکانی تردا و جێاکردنەوەیان لە دەسەلات وکۆمەلدا یانی هەستێکی ڕەگەز پەرستی پەردەیەکی تەنکی نێوان ڕگەزە جوداکانی نێو ئیسلامی دوای محمد بوو.

دەسەڵاتی دواى محمد گوزارشتی لە سیاسەتدەکرد نەك دین.کە دینێکیش بوو بە ئایدولۆژیی پرۆژەیەکی سیاسی ئەوە پیرۆزی خۆی لەدەستدەدا.

مێژووی دەسەڵاتی سیاسی ئێران زۆر کونترە لە مێژووی دەسەڵاتی سیاسی عەرەب . بۆیە تێگشەیشتنی ئێرانیەکان لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی تێگەیشتنێکی سیاسیانە بوو نەك دینی و پیرۆزی .

لەم ڕوانگایەوە ئێران زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی دەکرد. مێژووش گەواهی ئەو ڕاستییە کە ئێرانیەکان بەڕاستی سیاسین.

پێش کوشتنی ئیمام حسن ( شیعە و سوننە) بوونی نەبوو .

680 ساڵ لەمەوبەر واتە ساڵی1333ئیمام حسن کچەزای محمد لەلایەن ئەمەویەکانەوە کوژرا. کوشتنەکەی لەسەر دەسەڵات ودەوڵەت بوون بوو نەك ئیسلام .

حسن دەوڵەتی ئەمەوی پەسەند نەدەکرد وخۆی بە میراتگری دەسەڵاتی ئیسلامی دادەنا بۆیە کوشتنی معاویەی حەلالکردبوو معاویەش هیچ نرخێکی نەدا بە حسن وەك کچەزای محمد وئیسلام.

لە قورئاندا هاتووە دەڵێ (وقاتلهم حتى لا تكن فتنا )لێرەدا ئەم پرسیارە زۆرپیویستە لەنێوان ئەم دوو باڵە تورە و دژە بەیەکە(هەردوو لا بەرەگەز عەرەب و بەدین موسوڵمان . کۆامیان ئیسلامی راستەقینەن کۆامیان کافر وفتنەن ؟).

کۆامیان پیرۆزی ئیسلامیان پاراستوە؟ هەردوکیانیش بە رۆحی ئەو برگەی ئیسلام یەکتریان بە فیتنە دادەنا و ڕەوایەتی کوشتنی یەکتریشیان حەلالکردبوو.

کوشتنەکەی حسن بوو بەهۆی قاشبوونی ئیسلام و دروستبوونی ئیسلامی سیاسی. لەو ساتەشەوە گرژی ئیسلامی سیاسی فراوانبوو ئێران وەك دەوڵەتێكی نا عەرەبی ئیسلام چووبەرەی ئۆپوزیسوینی دەوڵەتی سنە مەزهەب لە بەغداد. حسن و خێزانەکەی علی و حسین و فاتمە ئەوانی تری پیرۆزکردو بەنزینی کرد بە ئاگری نێوان شیعە وسوننەدا.

***قۆرباخ دەڵێ : ئایین مرۆڤ توشی  نامۆی دەکات . نامۆبوونی مرۆڤیش ونبوونی خودە لە ژیان.***

بەڵام ئێرانیەکان بە پێچەوانەوە . ئاینی ئیسلامیان کرد بە هێزی دۆزینەوەی خۆیان نەك ونبوونیان.

هەڵبژاردنی ئەو چمکە دژە لەلایەن ئێرانەوە بنەمایەکی دینی یان مەزهەبی نەبوو بەڵکو بنەمایەکی نەتەوەی ئێرانییەکانی هەبوو مەزهەبی شیعەیان کرد بەلەمپەریك یان بیانوییەك بۆ خۆ پارستن لە دەسەڵاتی سیاسی سونە مەزهەب.

ئەگەر مەزهەبی سوننەیان هەڵبژێردایە ئەوە دەسەڵاتی سیاسی فارسی لەژێر بریارەکانی دەوڵەتی سونەی عەرەبدا دەبوو . یانی دەوڵەتی فارسی دەبوو بە هەرێمێکی دەوڵەتی ئیسلامی سونەی عەرەبی .

دوای محمد چوار پاڵێوراو بۆ سەرکردایەتی ئیسلام هەبوو ( بکر . عمر . علی . عوسمان) ئەوی  شارەزای لە مێژووی ئیسلام هەبێ دەزانی یەکەم پاڵیوراو کێ بووە خودی محمد ئەم چوارکەسەی بە قوناغی جیاواز دەستنیشانکردوە بەڵام دوای کۆچی محمد . پاڵیوراوەکان لەلایەن خاوەن بەرژەوەندیەکانەوە دەستنیشانکرا ؟

علی لەپلەی چوارەمی خلیفەدایە ( سونەكان )

علی لەپلەی یەكەمی خلیفەدایە ( شیعەكان)

ئەمە لە رووی دەسەڵاتی ئیسلامەوە دوای محمد . لەڕوی مزهەبیشەوە چوار مەزهەب قوتبوونەوە زیاتر جەستەی ئیسلامیان قاشكرد .

( ابو حنیفە . احمد بن حنبل . مالك . محمد بن ئیدریس)

ئالێرەوە ئیسلام وەك دین بوو بەقوربانی بەرژەوەندی سیاسی و نەتەوەی . كاڵبوونەوەی پیرۆزی ئیسلام لە پەیامە رەسەنەكەی كە محمد بانگەشەی بۆ دەكرد.

كەئیمپراتۆریتی صفوی لەساڵی1501لەسەردەستی(شا ئیسماعیل صەفەوی)دروستبوو مەزهەبی شیعە بووبەمزهەبی ئیمپراتۆرەتەكەی .

ئەم هەڵبژاردنەش لەمپەرێك بوو بۆ پێناسەی جودای ناسونالیستی فارسی لە عەرەب و تورك . تورك خاوەنی رەسەنی ئیسلام نین بەڵكو ئیسلامیان كرد بە پرد بۆ گەیشتن بە ویستە ناسونالیستە درەكانیان.

بەڵام عەرەب چونكە هوشیاری سیاسیان لاواز بوو وە ئیستاش هەر لاوازە نەیانتوانیەوە ئیسلام ببێ بە فاكتی سەروەری و هێزی بەرنگاربوونەوەی دژەكانی ناسونالی عەرەبێ تەنیا ئیسلام لەرووی زمانیكی یەكگرتووی عەرەبی و یەكیتیەكی رۆحی شلەتین نەك گەرم خزمەتی بەعەرەب كردووە .

لەو ساتەوە دژایەتی دەسەڵاتی سیاسی شیعە وسیاسی سونە درێژەی كێشا دوای نەمانی خەلافەتی ئیسلامی سوونەی سیاسی عەرەبی و جێگرتنەوەی لە لایەن ناسونالیستە توركە سوونەكانەوە.

گرژی هەردوو ئیمپراتۆریتی سەفیەوی شیعە مەزهەب و عوسمانی سونە مەزهەب لە سەرفراوانی سنوری دەسەڵاتی (ناسونالیست)درێژترین و خویناویترین میژووی ئیسلامی سیاسی پێکهانی.
ناشیرنکردن وپچوککردنەوەی رۆحی پیرۆزی ئیسلام بوو.
دەبێ وا پێناسەی بۆ بکرێت ئیسلام کەوتە کەنارەوە و ئیسلامی سیاسی بووبەچەوسێنەری نەتەوە ئیسلامیەکان.
لەساڵی 1258 دەوڵەتی عوسمانی دروستبوو.
لەماوەیەکی کەمدا پەلێکێشاو بۆ گشت ناوچەکانی سنوری دەوڵەتەکەی و تا گەیشتە سنوری نەمسای ئیستا.
ئێرانیەکان لە هەردوو قۆناغی دروستبوونی دەوڵەتی سوننەی عەرەبی لە بەغداد و دەوڵەتی سوننە لەئەستەمبول . هەمیشە ئۆپۆزسوین بوون.
دەتوانرێ میژووی دروستبوونی دەوڵەتی ناسیونالیست بەشێوە مۆدیرنەکە بۆ ئەو ساتە بگەرێتەوە کە ئەم دوو دەسەڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا دروستبوون نەك ئەورووپای دوای شورشی پیشەسازی و ریفۆرمی دینی و شۆرشی فرنسا.
هەرچەندە ئیسلام وەك دین لە دۆرگەی عەرەبی و کولتوری عەرەبی و سەرکردەی عەرەبی وپەرتووکی پیرۆزیش قۆرئان بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە لێ ئەو خزمەتەی ئیسلام بە ناسیونالیستی فارس و تورك لە ڕووی فیگۆری سیاسیەوە کرد بە ناسیونالیستی عەرەبی نەکرد .
هۆکەشی نەبوونی ئیستراتیجیتی نەتەوەی عەرەبی بوو نەبوونی هوشیاری نەتەوەی. پێچەوانەی ئەوە هوشیاری تورك وفارسە ئیسلامیان

کرد به ئایدیۆلۆژیەکی رۆحی بۆ گەیشتن به ئیستراتیجی نەتەوەی(دەوڵەت) .

له نێوان بەرژەوەندیەکانی ناسیونالیستی فارسی و عوسمانی بەدریژای چۆارسەدە ناوچەکەیان له خۆین هەڵکێشابوو.

ئەو ناوچەییە پێدەوتری دایکی ژینگەی مرۆڤیایەتی نۆی دوای لافاوەکەی نوح (میسۆبۆتانیا)کوردستانیش دڵی ئەو ناوچەیە.

هوشیاری و کولتوری مرۆڤە تێکەڵاوەکانی ناوچەی(میسۆبۆتانیا) خاوەنی سێ دینی جیهانین(زەردەشتی , مسیحی . جولەکە) کولتور و ڕۆشنبیری ئەم ناوچەیەش رۆڵێکی گەورەی له فەلسەفەی ئیسلام و دروستبونی ئیسلام وەك قەبارەیەکی دینی هەبووە بەشێك لەو کۆلتوەرە کولتوری نەتەوەکانی ناوچەکە بووە بە کوردیشەوە. حزرەتی ئیبراهیم هوشیاریکی سەر بەنەتەوەکانی میسوبۆتانیا بووە رۆڵی گرنگی له دروستکردنی ئیسلامدا هەبووە له قورئانیشدا جەختکراوەتەوە کە ئیراهیم عەرەب نەبووە( لقد جائینا ابراهیم ).

بەغداد ساڵی 145 کۆچی له لایەن ئەبو جعفری منسورەوە دروستکرا بەغداد پێگەیەکی سیاسی و دینی له ناوچەکەدا هەبوو بۆیە کۆنترۆڵکردنی بەغدادا له لایەن هەردوو هێزی سونە وشیعەوە خالێکی گرنگی بالانسی هێزی هەردوو ئیمپراتۆریتی عوسمانی و سەفەوی(شیعەی سەفەوی , سونەی عوسمانی).

دوای 7حەوت ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئیمپراتۆریتی سەفەویدا.

لەسەر ئاستی هەمان بەرژەوەندی ناسیونالیستی فارسی وبەرۆحی ئاینزادەی شیعەوە ئێرانیەکان توانیان لە سالَی 1508 بەغداد بگرن بوو بەبەشێك لەدەولَەتی سەفەوی.

هەستی نەتەوایەتی بەهێزترە لە گشت مزهەبێك ( فردريك هرتز)

شەرلەنێوان(سەفەوی شیعەو عوسمانی سونە)لەسەر دەسەلاَتی ئیسلامی کە ئەوکاتە بەغداد سمبۆلَی دەسەلاَتی سیاسی بوو. شاری مکە ومدینە وەك پێگەیەکی پیرۆزی دینی تێدەڕوانرا نەك سیاسی .

لە ناوچەی(چالدیران)لەسالَی 1514 بەیەکدادانی ئەم دووهێزە دروستبوو ئەنجام رێکەوتنێك لە نێوانیادا مۆرکرا کوردستانیش یەکەم قوربانی ریکەوتنی سیاسی شیعە وسونە بوو.

سولَتانی سلیمانی قانوونی بەم ئەنجامە دلَخۆش نەبوو هەمیشەچاوێکی لەبەغداد بوو .

سونیە عوسمانیەکان سالَی1534بەغدادیان داگیرکردوو شیعەسیاسیەکانیان دەرپڕاندودەسەلاَتی مەزهەب و سیاسەتی و زمانی تورکیان لە کاروباری دەولَەتدا پێادە دەکرد .

هەرچەندە لە دوای گشت جەنگەکانەوە پەیماننامەی ئاشتیان مۆرکردوە لێ لەراستیدا ئەو ریککەوتنانە بۆ پشوو وخۆ ئامادەکردنی جەنگیکی نۆی بووە. دەولَەتی سەفەوی لەسەردەمی شا عەبباسدا زۆر بەهێز بوو لە نێوان سالاَنی 1602 تا1637چوارجارلەگەلَ عوسمانیەکاندا کەوتنە جەنگیکی خویناویە و تا لە سالَی 1623 ئیرانییە سەفەویەکان توانیان بۆجاری دووهەم بەغداد بگرنەوە بیخەنە ژیر دەسەلاَتیان.

له سەردەمی نادر شا شدا لەساڵی1731 تا 1743 سێ جەنگی خوێناوی لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی سونەو دەسەڵاتی سیاسی شیعە دروستبوو.

ئەوەی جێگەی پرسیارە نەکورد و نەعەرەب لەم جەنگانەدا وەك نەتەوە دەستکەوتی نەتەوەی یان نەبوو بەڵکو قوربانی و سوتەمەنی جەنگی دوو ناسیونالیستی فارس و تورك بوون .

ساڵی1747نادرشا کوژرا. کریم خانی زەند دەوڵەتی زەندی دروستکرد. نیازی بوو شاری بەسرا بگرێت. نەیتوانی تەمەنی دەوڵەتی زەند کورت بوو , ئاغا محمدخان کە سەرۆکی خێڵی قاچاری بوو کرا بە شای ئێران تا پەیدابوونی ئیمپریاتوریتی پەهلەویی دەسەڵاتی هەبوو.

لەسەردەمی قاچارییەکاندا(8)هەشت جەنگ لە 1805 تا 1821نێوان وسنەوشیعەدا دروستبوو.تاریکەوتنی(ئەرزوومی دووهەم)ی ساڵی 1847-05-31عوسمانیەکان چۆکیانداداو.

تەواوی ناوچە عەربیە شیعەکان کەوتنە ژێر ڕیکێفی ئێرانەوە ناوچەی سلیمانی و باشوری کوردستان سنوونیەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەوە.

کەئەوروپا گەشەیکرد هەستی ناسونالیست و پرسیاری دەوڵەتی نەتەوەی وپرسی دین و ڕۆڵی لە بوناندی دەوڵەتی نەتەوەیدا بوو بە پرسیاری سەردەم . گۆڕینی ئابوری و بازرگانی فودیال چووە قوناغی سەرتای پیشەسازی لە ناوەراستی ساڵانی 1800دا . بیری پەلکێشان بۆ دەرەوەی کیشوەری ئەوروپا بووبە بەرنامەی ئابوری بازرگانی و سەرتای پیشەسازی. هێزێکی مەزنی کۆلۆنیالیکردن .

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بنکەیەکی گرنگ و خاڵی وەرچەرخانی گۆڕانە سیاسیەکان بوو ئەرکی ئەم پەرتووکە ئا لەم خاڵەوە دەستپێدەکات.

ئەورووپیەکان بەوە هوشیاربوون داگیرکردنی هەر کیشوەریەك پێشکات داگیرکردنی هوشیاری و کولتوری ئەو کیشوەرەیە . بۆیە ناکۆکی نێوان مەزهەبەکانی ئیسلام کەنالیکی فراوان بوو بۆ گەیشتنی کۆلۆنیالیستەکان بە مەبەستیان ئیتر لەو ساتەوە . ئیسلامی سیاسی بۆ بە فاکتیکی گرنگ بۆ پێادەکردنی پرۆژەکانی ئیمپریالیزم لە نیشتمانی موسوڵمانەکاندا .

سکرتیری وەزیری(مستعمرات)بەریتانی بەیەکی لە زیرەکترین سیخورەکانی بەریتانی لە عیراق و تورکیا دەڵێ:

بەختیاری و خۆشگوزەرانی ئێمەی بەریتانی لە نانەوەی ئاژاوەیە لەنێو کۆمەڵگا کۆلۆنالیکانماندا .

وەزیری( مستعمرات)یش بە یەکی لەسیخورەکانی دەڵی :

ئەرکی تۆ گرژکردنی ئاژاوەیە لە نێوان شیعە وسنە نەك ئاشتی.

## دووهەم :

# قۆناغی دووهەمی ئیسلامی سیاسی

*الاتجارة بالاديان هي التجارة الرائجة في المجتمعات التـي ينتشر فيها الجهل .*

*ابن راشد*

***لەوكۆمەڵگایانەی گەوجایەتی تێدا بڵاوە.***

***بازرگانی بەدینەوە بازرگانیەکی بەبرشتە. ابن راشد***

***سەرتای دروستبوونی هزری مۆدیرن وگەشەکردنی کۆمەڵگای ئەوروپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت لە کەنیسە بوو.***

***واتە دین ودەسەڵاتی سیاسی دوو ئەرکی جوداو دوو پێگەی جودایان لەکۆمەڵدا هەیە.***

***تێگەیشتنی ئەوروپیەکان وابوو دین ناتوانی ئەرکەکانی رۆژانەی تاك و کۆمەڵ هەڵبگری.چونکە داخوازی کۆمەڵ داخوازییەکی هەمیشە بگۆڕە. بۆیە بۆ چارەسەری داخوازییەکان پیویستیان بە یاسا و سیستەمێك هەیە کە لەسەر ئاستی داخوازی کۆمەڵ گۆڕانی بەسەردابێ. سترۆکتۆری دین سترۆکتۆریکی رەها و سنوردار وپیروزی نەگۆڕە.***

لە ڕوویستروکتوری هزری و فەلسەفیشدا لەتەك مۆدیرندا دووپێکهاتەی جودان..

ئەرکی دین ڕاڤەکردنە لەسەربوونێك کەتەنیا لەپەرتووکە پیرۆزەکاندا بوونی هەیە نەك لەلۆژیکی ژیاندا.

ڕاڤەکردن لەسیاسەتدا ڕاڤەکردنەلەسەر بوونەکانی ڕۆژ. واتە گرفتەکانی مرۆڤ کار. نان . ئازادی . یەکسانی مێنەو ونێرینە. ئایندەی باشِ. ئاشتی. یەکسانی نەتەوی کۆمەڵگایەکی بێ چەوسانەوە.

ڕاڤەکردنە لەسەرکیشمەکێشەکانی نێوان دەسەڵاتی ئایدۆلۆژییە جوداکانی پێکهاتە جوداکانی کۆمەڵگا.

بۆیەچرکردنەوەی تواناکانی مرۆڤی ئەوروپی لەسەر ئەوە کۆکبوون دین دەبێت بخریتە کەنارەوە هزری ڕونرەوی (معرفی) ببێ بە ئەڵتەرناتیف.

دەسەڵاتی دیکتاتۆری دینی و مزهەبی زۆر زەحمەتە واز لەدەسەڵات بهێنن . چونکە بڕوای ئەوان بڕوای ڕەهایە.

دیکتاتۆری سیاسی رەها نیە بەگۆڕینی هزری سیاسی کۆمەڵگا دەگۆڕدرێ. دەشێ دیکتاتۆری سیاسی ببێتە فاکتێك بۆ دروستبوونی سیستەمی دیموکراسی و ئاوزانی دیموکراتی .

بەڵام هیچ کاتێك و لەهیچ شوێنیکدا دین بە هەموو شێوەکانیەوەنابێت بە بنەمایەك بۆ سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیموکراتی .

پارەتە مسیحیەکانی ئەوروپا فاکتیکی بەهیزی سیستەمی کەپیتالستە کە تێدا کەپیتال زاڵە نەك کەنیسە . کەپیتالیش پیویستی بە سیستەمێکی

ديموكراسى بۆ ليبراليتى بازڕە . بۆيە قەوارەى پارتە سياسيە مسيحيەكانى ئەوروپا ناوەڕۆك كەپيتالە نەك مەزهەبى .

ئيسلامى سياسى و مۆديرن لە هيچ بۆاريكدا ناتوانن پێكەوە هەڵبكەن .

( سيد قطب ) دەڵێ :

تەنيا بە هۆى جەنگ وتوندو تيژيەوە ئێمە دەتوانين بەرنگارى مۆديرن ببينەوە.

ديفيد لونج پسپۆر لە بۆارى ئيسلام و سعوديە دەڵى :

پێويستە زەمەن بگەڕێنينەوە بۆ سەر دەمى خەلافەت يانى ( جهالەت)

ئەم دوو تيڕوانينيەى( سيد قوتب و ديفيد لونج) خزمەتى يەكترى دەكەن و دژى ئايندەى كۆمەڵگا ئيسلامييەكانن .

ديكتاتۆريتى دينى ومەزهەبى هەندى جاردەبێتە ديكتاتۆرى(نەوەيى. وراسى .خێڵەكى)

ديكتاتۆرى سياسى نابێتە ديكتاتۆرى(نەوەيى.وەراسى)ئەگەربۆ ماوەيەكش بێ . لە ئايندەدا ديكاتورى سياسى دەرِمێ چونكە وەك دين و مەزهەب رەها نيە. رەهاى دين لە رۆحى پيرۆزيەوە هاتوە.بەلام ڕەهاى ديكتاتۆرى سياسى لەدەسەلاتى ئايدۆلۆژيەكەوە يان خيزانێكەوە هاتوە.

ديكتاتۆرى سياسى پابەندە بە بەرژەوەنديەكى تەسكى سياسيەوە . ديكتاتۆرى مەزهەبى و دينى پابەندە بە هوشيارى كۆمەڵ و روحى واتە نەخۆشى دەرونيەوە . كۆمەڵگايەك ژيانى لۆژيك بكات بە قوربانى ژيانى دواى مردن ئەو كۆمەڵگايە لە ڕوى دەروونيەوە تەندروستدار نيە.

دیکتاتۆری جوری زۆره لێرەدا ناچمه قۆلاییەوه. چونکه من ڕاڤه لەسەر ئیسلامی سیاسی دەکەم .

دوای سەقامگیربوونی سیاسەتی بێ کەنیسه دروستبونی چەند دەوڵەتێکی نەتەوەی گەشەکردنی ئابوری پیشەسازی و بازرگانی ئەوروپییەکان پیویستان به خاك وسامان وهێزی کار و بازاری دەرەوەی ئەوروپی هەبوو ئەم فاکته بوو به هوی دروستبوونی بیر و نەخشەی کۆلونالیکردنی نیشتمانی نەتەوەکانی تر.

ئەوروپییەکان به تایبەتی بەریتانیەکان چون به ڕۆڵی نێگەیتیفی دین له ئەوروپادا هوشیاربوون ئاواش بەوه هوشیاربوون له کۆمەڵگا دواکەوتوەکانی جیهانی سێهەم دین ڕۆڵێکی گرنك له هەڵسوراندنی هزر و تەپاندنی توانای مرۆڤەکاندا دەبینێ.

ئەوروپییەکان بۆ پرۆژه کۆلۆنیالیەکانیان کۆمەك و هەوڵێکی زۆریان دا سیاسەت لەدینەوه بلکینن و تا به هوی پیاوه ئاینیەکانی جیهانی ئیسلامیەوه جڵەوی هوشیاری و کونترۆڵی کۆمەڵکانی پێبکەن.

مزگەوتەکان جگه لەوه جێگەی خواپەریستی و خوێندەوه و توژینەوەی فەلسەفەی ئیسلام بوون جێگه پێگەیاندنی خویندەوار و رابەری سیاسی ئیسلامیش بوون. ئەو دەسەلاته سیاسیەی له مێژوودا هەبوو تەنیا بەهۆی شمشیر و تیروکەوانەوه نەبوو. بۆیه پانتای رونرەوی کۆمەڵگا سەرچاوەکەی له حوجره و بنکەئاپینیەکان پەرشدەبوو .

مرۆڤ رۆژانه له مزگەوت گۆی له خۆیندنەوەی دەقه پیرۆزەکان و ترس و هەرەشی قۆرئان بێت جگه لەوەی مێشکی بۆاری بیرکردنەوەیەکی تری

نابێ له رووی دەرونیشەوە توشی جۆرێك له نەخۆشی دەروونی دەبێتەوە ژیان هیچ مانایەکی نابێ چونکه دین مرۆڤەکان بۆ دوای مردن ئامادەدەکات نەك بۆ ژیانێکی بەختیار ..

ئەمە مرۆڤ توشی رەشبینی دەکات بۆ خەبات لەپێناوی ژیانێکی شایستەی مرۆیدا.

لەم خاڵەوە هێزی دەکرد بە بەری سەربازانی ئیسلامدا بەخۆشیەوە بچنە بەرەکانی جەنگ وبەناوی جەنگی پیرۆزەوە ئامادەی خۆ کوژی بن مرۆڤ بکوژن خۆیان بەتەقینەوە کۆتایهنان بەژیانێك که خوا یان سروشت داویتی بەمرۆڤ لەپێناوی کوشتنی نەیاریکدا .

ئەمەش تەنیا لەسەر فتوا یان وتەی کەسایەتیەکی ئیسلامیەوە.

واتە لەکاتی کێشەی سیاسی تەنیا دەنگی ڕابەرانی ئاینی دەبیسترا و کاریگەرتر بوو له دەنگەکانی تری کۆمەڵگا.

جگە لەمە لەروی سایکۆلۆجیتی کۆمەڵگاشەوە تاکی کۆمەڵگا توشی حولبونك بوون که نەیدەتوانی بەئاسانی خۆی له چیرۆکە نا لوژیکەکانی دین بپارێزی بەڵکو هەمیشه رۆژی قیامەت سیبەری ترسێك بووە بەسەر چرکەکانی ژیانیەوە. ئەو ترسەش بەوە کاڵدەبێتەوە که سەرپیچی یاساکانی ئیسلام نەکات. لەم بارو دۆخەدا هوشیاری ئیسلام بەناوی خوا و رۆژی قیامەتەوە تاکی کۆمەڵیان پەلکیشی ئەو سوپایە دەکرد که داکوکی له بەرژەوەنیان بکات.

ئەم دۆخە سایکولجیتە ترساوەی تاکی کۆمەڵگای ئیسلامی سامانێکی گرنگی کۆلۆنیالیستەکان بوو . ئەوان دەیانزانی تەنیا بە هێزی سوپا

*ناتوانن تاکی کۆمەڵگای ئیسلامی رامبکەن پیویستە سوپایەك لەئیسلام دژی ئیسلام دروستبکەن بۆیە پەنایان بردە بەر رابەرە ئاینە بەرچاوەکانی ئەوسەردەمە وئیستاش .*

*بۆ تێگەیشتن لە ئیسلامی سیاسی پیویستە بگەڕێنەوە بۆ دروستبوونی یەکەم ریکخراوی سیاسی و فیگورە چالاکەکانی جیهانی ئیسلامی .*

**هیشتا جەنگی جیهانی یەکەم دروستنەببوو.ئەوروپیەکان بەتایبەتی بەریتانیایەکان نەخشەی دابەشکردنی زەویەکانی ئیمپراتۆریتی عوسمانیان کێشابوو.**

**ترسی ئینگلیز لە رووسەکان زۆرتربوو وەك لەئەڵمانیەکان بۆیە بە پیوستیان زانی کەهێزێکی مرۆی لە وناوچانەی نزیك بە سنوری روسیای قەیسەرن وەك لەمپەر یان پشتێنێکی ئاسایش دروستبکەن.**

**هوشیاری دبلۆماسی و سیاسی ئینگلیزەکان بیریان لەدووی فاکت یان دووی هێز دەکردەوە تا بتوانن مرۆڤەکانی ئەو ناوچانە چلەوبکات.**

1: **ئیسلامی سیاسی**

2: **تۆڕێکی سیخوری**

**تاقە هێزێکی روحی وەك ئایدۆلۆژیەك بتوانی گشتیان بکات بە پشتینی پاراستنی بەرژەوندیان دژی رووسەکان ئیسلامە.**

**چونکە تەنیا ئیسلامە دیواری نێوان ڕەگەزە جوداکان یان نەتەوە جوداکان دەبرێت لەباوەشی هزری ئیسلامدا کۆیاندەکاتەوە .**

**بۆ ئەم مەبەستە تۆریکی فراوانیان لە سیخورە شارەزاکانی ئینگلیزی لە ئیسلام وکولتوری گەلانی ناوچەکە وزمانزان بەو وولاتانەدا بلاوکردەوە .**

وەك ( لورنسی  ئینگلیزی و ماكس فان ئۆپپینهایم ئەڵمانی )



ماكس فون ئۆپپینهایم 1860 -1946

كێ بڕوا دەكات ئەم  شێخە ئیسلامە لەدایك بووی شاری كۆلن ئەڵمانیا وسیخوری ئەڵمانیا بێت؟

ماكس فون ئۆپپینهایم لە خێزانێكی دەوڵەمەندی ئەڵمانیە.

دوای خویندنی زانكۆ و خۆیندنی باڵا گەرەكی بووە لە تۆڕی دبلۆماسی كاربكات بۆی مسۆگەر نەبووە باوكی كەخاوەن بانكی تایبەتی بوو دەێنریت بۆمیسر تا فێری زمانی عەرەبی و كولتوری عەرەبی ببێ بەماوەیەكی كەم دەتوانی كۆمەڵگایەكی تایبەت و پێوەندیەكی پتەوە لەنێوئیسلام وعەرەبەكاندا دروستبكات.

دامەزرینەری یەکەم تۆڕی(سیخوری ئەڵمانی تایبەت بەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وجیهانی ئیسلامی)دادەمەزرینێ ئیسلامی نازیە واتە کۆمەڵی لە عەرەبی کرد بە نازی وسەربازی هیتلەر.خاوەنی بیری دروستکردنی یەکەم مزگەوت لەئەڵمانیا.




تەپلەی ئیسلامی نازی

لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی یاخود پاشا و مەلیکەکان تەنیا بیریان لەبەرژەوەندی خۆیانکردبووە بەئاسانی پەیوەندیان بە بازرگانە بیگانەکانەوە کردبووە.

(نصرالدین شاە) لە 1890-03-08شای ئیران لە تەك بازرگانێکی ئینگلیزی بەناوی( ج.هـ.ف.تالیوت) ڕێکەوتنێکی بازرگانی لەبۆاری توتن وپیشەسازی و بازرگانی جگەرە بەنرخی (15000) جنی ئەسترلینی لەساڵێکدا بەست. ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ مۆنۆپلۆیکردنی سامانی

ئیرانی . ئەم ڕێکەوتنە بووبەهۆی تورەبوونی پیاوانی ئاینی شیعە(حاج میرزا شیرازی)کە سەرکردەیەکی دیاری ئێران بوو  فتوایەکی دا تێدا داوای لە ئێرانیەکان کرد مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی جگەرەی بێگانە نەکەن .

ئەم فتوایە لێدانێکی مەزن بوو لەبەرژەوەندی و بازاری سەرمایەداری بەریتانی. وسەرەتایەك بۆ ئیسلامی سیاسی .

هەڵویستی شیعەکان وەك سەرتایەك بۆ گەشەکردنی هەستی  نەتەوایەتی و نیشتمانی ئێرانیەکانی نیشاندا..

جمال الدین ئەفغانی یش لەرێگەی یەکی لە هەوادارەکانیەوە (نصرالدین شاە) ی لە 01-مایو-1896 تیرۆرکرد.

بە پێی گفتوگۆیەکی نێوانمان بەریز دکتور جمال نەبەز ومن .

دکتور جمال ئەو ڕاستیەی بۆ ئاشکراکردم کە جمالدین ئەفغانی کوردی رۆژهەلاتەوە. ناوی مامۆستا جمالیش بەخۆشی ئەوە ناونراوە کە باوکی دکتور جمال کەسێکی هوشیار و رۆشنبیر سەردەمی خۆی بووە .

جمالدین ئەفغانی ڕایکرد بۆ ئەفغانستان بوو بە ڕاویژکاری(عەزیمخان) لەئەفغانستان.

واتە یەکەم چالاکی ئیسلامی سیاسی بە( تیرۆر) دەستی پێکرد.

دوای ئەم ڕووداوە ئیسلامی سیاسی بوون بەبەشێك لە جەستەی سیاسی ئیرانی+6.

دەتوانرێ ئەم ڕوداوە بە سەرەتایەك بۆ ئیسلامی سیاسی پێش جەنگی جیهانی یەکەم دابنین .

جمالدین ئەفغانی لەساڵی (1838) لەئێران لەدایك بووە و مەزهەبی شیعەیە بەڵام مەزهەبەکەی خۆی شاردوتەوە وەك زانایەکی ئیسلامی سونی چالاکی دەنوان ئەویش لەبەر ئەوەی زوربەی نیشتمانی ئیسلامەکان سەر بە سوونەن.

لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی هیندی دا هاتووە کە (جمال الدین ئەفعانی) ساڵی1882داوای لەبەریتانیاکردوە وەك سیخور بۆ بەریتانیا لە نێو وولاتانی ئیسلامیدا کاربکات . بەریتانیایەکان پەسەندیان نەکردوە.

دوای سێ ساڵ واتە 1885(جمال الدین ئەفغانی)سەردانی شاری لندن دەکات ولەتەك لێپسراوانی وەزارەتی دەرەوە ودەزگای نهینی بەریتانیا کۆدەبێتەوە پێشنیارێکیان دەداتی بۆ دروستکردنی(پشتێنێکی ئیسلامی)دژی روسیای قەیسەر لەموسوڵمانانی وولاتانی ئێران.تورکیا ومیصردەکات.

ئینگلیزەکان بەم پیشنیارە زیرەکەی (جمالدین ئەفعانی) دڵخۆش دەبن ئیتر دەبێتە جێ سەرنجی بەریتانیا و بەڵینی هەموو کۆمەکێکی پێدەدەن (جمال الدین ئەفغانی)دەبێت بەیەکەم و زیرەکترین سیخوری بەریتانیا لەجیهانی ئیسلامیدا.

پەیوەندیەکی چرلەتەك زاناوکەسایەتیە ئیسلامیەکان پەیدادەکات.

بنکەی خەباتی لە میسر و سعودیەوە دادەمەزرینێ.

ئەو زانا و کەسایەتیە سیاسیانەی تائیستاش جیپەنجەیان بە ئیسلامی سیاسیەوە هەیەگشتی لەقوتابخانەی(جمال الدین ئەفغانی)دا پەروەردەبوون.

ئەوساتە سودان وەك دەوڵەت بوونی نەبوو بۆیە بۆ کاروباری ئەو ووڵاتە بنکەی هێزی سەربازی و ئابوری وسیاسی بەریتانیا لەقاهیرەوە سەرپەرشتی سودانی دەکرد.

ڕاپەڕینێکی ئیسلامی لەسودان دژی بوونی بەریتانیەکان بەسەرۆکایەتی(محمد ئەحمەد)دروستبوو پێکهاتەی کۆمەڵی ڕێکخراوی ئیسلامی بوون . ئینگیز پەنای بردە بەر (جمالدین ئەفغانی) ئەویش وەك زانایەکی ئیسلامی دیاری ئەوساتە توانی(دووبەرەکی بخاتە) ناو ریزەکانی شۆرشیگێرانی ئیسلامەوە لە سودان. کۆتای بە ڕاپەڕینەکە هات.

لە هەمان ماوەدا(ئەحمەد عرابی)شۆرشگێرێکی میصری بوو دژی بوونی بەریتانیەکان لەمیسر ڕاپەڕی.بەهۆی ئیسلامی نەیارەوەگیراو شاربەدەری دۆرگەی ( سیلان) کرا.

(جمال الدین ئەفعانی) پێش مردنی ماوەیەك لەتەك بەریتانیەکاندا تێکدەچێت . روو دەکاتە رووسەکان و بەڵینیان پێدەدات کە وەك سیخور کاریان بۆبکات دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بەهۆی ئیسلامەوە لەهندستان بخاتە مەترسیەوە.ئیسلام بخاتە خزمەت ئیستراتیجی رووسەکانەوە بەڵام رووسەکان دەیانزانی سیخوری بەریتانیایە.داخوازییەکەیان پەسەند نەکرد.

پێش مردنی(جمالدین ئەفغانی)سەفیری بەریتانی لە قاهیرە(لۆردکرمور) هێندە دەسەڵاتی هەبووحکومەتی مصری هەڵدەسوڕان.

(لۆردکرمور)کەزانی (جمال الدین ئەفغانی) پیربووە بەرەو مردن دەچێت بۆئەلتەرناتیفێك دەگەڕان تا جڵەوی بزوتنەوەی ئیسلامی لەبەرژەوەندی پرۆژەکانی بەریتانیا لە جیهانی ئیسلامی بگرێت ئەو ساتە (محمدعبدە) یەکێك بوو لە زانا ناودارە ئیسلامیەکانی میصر. دۆست و هاوری (جمال الدین ئەفغانی)هەردووکیان بە کۆمەکی دەزگای سیخوری فرنسی گۆڤارێکیان دەردەکرد و بەجیهانی ئیسلامیدا پەخشیان دەکرد.

تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی لە لای ڕۆشنبیرانی ئیسلامی ئەو سەردەمەوە هەبوو.

لەساڵی1888 بەدواوە پەیوەندی(لۆردکرمور)لەتەك(محمدعبدە)هێندە نزیك بووبەناوی هاوڕێیەتیەوە ڕاڤەیان لەتەك یەکتریدا دەکرد.

بەریتانییەکان زۆر هوشیارانە(محمد عبدە)یان ئامادەکرد بۆ ئەلتەرناتیفی (جمال الدین ئەفغانی)بێگومان پەیوەندی نێوانیان تەنیا چاخواردنەوە بەزمی شەوان نەبووە بەڵکو کارکردن و جڵەوگرتنی کورسی سیاسی ئیسلام و بەرژەوەندی بەریتانیا بووە.

(لەساڵی 1897 جمالدین ئەفغانی دەمرێت)لەسەر ویست ویارمەتی(لۆردکرمور)(محمد عبدە)دەبێتە سەرۆکی رۆحی وسیاسی ئیسلامەکان .



جمال الدين أفغانی ( 1838-1897)

دوای مردنی (جمال الدینی ئەفغانی) بیروباوەڕەکەی نەمرد کادیرانی دوای ئەو لەسەر هەمان ڕێچکەو سیاسەتی رابەرایەتی ئیسلامی سیاسیان کرد.

محمد عبده ( 1849-1905)


محمد رشید رزا (1865-1935)

حسن البنا (1906 -1949)

سید قطب ( 1906-1966)

سعید رەمەزان ( 1926-1995)

(ابوالاعلی الموردودی)دامەزرینەری کۆمەڵەی ئیسلامی لەپاکستان و ئوسامە بن لادن وشیخ یاسین , گشتی قوتابی ئەو پرۆژەیەن.



محمد عبده ( 1849-1905)

تا ڕمانی دەسەڵاتی ئیسلامی تورك(سونە)ئیسلامیەکانی جیهان تاڕادەیەکی زۆر بڕویان بەدەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی تورکی بۆ پاراستنی کولتوری ئیسلامی لە جیهاندا هەبوو.

پێش دروستبوونی دەوڵەتی سعودیە لەنێوان دوخێزاندا(ال سعود والهاشمی)

شەری دەسەڵات هەبوو لەنێوان ئەم بازییە خوێناویەدا ئینگلیزخاوەنی گەورەترین پرۆژەی ئیمپریالیزمی لە سعودیە وگشت ناوچەکەدا بەریتانیەکان جڵەوی شەڕ و جۆگەی خۆین ولاشەی کوژراوی موسۆڵمانەکانی گرتبوو.لە ئاست ویستی خۆی وئایندەی ئیستراتیجیدا شلکردن وتوندکردنی دەجوڵاند.

ئیسلام وەك فاكتێك بۆ دەسەڵاتی هەردووكیان ڕۆڵی گرنگی بینی. یەكەم ڕیكخراوی ئیسلامی سیاسی كە دروستبوو بەریتانیەكان و بەیارمەتی (جمال الدین ئەفغانی)دروستیان كرد ئەویش (الاخوان).

بەكارهێنانی ئەم ڕێكخراوەش هەر بە دەست وویستی بەریتانیەكانەوە بوو. بۆ ئینگلیز گرنگ نەبوو چی بەسەر ئیسلام ومرۆڤە دژەكانی نێوەدۆرگەی عەرەبی دێ.

(ابن سعود) بە یارمەتی و لەسەر ویستی ئینگلیزەكان بوو بە سەرۆكی (الاخوان)بەهێزی ئەم ڕێكخراوەوە توانی دۆرگەی عەرەبی بگریت و هێزی هاشمیەكان بشكینن لەئەنجامی جەنگی نێوان ( ابن سعود)و(حسین شریفی مكە) :

400.000 كەس لەنێوانیاندا كوژراو بریندار بوون.

40000 كەسیان هەڵواسی .

بەپێ یاسای ئیسلام دەستی 350000 كەسیان بڕی.

دوای ئەم كارەساتە(حسین شریف)داوای لە ئینكلیزەكان كرد ئیخوان هەڵوەشیننەوە. بەلاَم ئینگلیزەكان پەسەندیان نەكرد.

كۆتایی1915گەورە سیاسی بەریتانی(بیرس كوكوس)دەیزانی كە (السعود)وەهابین ووتی ئەگەر(بن سعود)ئیخوان هەڵبوەشینیتەوە ئەوە تەمنی سیاسی و دەسەڵاتی كەمدەبێت. دەبێت وەك مەلایەكی وەهابی كاری ئیسلامی بكات نەك سیاسیەت و مەلیكی.

بۆیە(ابن سعود)لەبەربەرژەوەندی خۆی بوو بە سەرۆكی (الاخوان) تا ئەوساتەی هێزی سەقامگیر بوو.

بەریتانی(هاری سانت بریجر فیلبی)دەرچوی زانکۆی(کمبریدج)ە فەلسەفەی خوێندوە و پسپۆر لە بۆاری دینە کۆنەکانی ڕۆژهەلات زمان وکولتوری عەرەبی زۆر بەباشی زانیوە .

دەبیٚ بە مۆسۆڵمان وناوی خۆی دەنیٚ(عبدالله)ئەندازیاری سیاسی دروستکردنی دەوڵەتی سعودییە . بەپیٚ شەریعەتی ئیسلام کۆمەڵی ژن دەهێنی و دەوڵەمەندەبیٚ . دوای دروستبونی سعودیە دەبێت بە نۆینەری کۆمپانیای(فورد موتورز)وکۆمپانیای(ستاندرئۆیل کالیفۆرنیا).

تا مردنەکەی بە سیخوری دەمێنێتەوە . یەکێك بوو لە نەخشەکێش یان ئەندازیاری سیاسەتی سعودیە و پەیوەندیەکی فراوانی کارگەری زۆری لە ڕەوتی ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی سعودیە و ڕۆژهەلاتی نیوەڕاستدا هەبووە .

(محمد بن سعود)لە20.مایو.1927دەوڵەتی سعودیەی دروستکرد هاشمیەکانیان دەرکرد.

کەبە ئامانجە سیاسیەکەیان(دەوڵەت)گەیشتن(الاخوانی)یان هەڵوەشانەوە وگرنگیان بەمەزهەبیٚ وەهابیدا.

وەهابی کردبە مەزهەبی دەوڵەتەکەی. ڕێبازی وەهابی سلفیە.بنەمای هزری وەهابی و ئیخوانەکان لەسەر فەلسەفەی سلفی بونیادنرابوون لیٚ سعودیەکان بۆ ئەوەی لە ڕوی تویری سیاسی ئیسلامەوە ئازاد بن و وابەستە نەبن بەبەرنامەی ئیخوانەکان بەرامبەر بەکیشەکانی جیهانی ئیسلامی وخزمەتکردن بە خیزانی ال سعود.وەهابیان وەك مەزهەبی دەوڵەتەکەیان هەڵبژارد.



محمد  بن عبد الوهاب 1703-1792

دواى دروستبوونى كۆمەڵە دەوڵەتێكى وابەستەى سياسەتى بەريتانى بەريتانييەكان ترسيان لە دوو گروپ يان گەشەكردنى دوو هزرى سياسى هەبوو ئەويش :

(نەتەوەييەكان و چەپەكان) دواى دروستبوونى دەوڵەتى كەمالى لە باشماوەى سەلتەنەتى عوسمانى و لەئاست پتەوكردنى پيگەى نەتەوەى و گەڕانەوەى كەسايەتى نەتەوەى توركى . جيابوونەوەى تورك وەك رەگەزيكى جوداى جيهانى ئيسلامى . نەتەوەكانى ترى رۆژهەلاتى نيوەڕاست فارس و كوردو عەرەب ويستيكى چاوليكەرى كەمال ئەتاتوركيان لە ميشكدابوو .

دووهەم پەرشکردنی سیاسەتی سۆڤیت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەتایبەتی دوای کۆنگرەی کۆمونیستەکانی رۆژهەڵات لە شاری(باکو) لەلایەن لینینەوە ساڵی 1920.گۆڕینی دروشمی(ئەی کریکارانی جیهان یەکگرن بە دروشمی ئەی کریکاران وگەلانی چەوساوەی جیهان یەکگرن) ئەوساتە بزوتنەوەی چەپ و پرسی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوی لە ئەوروپادا گەرم بوو.پرشی ئەم تەوژمە هزریەش کەمێك پەریبۆوە دەرەوەی ئەوروپا.

بۆئەم مەبەستە ئینگلیزەکان لەڕێگەی سیخورو ئیسلامیەکانەوەخەڵکیان بۆدژایەتی(بزوتنەوەی نەتەوەی وچەپ)بەکاردەهانی .

هەستی نەتەوایەتی و بیروباوەری چەپ گەورەترین لەمپەری پرۆژە کۆلۆنیالکانیان بوو.

دەکرێ ئەو پرسیارە لای خۆینەری هوشیار بوروژێت ئەی هەر ئینگلیزەکان نەبوون دەوڵەتە عەرەبیەکانیان دروستکرد؟

وەڵامەکە ئەو دەوڵەتانە دەوڵەتی رەسەنی نەتەوەی نین بەڵکو دەسەڵاتێکی لۆکاڵی سەربە ئیمپریالیزمی بەریتانین. بەهوی چەند پاشا و مەلیکێکەوە دەتوانن تەواوی کۆمەڵگاکان کۆنترۆڵ بکەن سامانەکانیان هەڵبلۆشن بەریتانیەکان بەوە هوشیاربوون ئەگەر دەوڵەتیکی نەتەوەی لە ئەنجامی گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتیدا دروستببی ئەوە ناتوانن پرینسیبی سیاسی خۆیان بەسەر ئەو دەوڵەتەدا بسەپینین بە ئارەزوی خویان بازی بەسامانی سروشتی و کەڵك لە هەڵکەوتیی ئیستراتیجی خاکەکەیان وەربگرن.

بەریتانیەکان لەقەبەبوونی ئیسلامی سیاسی وەك یەکەیەکی ئایدیۆلۆژی سیاسی نەتەوەی دەترسان بۆیە بزوتنەوەی ئیسلامیشیان لە نێوان سالأنی(1885تا1925)کردبەدووبالەوە.

مەلیك فاروق کە سەر بە بەریتانیەکان بوو . لەسەر ویستی ئەوان پارمەتێکی زۆری الاخوانی دا(جویل گوردن)شارەزا لە و نزیك لە ( الاخوان) ەکان ئەو راستیە دە درکینی مەلیك فاروق پارەیەکی باشی بۆ(الاخوان)ەکان تەرخانکردبوو .لەبەر ئەوەی (حزب الوفد) پارتێکی نەتەوەی بوو داوای ئازادی میصر و کۆتایهانین بە کۆلۆنالیکردنی بەریتانیەکان دەکرد.

بەریتانیەکان داوایان لە(الاخوان) کرد وەك سیخور بچنە نێو(حزب الوفد)لە ئەنجامدا (حزب الوفد) هەلۆەشا و یان لاواز و رۆلی نەما.بەشێك لە ئەندامەکانی چوونە پالّ کۆمۆنیستەکان و بەشێکی تریش گەڕانەوە نێو ئامیزی (الاخوان)لیّ کۆمەلگای میصر کۆمەلگایەکی بزیو وخاوەن هەستێکی نیشتمانی بوون. لە دژایەتی بەریتانیا چالاك بوون بۆیە بەریتانیەکان بۆ ئەوەی ریگە لە دروستکردنی پارتێکی نەتەوەی بگرن .

تەندەری دروستکردنی پاریتێکیان دا بەهەر دوو سەرکردەی ئیسلامی ئیخوانەکان(محمد عبده و رشید رەزا) بۆ دروستکردنی (حزب الشعب) . هەردوو کادیری دیاری(الاخوان)داوایان لە هەوادارەکانیان کرد بچنە ئەو پارتە نۆی یەوە .

ئیسلامیەکان خیزانە عەرەب و مەلیکەکان و بەریتانیەکان لە دوو دوژمندا هاوبەش بوون بۆیە هەرسێکیان بۆبەرانگاربوونەوەی ئەودوو

دوژمنە(کۆمونیست یان چەپەکان و نەتەوەیەکان)دۆست بوون.
هەرسێکیان لەسەر کەیسی ئەو دوو هێزە هزریە یارمەتی یەکتریان دەدا.
بۆ زیاتر لە ڕۆڵی ئیسلامی سیاسی .فەرموون بۆ قۆناغی نۆی ئیسلامی
سیاسی .

## سیهەم :

## ئیسلامی سیاسی ( بەهاری ڕەسەن )

(كۆبلاند) دەڵێ :

هەركەسێك پارە بدا بە ( الاخوان) كاری بۆ دەكەن .

(حسن البنا)كەسێكی هوشیاری زانستی ئیسلام و سەربەسەلەفیەكان بوو.لەساڵی1928ڕێكخراوی ئیخوانی زیندوكردەوە یان گەشەی پێدا چونكە پێش ئەو دیرۆكە ئیخوان بە شیوەیەك لەشیوەكان هەبووە گۆڤاری(المنار)كرد بەزمانسازی ئەو ڕێكخراوە.

تا لەڕێگەی ئەوگۆڤارەوە دوای نەمانی دەسەڵاتی عوسمانیەكان فەلسەفەی سلفی و رەسەنایەتی شەریعەتی ئیسلام بگەڕێنێتەوە نێوكۆمەڵگا ئیسلامیەكان.

ئەم كەسایەتیە گۆژمێكی توندی لە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی داو قەوارەیەكی توكمەی دروستكرد بووە هۆی سەرنجی خاوەن بەرژەوەندیەكان بە تایبەتی بەریتانیا كەخاوەن بڕیارو دەسەڵاتی سیاسی ئەوكاتەی زۆر ووڵاتی ئیسلامدا بوو.

سێ كەسایەتی و كادیری پێشكەوتوو لە ئیخواندا هەڵكەوتن زۆر كاریگەریان لەسەر ڕەوتی ئەم ڕێكخراوە هەبوون . لە زانستی ئیسلامدا زۆر شارەزابوون .

(حسن البنا . سید قطب . سعید رەمەزان )

ئەم كادیرانە مامەڵەیەكی هوشیارانەیان لەتەك ئەم دۆزەداكرد مصر بوو بە بنكەیەك بۆ پەرشكردنی هزری ئیسلامی سیاسی بەگشت ووڵاتانی ئیسلامدا.



حسن البنا (1906- 1949)

لەسەردەمی مەلیك فاروق ساڵی 1949(حسن البنا) لەناو تەكسییەكدا تیرۆركرا . تائیستا بەڵگەی كوشتنەكەی نەزانراوە ..

میردی وەفای كچی(حسن بنا)كەناوی(سعید رەمەزان)بوو بەجێگری.لەترسی تیرۆركردن هەڵهات بۆ ئەوروپاو لەسویسرا نیشتەجێ بوو( سید قطب) لە میصر مایەوە.

(سید قطب)سەركردەیەكی هوشیاری ئیخوان بووكەسێكی خویندەوار و بەتوانا و توژیرەوەی ئەكادیمی سیاسی و كۆمەڵایەتی و رۆژنامەنووس و نووسەری(25)پەرتووكە زوربەی پەرتووەكەكانی لەسەر بنەما سیاسی وكۆمەڵایەتەكانی ئیخوان بوو. دەكرێ لە دوای جمال الدین ئەفغانیەوە سید قطب بەروناكبیترین و تورەترین سەركردەی ئیسلامی سیاسی ئاماژەی پێبكرێ لە زۆر ڕووەوە هەڵگری هەمان فەلسەفەی پراكیتیكی

ئیسلامی سیاسی جمال الدین ئەفغانی  بوو کە زەقترینیان تیرۆر و توقاندن وبەکارهێنانی هێزی بەرامبەر بە نەیارانی ئیسلامی سیاسی.
دوای کۆدەتای ساڵی 1952جمال عبالناصر.
کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئینگلیز وفراوانبوونی هەنگاوە نەتەوەیەکانی ناصر .
بەریتانیا لەمصروناوچەی عەرەبی بۆ کەسێك دەگەڕا بتوانی دژی ناصر بەکاری بهینێ. لەنێو سوپادا کەسێکی وای چنك نەکەوت کودەتای بەسەر ناصردا بکات . ناسونالیستە عەرەبەکانیش لەمپەریکی پتەوی پاراستنی ناصر بوون نەك لە مصردا بەڵکو زوربەی زۆری وولاتانی عەرەبی هیوایەکی زۆریان بە توانای ناصر هەبوو .
سەفیری ئەمەریکی لە سعودیە (تشارلز فریتمان) ووتی :
باشترین چارەسەر بۆ جمال عبدالناصر (ئیسلامی سیاسیە)
تەنیا شانس بۆ ئینگلیزەکان هێزی ئیسلامی سیاسی بوو کاریان لەسەر ئەم چمکە تورەیە کرد باشترین وبەهێزترین و تورەترین هێزە بتوانی دژی ناصر وپرۆژە نیشتمانی و نەتەوەیەکان بەکار بهێنن .
سید قطب دەڵێ : تەنیا بە هێز دەتوانین بەرەنگاری مۆدیرن ببینەوە .
لەم خالانەدا لەتەك بەریتانیاکاندا هاو سۆز و هاوئیستراتیجی بوون.
بۆیە نزیك بوونەوەی ئیخوانەکان و بەریتانیەکان لە نزیك بوونەوەی ئیستراتجیاندا بوون ئەویش گەڕانەوەی گۆمەڵگا بۆ سەردەمی جهالەت.
دوای گەڕانەوەی سید قطب لە ئەمەریکا(سید قطب و سعید رمەزان)نەخشەی تیرۆرکرنی ناصریان کێشا.

ئەوی شیانی بیرهانینەوەیە( سید قطب , سعید رەمزان . محمد میرسی) هەرسێکیان بۆ ماوەیەك لە ئەمەریكا بوون . بەهەر ناو بیانویەکەوە بووبێت وەك کەسی ئیسلامی سیاسی ناتوانری بووترێ لە پەیوەندیدا نەبوببێتن .

ناصر لە تیرۆر رزگاری بوو ساڵی 1966سید قطب لە سیدارەدرا.



سید قطب لە کاتی دادگایکردندا

(سعید رەمەزان) یش سزای لە سێدارەدانی بۆ برایەوە.بەڵام لەبەرئەوەی لە دەرەوەی میصر(سویسرا)بوو نەتوانرا بەسزای خۆی بگات بەتەنیا سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیخوانی تا مردنەکەی 1995 کرد.

تا وەرگرتنی بڕوانامەی دکتورای لەیاسادا خوێند.

بە یارمەتی ئەمەریكا وئیسرائیل و ئەوروپا ئیسلامی سیاسی بەتایبەتی ئیخوانەکانی هەوڵیاندا کە سنوری چالاکیان لەجیهاندا فراوانبکەن و پەل بۆ کونوقوژینی سیاسەتی جیهانی ئیسلامی بکێشن بۆئەم مەبەستە کۆمەڵە ریکخراویکی ئیسلامیان لەسەر ئاستی جیهان دروستکرد

دەتوانری مەزەنەی ئەوە بکرێت(سعید رەمەزان)کە ئەمەریکای و ئەوروپیەکانی زۆر لێوەی نزیك بوون وکۆمەکیان پێدەکرد بە ئەندازیاری پرۆژە مەزنەکانی ئیسلامی سیاسی جیهان دابنرێ.

ئەمانە :

1: مەڵبەندی ئیسلامی لە جنیف 1961

2: پشتێنەی ئیسلامی جیهانی 1962

3: رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی 1969

گشت ئەم ئۆرگانانە وچالاکیانە لە دونیای مسیحیدا واتە لە ئەوروپا کراوە ئەو وولاتانەش جگە لە رێگەی یاسای بۆ دروستبوونی رێکخراوی کۆلتوری و سیاسی کۆمەکی دارایشیان پێکردون .

هەرچەندە سترۆکتوری ئەو رێکخراوانە سترۆکتوری تیرۆر و توقاندن بوون دووربوون لە پرینسیبی سیستەمی دیموکراتی ئەوروپی سەرکردەیەکی وەکی(سعید رەمەزان)یش کە بە تیروری سەرۆکی وولاتەکەی جمال عبدالناصر تۆمەتبارکراوە. ئەوروپا لەسەر ئەم تومەتە نەك لێپرسینەوەی لەتەکدا نەکرد بەڵکو کۆمەکیان پێکرد.

ئەمە پرسیاریکە ئەوروپیەکان چ قازانجیك لە دروستبوونی رێکخراوی رادیکاڵی ئیسلامی دەبینن کە تیرۆر بەشێکە لە چالاکی و ئیستراتجیتیان ؟ لێرەدا هزریە هوشیارەکان دینە زمان ونیشانەی پرسیارێکی رۆشن دەخەنە سەر ئەو هەڵویستەی وولاتانی ئەوروپی ئیسلامی سیاسی .

بیگومان شاڵاوی پیترۆڵی سعودیەش پشتی ئابوری ئەم رێکخراوانەی گرتبوو.

کاتێك ناصر سوپای نارد بۆ یەمەن . ئەمەریکا و سعودیە وئیسرائیل بەرەیەکی هاوبەشیان دروستکرد بۆ دەرپەڕاندنی ناصر و لاوازی دەسەلاتی لە نێوە دۆرگەی عەربیدا. چەند بۆچون و نەخشەیەك هەبوو. باشترینیان نەخشەی ئیسرائیل بوو چۆن؟

کۆمەڵی جولەکەیەکی یەمەنی لە ئیسرائیل دەژیان . زمان وکولتور و شێوەو یەمەنی بوو ئیسرائیل سوپایەکی لێدروستکردن و بە بەرگی یەمەنیەوە و لەبازاری ڕەشیش کلاشینکۆڤ بۆ کرین ناردنی بۆی یەمن دژی ناصر ئەم نەخشەییەی ئیسرائیل سعودیەکانی دڵخۆشکردو گشت تیچوونەکانی خستە ئەستۆی خۆی . یانی سعودیە زۆر لە پێش ساداتەوە پەیوەندی نهینی لەتەك ئیسرائیلدا هەبووە.

شتێکی ئاشکرایە ناصر وەك سەرکردەیەکی نەتەوەی عەرەب و دوای خۆماڵیکردنی کەناڵی سویس و خۆراپسکان لە سیاسەتی ڕۆژئاوا. نەمان ونەهیشتنی ناصر یەکی بوو لە ویستە سیاسەکانی ئەوان.

بەم شێوەیە ئیخوانەکان ناتوانن ئەو راستیە قوتبدەن کە ئەوانیش بەشێك بوون یان جێبەجێکەری پرۆژەکانی ئەمەریکا و ئەوروپیەکان یانی سیخوری ئەوان بوون.

ئیخوانەکان لە لایەن ئەورویی وئەمەریکایەکانەوە نرخێکی تایبەتیان بۆ دانرا و مۆڵەتی مانەوە پەسابورت وکۆمەکی داریان بۆ مسۆگەرکرا.

لەساڵی 1953سەرۆکی ئەمەریکی(داویت ایزنهاور)(سعید رەمەزانی) داواتی کۆشکی سپی کرد.وەك بەهێزترین و بەکارترین ئۆپۆزیسوینی ناصر کۆمەکیان پێکرد و ڕێزیان لێنا.

سەفیری ئەمەریکی لەقاهیرە(جیفرسون کافری)

لەساڵی1953 زۆربەتوخی پەیوەندی بە( سعید رمەزان)ەوە هەبووە.



سعید رەمەزان 1926-1995

سعید رەمەزان بەیەکی لە رادیکالترین کادیری ئیسلامی سیاسی لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە دادنرێت .

کاتیك حکومەتی میسر پەساپۆرتەکەی لێسەندەوە ئەڵمانیا پەساپۆرتێکی پێدا و ڕێگەی بۆ فراوانکرد لە ئەلمانیا چالاکی سیاسی بکات. کۆمەڵەی ئیسلامی لە ئەڵمانیا دروستکرد و لە ساڵی 1958 تا 1968 سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بووە.

هەروەها یەکێك بووە لەئەندامانی دامەزرینەری ڕێکخراوی (پەیوەندی جیهانی ئیسلامی) .

رۆژنامەی سویسری(لوتمن)دەنوسی حکومەتی سویسرا دەیزانی کە(سعیدرەمەزان)سیخوری ئەمەریکایەوە بوونی لەسویسرا زیانێکی نیەبۆیە مانەوە کاریکی ئاسییە.

یەکێکی تریش لەوساتەدا رولّی لەئیسلامی سیاسیدا هەبوو

(حاجی ئەمین مفتی فەلەستین)

دەرچوی زانکوی الازهرە.لەسەرەتادا لە بنکەی هەوالگیری رویتر کاری وەرگیرانی دەکرد زۆر دژی جولەکە بوو. لەسەرچالاکی ودژی جوولەك گیرا بەلاّم بۆ ئەوەی بۆ پیویستی خویان بەکاریبهینن ئەفسەرێکی ئینگیلیزی بەناوی(سیرهربرت سموئیل)ئازادیکردو و پەیوەندیەکی باشی لەتەکدا بەمەبەستی بەکارهێنای دروستکردو.هەرلەلایەن ئەم ئەفسەرەوە کرا بە موفتی قدس .

وەك سیخوریك لەتەك ئینگلیزەکاندا کاری دەکرد وماوەیەکیش دۆستی هیتلەر بوو.دلّنیام لەوەی خوێنەری هوشیار ئەو پرسیارەی لا دروستدەبێت چۆن ئینگلیز کەسێکی وەکی مفتی دژە جولەکە دەکەن بە دۆستی خۆیان کە ئینگلیزەکان دروستکەری ئیسرائیلن . وەلاّمەکە کاری سیخوری وئیستراتیجیتی دەزگا نهینەیەکانی وولاّتانی خاوەن بەرژەوەندی بۆ پێداویستی خۆیان کەلّك لە گشت بۆار و کەسایەتیەکان وەردەگرن, بەتایبەتی سوپای نهینی ( سیخوری) بابەتێکی گەلێك هەستیارو گرنگە هیوادارم لە کاتێکی تردا بۆاری بلاّوکردنەوەیم هەبێ.




مفتی فەلەستین 1941 لەتەك هیتلەردا

## 1: كودەتاكەی (جمال عبدالناصر1952

***ئەوە میژووە شانازی بە سیاسی دەبەخشیّ . نەك سیاسی شانازی بە میژووی دەبەخشیّ***

**ئەگەردەستەواژەی بەهاری عەرەبی پیّناسە بیّ بۆ ڕاپەرینی گەلانی عەرەب دژی دەسەلاّتی دیکتاتۆری و كۆلونیال ئەوە بەهاری ڕەسەنی عەرەبی لە سەرەتای سالاّنی پەنجاوە دەستی پیّكرد دەتوانریّ كودەتا سەربازییەكانی وولاّتانی عەرەبی پیّناسەیەكی زانستی بیّ بۆ ڕاپەڕینی گەلانی عەرەب دژی رژیمی پاشایەتی و دەسەلاّی رەهای بیّگانە.**

**كودەتاكەی ناصر بەهیّزترین و پوختەترین كودەتای نیشتمانی و نەتەوەی عەرەب دادەنریّ.دەكریّ وەك بەهاری ڕەسەنی عەرەبی پەنجاكان پیّناسەی بۆ بكریّت.**



⋆ جمال عبدالناصر موسوڵمان بوو بەڵام ئیسلامی سیاسی نەبوو.

⋆ شۆرشگێر بوو بەڵام کۆمەنیست نەبوو.

⋆ بڕوای بە یەکسانی کۆمەڵایەتی هەبوو بەڵام سوسیالست نەبوو.

⋆ پێشکەوتووخوازبوو بەڵام دیموکرات نەبوو.

⋆ سەرۆك کۆماریووڵاتێکی هەژار بوو بەڵام وەك کادیرانی ئیخوانەکان موچەی تایبەتی لە بێگانەی وەر نەدەگرت. دوای خۆی کۆشك و ملیارد دۆلاری بە جێنەهێشت.

⋆ دزنەبوو و هاوبەشی دزە گەورەکانی سەرمایەدارانی نەدەکرد.

⋆ بە رۆح ومۆڕاڵ موسوڵمانێکی نیشتمان پەروەربوو.

⋆ یەکەم سیاسی بوو لەسەرداخوازی مامۆستای بەرێز( د.جمال نەبەز) ئیستگەیەکی کوردی لە قاهیرە بە زمانی کوردی و کردەوە .لەتەك کێشەی کورد بوو تا ئەوساتەی بزوتنەوەی کوردی بوو بە دەستکیشی بێگانە .

رۆژئاوا (جیهانی یەکەم جیهانی سەرمایەداران) گەرەکیانە هەمیشە کۆمەلگای رۆژهەلات لە زەنگاوی گەوجایەتی وگرفتدا بژی دژی پرۆژە سیاسی و نەتەوەی ونیشتمانیەکانی ناصر بوون.

لەسەرەتای جەنگی ساردەوە تاکوتای 1991 گەورەترین کارت بە دەست رۆژئاوا وە بۆ داگیرکردنی ووڵاتان بقەی(کۆمونیست) بوو. ناصر کە کۆمەڵی کۆمونیستی زیندانی کرد وچالاکی لیقەدەغەکردن .

ئەو کارەتەی رۆژئاوا سوتاو نەیان توانی دژی ناصر بقەی کۆمۆنیست بەکاربهێنن.

گەلی میصر گەلێکی موسلمان و خاوەنی بەرزترین زانکوی ئیسلامی(جامعەالازهر)ە.باشترین چەك بۆ لاوازی ولێدانی ناصر( ئیسلامی سیاسی ) میصری بووە .

ئەمەریکا و بەریتانیا کاریان لەسەر ئەم پرۆژەیە زۆربە وورییایەوەکرد.ڕەگی ئیسلامی سیاسی لە بەشی پێشویدا ئاماژەم پێکردووە .

هەر لەسەردەمی (جمالدین ئەفغانیەوە)ئیسلامی سیاسی گەرای لە نێو گەلی میصردا دارشتبوو . بەتایبەتی ڕۆڵی سەرەکی(حسن البنا1906-1941)وگۆڤاری(المنار)لەدروستکردنی ریکخراوی(اخوان المسلمون)ساڵی1928.


فەلسەفەی ئیسلامی دژی پێشکەوتن یان مۆدیرنیزەکردنی کۆمەڵگایە بەتایبەتی ڕەوتی سەلەفیەکان هەلگرانی ویستی سیستەمی شریعەت هەرچەندە لەزاری محمدەوە پیرۆزی نیشتمان ونەتەوە لەباڵادادانراوە لێ لە کاتی تەفسیرکردنی شریعەت بۆ کێشەی نەتەوە ئەو بۆچونەی محمد دەستکاری دەکرێت گلۆباڵی ئیسلامی جێگەی دەگرێتەوە بەوەی مرۆڤەکان لەئاست لێپسرینەوەدا لەبەرامبەر خوادا یەکسانن بۆیە کۆمەڵگا پیویستی بە جیاوازی نەتەوەکان نیە بەم تەفسیرە سەقەتەوە پیرۆزی بەرژەوەندی نەتەوە لە ئیسلامی سیاسی عەرەبیدا کالبۆتەوە بە پێچەوانەی ئیسلامی سیاسی تورکی و ئیرانی کەفاکتن بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیان لەم دەلاقەیەوە دژایەتی پرۆژەی نەتەوەییەکانی ناصریان

دەكرد.وەك نیشتمانییەك ونەتەوەیەك وەك نویخوازیكیش بەمەترسی كالْبوونەوەی كولتوری ئیسلامیان دەقەبلاْن.

(كۆبلاند)ئەمەریكی دەلْی ئیخوان موسلیمین لە ئەلْمانیا . فرنسا . ئینگلیز و ئەمەریكا پارەیان وەرگرتووە .

جمال عبد الناصر هوشیار بوو دەیزانی ئیخوانەكان سیخوری بێگانەن لەسەرویستی بەریتانیا و ئەمەریكا بۆ ئاژاوە نانەوە ئیخوانیەكان لەزانكوكانی قاهیرەدا هیرشیانكردە سەركۆمەلْی قوتابی پێشكەوتووخواز.دوای دوورۆژ ناصر ئیخوانی قەدەغەكرد.

لە26 ئۆكتۆبەردا لەسەر ویست ونەخشەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ئیخوانیەكان هەولْی تیرۆركردنی ناصریان دا.



(ئەنتونی ئایدن) ووتی بۆمن هیچ گرنگ نیە چ لە مصر دێت. گرنگ کوشتنی ناصرە بەهەر هۆیەکەو بێت.

(ئەمە ووتەی سیاسی کۆنترین وولاتیکی یموکراتە).

سەرۆك وەزیرانی بەریتانی (هارولد ماکمیلان) ووتی:

دەمەوێت بەدەستی خۆم بیخی میشکی ناصر هەلکۆلم .چەند درندانی دەروانێتە نەیاری سیاسی.کاتێك ئەم ووتانە ووتراوە .

(تۆن بلیر) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا 2003 و ئەندازیاری جەنگی داگیرکردنی عیراق لەدایك نەبووە بزانە ئەویش دەڵێ:

Militärische Gewalt Sichere den Triumph des Guten).

( بەکارهێنانی سوپا و هێز و جەنگ بۆ کاری خێری وباشەیە).

ئەم سەرۆکە لیبریال دیموکراتە( تونی بلیر) لە کاتی دەسەڵاتیدا هاوبەشی ئەم جەنگانەی کردوە :

1998 بڕیاری لێدانی فرۆکە جەنگێکانی عیراق .

1999 کۆسۆڤۆ

2000 Sierra leone

2001 ئەفغانستان

2003 عیراق

(تشارلز فریتمان سەفیری ئەمەریکی لە سعودیە ) ووتی :

باشترین چارەسەر بۆ ناصر ئیسلامە

لەسەردانێکی ناصربۆمۆسکو ئەوەی ئاشکراکرد یەکێك لەتیرۆرستەکان رۆژنامەنووس (مستەفا ئەمین) بووە.

ئەنوەر سادات لەساڵانی چلدا واتە پێش کودەتاکەی 1952 ئەندامێکی ئەفسەرانی ئازادیخواز بوو لە هەمان کاتدا ئەندامی ئیخوان بوو و سەرۆکی کۆنگرەی ئیسلامیش بوو.

لە ئەنجامیشدا ئیخوان کوشتیان لە دوایدا بە درێژی لێ دەدوین( بۆ تیرۆرکرا و کێ تیرۆریکرد)

ئیتر ئیسلامی سیاسی له مصردا بوو به ڤایروسی داتەپاندنی ڕێچکەی پێشکەوتن .گەڕانەوەی گۆمەڵگا بۆ سەردەمی کۆن.

لەبەشی پێشودا ڕۆڵی ئیسلامی سیاسیمان دژی ناصر نووسی لێ پرۆژەی نیشتمانی ئەفسەرانی ئازای خاوەن کودەتاکە دوای ناصر درێژەی هەبوو.دوای ناصر ئەنوەر سادات بەیەکی لەباشترین ئەفسەر و سیاسیە عەرەبەکان لەئاست جیهاندا دادەنرێ تا ڕادەیەکی زۆر پەیڕەوی ئیستراتیجیتی ناصری دەکرد بۆیە بۆ ئەوان ساداتیش دەبێت مامەڵەیەکی وای لەتکدا بکرێ کە ڕەوتی نیشتمانی میصری نەگاتە ئامانج . دژایەیتکردنی سادات لە چەند ڕوویەکەو ترسناکتر بوو لە هی ناصر چونکە ئەو ساتەی ناصر دژی پرۆژەکانی ئەمەریکا وئیسرائیل ڕۆژئاوا بوو سوڤیت بە رووکەشی لە گەڵیدا بوو هەروەها هەندی لە وڵاتانی بێ لایەن کە( جواهر لالو نهر و جمال عبدالناصر و تیتوی ) دروستیانکرد پالپشتی پرۆژەکانی ناصر بوون لێ لە سەردەمی سادات و دوای مردنی سەرکردە دامەزرینەکانی رۆڵی وولاتانی بێ لایەن نەما. ئیستا دینە سەر زەمەنی سادات .

## *ئیخوان مسلمین ودەزگای (KGB) سۆڤیت .*

دوای مردنی جمال عبدالناصر(1918-1970)جێگر و هاوڕی خەباتەکەی محمد ئەنوەر سادات(1918-1981-) بوو بە سەرۆك کۆماری مصر.

سەرۆکی ووڵاتێکی پڕ کێشەی ناوخۆی دەرەکی و ناوچەی و وڵاتێك زامی شکستی سیاسی و سەربازی بەرامبەر بە ئیسرائیل ناکۆکی قوڵی نێوان

سعودیەومیصر و هێزێکی پڕپیمێتیفی دڕی ئیسلامی. ناصر سید قطبي لەسێدارە  و هەزارانی لە ئیخوانەکان زیندانی کرد.لێ گەرای ئیسلامی سیاسی لە کۆمەلگای میصریدا مابوو.

ئەمانە گشتی بوون بە کۆمەڵە ئەرکێك دەبوایە سادات شانی بداتەبەری. ڕەگی ئیسلامی سیاسی لە میصردا بە پانتای کۆمەڵگادا بڵاوبووەوە بە پیویستی زانی سیاسەتێکی تر بەرامبەر ئیخوانەکان پێادەبکات.لەبەر ئەوەی ستڕۆکتوری ڕۆشنبیری نیشتمانی سادات ڕۆشنبیرێکی ئیسلامی بوو کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چل و ئەندامبوونی لەئیخوان.

ساڵی 1971 سادات بوو بەسەرۆکی مصر . پەیوەندی لەتەك سعودیەدا سازکردەوە . لەسەر داخوازی (کمال ئەدهم) سەرۆکی دەزگای نهینی سعودیە سادات لێبوردنی بۆ ئیخوانەکان دەرکردو ئازادی کاری سیاسیشی بۆ گەڕانەوە.دەسەڵاتی ناصرییەکانی لە حکومەتدا تەسککردەوە .

سادات لەتەمەنی سەرۆك کۆماریدا دوو هەڵەی گەورەی کرد کە دوای کوشتنەکەشی  وئیستاشی لەسەربێ گەلی میصر باجی ئەو دوو هەڵەی سادات دەدەن ئەویش ئەمانەن:

1: هەڵبژاردنی  کەسایەتیکی سەربازی ( حسنی مبارك ) بە جیگری خۆی ئەمە یانی هێشتنەوەی دیکتاتۆریتی سەربازی لە لوتکەی دەسەڵاتدا. کە پیویستە دوای هەموو کودەتایەکی سەربازی نیشتمانی بۆاری هەڵبژاردن وئازادی کۆمەڵگا فراوانبکرێ بۆ هەلبژاردنی کەسێکی شیاو لەدەرەوەی سوپا. ئەو هەڵەی سادات 30 ساڵ گەلی میصری لە پرۆسیسی گەشەکردنی دیموکراتیدا چەقان .

2: ئازادی دان بە ئیخوانەکان بۆ کاری سیاسی .

ئەوتا ئیستا هوی ئاشوبەو دواکەوتنی گەلی میصر ئەو دوو فاکتەن .

سادات لە گەنجیتیدا ئیخوان بوو لە سەرۆککۆماریدا ئیسلامێکی نیشتمان پەروەر بوو گۆرانکاری سیاسی بەسەر بۆچونیدا هاتبوو وەك موسوڵمانێك ئەرکە موسوڵمانیەکەی وبروابوونی بەئیسلام وەك دین قایمبوو.وەك سیاسەت شتێکی تربوو

یەکێك لەگرێ روحییەکانی سادات و گشت ئەفسەران و نوسەرانی میصری تاساندبووگەرانەوەی ئەو زەویانەی ئیسرائیل داگیرکردبوون. ئەمە بوو بە بەرنامەی یەکەمی سادات و کاری زۆر بۆ کرد, بێگومان لە رێگەی دیالۆگ و دانیشتن لەسەر مێزی خڕ رێگەیەك نەبوو میصر و ئیسرائیل بگەینیتە ئامانجیکی دڵخۆشکەر.

لەسەردەمی ناصردا پەیوەندی سوڤیت و مصر زۆر بەهێز بوو جگە لە دابینکردنی چەکی سوپای میصر . کۆمەڵی کادیری هونەری سەربازی و جەنەراڵی روسی لە میصردا کاریاندەکرد.لەبەرنامەی ساداتدا جەنگێك هەبوو دەبوایە بیکردایە هەرلەسەرتاوە خۆی ئامادەی جەنگ کرد.

جەنگیش پیویستی بە چەك و تەکنەلۆژیای نۆی سەربازی هەیە. سەرچاوەی چەکی سوپای میصرسوڤیتی بوو. سوڤیت بەوە هوشیاربوون کە سادات نیازی جەنگیکی لەتەك ئیسرائلدا هەیە.

ئیستراتجیتی رووسەکان هێندە قایم ونهینیە مەگەر شەیتان پەی بەرێ رووسەکان هەرچەندە لەشەری ساردا لەتەك ئەمەریکادا بەرامبەر بوون و ئیسرائیلیش بەشێك یان لەرووی سیاسیەوە وەك هەرێمێکی

ئەمەریکییە لە رۆژهەلأتی نێوەراست . لەئاست بلانسی سەربازی و سیاسی خۆیاندا مامەڵەیان لە تەك کێشەی عەرەب و ئیسرائیل دەکرد نەك لەئاست بلانسی سیاسی نێوان سوڤیت و ئەمەریکا و پەیوەندی سۆڤیت و مصر.


پێش ئاشکرابوونی هەندی نیهینی دەستپێکردنی شەر سادات کۆمەڵی پەیمانی بازرگانی و سەربازی لە تەك سۆڤیتدا بۆ كرٍینی چەك مۆرکردبوو. لە چاوەڕوانی گەیشتنیان بوو.روسەکان دەستی بەدەستی و درۆیان لە گەلٚ سادات دەکرد.سادات لەم هەلۆیستەی سوڤۆیەت تۆڕە بوو لەساڵی 1972روسەکانی لە سوپای میصری دەرکرد.

ئەم هەلۆێستەی سادات سوڤیتی توشی شۆك کرد.پێگەیەکی بالأی لەناوچەکەو جیهان بەسادات بەخشی. لەیەك ساتدا سادات ئامادەباشی جەنگێك بو لە تەك ئیسرائیل لە بەرەیەکی تردا لە جەنگی دبلۆماسی بوو لە تەك یەکی لە گەورەترین هێزی سەربازی جیهان(سۆڤێت) ئەم هێزە روحییەی سادات تەنیا خویندنەوەیەکی سایکۆلۆجی مرۆڤی رۆژهەلأتی دەوی کە بە سەرەڕوی و تیژڕەوی بەناوبانگن.

وەك سەرکردەیەکی سەربازی هوشیارونیشتمانپەرەوەرێکی دلٚسوزبەبێ یارمەتی سۆڤیت توانی بجەنگی وسەرکەوتنیشی بەدەست هانی.

ئەم سەرکەوتنەی سادات پێگەیەکی زۆر بالأی لە جیهاندا پێ بەخشی بەرادەیەك ئیسرائیل زۆر بە رێزەوە تێدەڕوانی ئەو سەرکەوتوبوو بەلأم داوای ئاشتی هەمیشەی لە ئیسرائیل کرد..

## 1979پەیماننامەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل ومیسر وبە ئامادەبوونی ئەمەریکا مۆرکرد.



נעשה בוושינגטון, די.סי. ביום זה כ"ו באדר לשנת תשל"ט, 26 במרץ 1979.
בשלושה עותקים בשפות העברית, הערבית והאנגלית וכל נוסח אמין במידה שווה .
במקרה של הבדלי פרשנות, יכריע הנוסח האנגלי

حررت في واشنطن د ى • سى • فى ٢٦ مارس ١٩٧٩م • ٢٧ ربيع الاول ١٣٩٩هـ
من ثلاث نسخ باللغـــات العبرية والعربيـــة والانجليزية وتعتبر جميعها متساويـــة
الحجيـــة • وفى حالة الخلاف حول التفسير فيكون النص الانجليزى هو الذى يعتد به •

DONE at Washington, D.C. this 26th day of March, 1979, in triplicate in the Hebrew, Arabic, and English languages, each text being equally authentic. In case of any divergence of interpretation, the English text shall prevail.

בשם ממשלת ישראל :

عن حكومـــة
اسرائيــــــل :

For the Government of Israel:

בשם ממשלת הרפובליקה הערבית
של מצרים :

عن حكومـــة
جمهورية مصر العربيـــــة :

For the Government of the Arab Republic of Egypt:

הועד על-ידי :

شهد التوقيـع :

Witnessed by:

ג'ימי קארטר, נשיא
ארצות הברית של אמריקה

جيمس كارتـر • رئيـس
الولايات المتحدة الامريكيـة

Jimmy Carter, President
of the United States of America

ئەم هەڵویستەی سادات تەواو سیناریۆیەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لەئاژاوەی نێوان هەردووجەمسەری شەری سارد(ئەمەریکا و سۆڤیت) گۆڕی.


ئیخوان موسلمین لەدروستبونیانەوە تائیستاش هەمیشە پەیوەنیدیان بە دەزگا نهینەکانی وولاتانی خاوەن بەرژەوەندیەوە هەبوو لەداهاتوشدا دەبێت.



له رۆژی 20-11-1977لە کنیست ئیسرائیلی

سۆڤێت لەتۆڵەی دەرکردنی روسەکان ولەڕێگەی(KGB) پەیوەندیان بە ئیخوانەوە کرد و لە 1981 لە کاتی نیمایشی سەربازیدا ساداتیان تیرۆرکرد .( Der Krieg im Dunkeln . Die wahre Macht der Geheimdienste. Udo Ulfkotte. Eichborn .2006.

ئەم کارە قیزەونەی ئیخوانەکان بوو بەپەڵەیەکی ناشیرین بەناوچەوانی ئیسلامی سیاسیەوە.



سادات جگە شارەزای لە دینی ئیسلام زۆر بە ئاگابوو لە دینی مسیحیش لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزوینیدا(ZDF) (کۆنە سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیا هیلموت شمت )ووتی سادات زۆر شارەزای مسیحە لەمن باشتر تێگەیشتنی بۆ مسیح هەبوو. کوشتنەکەی کارەسات بوو.

چوونی بۆ قدس و مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی لە تەك ئیسرائیلدا گەلی میصری دڵخۆشکرد بۆیە لەکاتی گەڕانەوەیدا لە کۆی 8 ملوین مصری لە قاهیرە 5 ملوین لە پێشوازیدابوون ئەمە ئەوەدەگەینی گەلی میصر دژی سادات نەبوون ئەوە خاوەن بەرژەوەندیەکان بوون ویژدانی ئیخوانیان کری و کەسایەتێکی مەزنی وەکی ساداتیان تیرۆرکرد.



سادات لە کاتی گۆیگرتن لە وتاری رۆژی هەینیدا

هزری سادات بۆ کێشەی نیوان عەرەب و ئیسرائیل زۆر فراوانتر و پێرەوتر بوو لە گشت هزری وولاتانی عەرەبی کاتێك سادات چوو بۆ ئیسرائیل کۆمکاری عەربی بە پەلە و لەسەر داخوازی عیراق کۆبونەوەیکیان لە بەغدا سازاندا بە کۆی دەنگ دژی سادات و میصریشیان لە کۆمکاری عەرەبی دەرکرد. راستی گشت پروژەیەك لە زەمەن و پراکتیکدا دەردەکەوێ بۆیە دوای چەند ساڵ بەسەر یەکەم

هەنگاوی سادات ؟ زوربەی وولاتانی عەربی ریچکەکەی ساداتایان لەمەر کیشەی ئیسرائیل و عەرەب گرت.

ئەوەی شایانی گرنگیە تائیستا بە چری لەمیدیادا باسنەکراوە ناصر مرد یان کوشتیان .

دوای مردنەکەی ناصر وەفدێکی میصری سەردانی چین دەکەن. سەرۆکی چین ئەو ساتە ( شۆاین لای) پرسیار لە سەرۆکی وەفدەکە دەکات:

کێ ناصری کوشت . دەڵی نازانم

شۆاین لای : سۆڤیت کوشتی , ناصر تەمەنی 52 ساڵ بوو

کاتی مرنی نەبوو .

## 2: ئیسلامی سیاسی و سیاسەتی ئیرانی

### محمد مصدق1951

### 1979 ایه خمینی

***تابۆكان ناشیرینش بن ئاشكرابونیان جوانه .***

پێش جەنگی جیهانی یەكەم دوو ئیمپراتۆریت هەبوون هەریەكەیان دەیویست فراوانترین دەسەڵاتی هەبێ. ئەویش ئیمپراتوریتی روسی و بەریتانی بوو.

ئێران لە نێونیاندا قاشكرابوو رووسەكان(1907)لەسەروی ئێراندا سەقامگیر بوون .

سوپایەكیان لەژێرچاودیری وكۆنترۆڵی ئەفسەرە روسەكان بەناوی هیزی(قوزاق)دروستكرد.

بەریتانیەكانیش خواروی ئێرانیان كۆنترولكردبوو.ناوچەی نێوانیان و شاری تاران هاوبەش بوو . تا شۆرشی 1917 سوپای روسیا لە ئێران مایەوە . دوای ئەو شۆرشە ئەفسەرە روسەكان سوپاكەیان بەبێ سەركردە بە جێهێشت.

ئینگلیزەكان ناچاربوون سەركردەیەك بۆئەو سوپایە پەیدابكەن.

جەنرال(ئەجموند ئیرونساید)بەریتانی زیرەکترین ئەفسەری ئەو سوپایەی کە ناوی(رەزامیرزا) هەڵبژاردوو کردی بەسەرۆکی سوپاکە .

(رەزا میرزا)بەلێهاتووی خۆی توانی ناوچەکە بخاتە ژیر کۆنترۆڵی خۆی و تاران بگریت شای(قاجار)لەسەرتەخت لابەری خۆی بوو بە شاه ئێران.

یەکیك لەفیگورە سیاسیەکانی ناوچەکەی ئەوساتە کمال ئەتاتورك بووشای ئیران زۆربەرێزەوە تێدەڕوانی لەسەرتادا ویستی کۆمارێکی ئێرانی مۆدێرن لەشێوەی کوماری تورکیا لە ئێران دروستبکات بەڵام(ایەاللە)کان پەسەندیان نەکرد لەبەر دوو هۆی یەکەم سیستەمی کۆماری سیستەمێکی مۆدیرنە و لەئەنجامدا سیستەمی کۆمەڵایەتی دەگۆڕی وکولتوری ئێرانی کاڵدەبێتەوە .

دووهەم کولتوری ئێرانی پیوییسیتی بەشاه هەیە نەك سەرۆك کۆمار.

رەزاخان لە1925بوو بەشای ئێران.

نازناوی خۆی کرد بە(پەهلەوی)کەپەهلەوی ناوی زمانێکی کۆنی ئێرانی پێش ئیسلامە. ناوی وولاتەکەشی لە وولاتی فارسەوە کرد بە ئێران.

لەپێش ودوای جەنگی جیهانی یەکەم.بەتایبەتی دۆزینەوە ودەرهێنانی پیترۆڵ لەناوچەی(مسجد سلیمان)کەکەوتبوە ناوچەی سنوری بەریتانیا ئیتر بەریتانیا بەچاوێکی تروە روانیە ئێران.

پێگەیەکی گرنگی لەئیستراتجیتی ئابوری و سیاسی و گۆپولوتیکی لەبەرنامەی زلهیزەکان سەرمایەدارەکانی جیهاندا پەیداکرد.

ئەم پێگەگرنگەش بووبەهوی دەستخستنە نێوسیاسەتی ئێرانەوە.

**دوای داگیرکردنی فرنسا له لایەن ئەڵمانیاوە . پەیوەندی سیاسی و ئابوری لەنێوان ئەڵمانیاو ئێراندا زۆر فراوان بوو.کە هیتلەر 1941 هێرشی کردە سەر روسیا . ستالین نەخشەیەکی زیرەکی کێشاو لەتەك بەریتانیا ئابلوقەی هەمە ڕەهەندیان خستە سەر ئێران و لەبەر ئەوەی شای ئێران(رەزا پەهلەوی)هاوکاری ئەڵمانیەکانی دەکرد ناچاریان کرد ئێران بەجیبهێڵێت کورە گەنجەکەی کە هیچ ئەزمونێکی سیاسی نەبوو بە شای ئێران دانرا.**

**محمد رەزا شاە پەهلەوی , کەدەبێتە شای ئێران گەنجیکی بێ ئەزموونی سیاسی دەبێ .**

**کودەتا سپییەکەی(محمدمصدق1951)دژی کۆمپانیە پیترۆڵیەکانی بەریتانیا و ئەمەریکی کودەتاکەی ناصری 1952 بەزمان و پریسنیب و ئیستراتجیتی سیاسی بەیەکەم بەهاری ڕاپەرینی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دادەنرێ.**

**چونکە هەم دژی دەسەڵاتی ڕەهای شای ئێران و هەم دژی کۆلۆنیالی ئابوری بەریتانیا و ئەمەریکی بوو.**

**مصدق ( 1880 - 1976 )**

**لە زانکۆی سویسرا دکتورای لەسەر یاسا هانیوە .**

**1923 دژایەتی شا ی ئیرانی کرد**

**1944 بوو بە ئەندامی پەرلەمانی ئیرانی**

**1951تا 1953 بوو بە سەرۆك وەزیران .**

1953 لەسەر چالاكییەكانی شا ویستی لە سەرۆك وەزیران دەری بكات .
خەڵكی شاری تاران رژانە سەر شەقامەكان شا لەترساندا هەڵهات و ئێرانی بە جێهیشت .
كودەتاكەی مسدق لێدانیكی جەرگ بربوو لە ئابوری كۆمپانیە پیترۆڵیەكانی ئەو دوو وولاتە لێ هەردوو زلهیز بۆ لابردنی مسدق و گەڕانەوەی دەسەلاتیان لە ئێراندا لە جیاتی ئەوەی پەنا بەرنەبەر هێزی سەربازی و داگیركردن لە ڕێگەی دەستگا نهینەكانیانەوە (CIAئەمەریكی , MI6 بەریتانی)نەخشەی كودەتایاكیان دژی مسدق كێشا.
مسدق كەسایەتیەكی نەتەوەی و هوشیاری ئێرانیەكان بوولابردنی ئاسان نەبوو بە هوشیاری و دڵسۆزی بۆ نەتەوە ونیشتمانی توانی بگاتە ئەو پۆستە . ئەمەریكای و بەریتانیەكان لەم ڕاستیە بەئاگابوون راستەوخۆ بچونایە بەری دژی مسدق و بەكارهێنانی سوپا ئەوە مسدق دەیتوانی بەهێزی شەقام وپەرلەمان شەركە بەرێتەوە.
سەركەوتنی مسدقیش لەوساتەدا دەبووە سەقامگیر بوون و گەشەكردنی هەستی نەتەوایەتی ئێرانیەكان سەرتایەك بۆ دیموكراتیزەكردنی سیستەمی دیموكراسی لەدۆخی سیستەمی دیموكراسیدا كۆمۆنیستە ئێرانیەكان كە بەشێك بوون لەپێكهاتەی پەرلەمان ئەوانیش بە پێ پێگەی جەماهیریان گەشەیان دەكرد, سۆڤێت دەتوانی كۆنترۆڵی بەشێك لەسیاسەتی ئێران بكات.سیاسەتی ئێران كار لە سەر وولاتانی سەربە بەریتانیا عیراق و كەنداوی فارسی بكات.

له بەشەکانی پێشودا باسم لەوەکرد کۆلۆنیالیست له(لەهزری نەتەوایەتی وچەپ)دەسلەمێتەوە.ئەگەر کۆمەلگایەك بەودوو هزرە گۆشبکرێت ڕێگە نادات نیشتمانەکەی کۆلۆنیال بکرێت وسامانی بەتالان ببرێ. تاکتیکی بەریتانی و ئەمەریکایەکان ئەوە بوو بۆگەیشتن بە ئامانجەکانیان هێزێکی ئێرانی بەکاربهێنن. باشترین هێزیش کەبتوانی بەرامبەر مسدق بوەستی ئیسلامی سیاسیە .

جلەوی لەپەرلەمانی ئێرانیدا بەدەست مسدقەوە بووتەنیا هێز بتوانی زۆرانی سیاسی لە گەلدا بگرێ ئیسلامە.

( رازم اراه )جەنەڕاڵێکی سوپای ئێرانی و نزیك لە شا بوو داوای لە شا کرد بە ناوی (حاجی رەزا اراه) بێکات بە سەرۆك وەزێران .

هەرچەندە ئەم کەسە نەچووبوو بۆ حەج بەلأم بەپێ ترادسوینی ئێرانیەکان هەرکەسێك لە ئێراندا لەسەرەتای مانگی کۆچیدا لەدایك ببێ نازناوی(حاجی)دەچێتە پاڵ ناوەکەیەوە(رازم اراه)ئەو نازناوە ئیسلامیەی بەکارهانی تا لە پەرلەماندا وەك کەسایەتیەکی ئیسلامی نیشتمانی دژی ڕەوتی نەتەوەی نیشتمانی مسدق شکست پێبهێنی.

لە دانیشتنێکی پەرلەماندا مسدق جنێو بارانی(رازم اراه) ی کرد .

پیووت :

تۆجەنەرالی ڕێویت لەبەرگی پشیلەدا. بگەڕیوە بۆ لای ئەوکەسەی کە ناردویتی بۆئێرە. مەبەستی شا بوو.

سترۆکتۆری شیعە پیشئەوەی سترۆکتۆریکی دینی بێ سترۆکتورێکی سیاسیە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ رەحمی ئەو میژوویەی کە تێدا لەدایك

بووه بەتایبەتی شیعەی ئێران قوڵایەکی زۆری لە سیاسەتی ئیسلامیدا هەیە. ئێرانیش زۆربەی شیعەن بۆیە ئەوەی دەیتوانی مسدق لەسەرکار لابەری تەنیا کەسێکی ئیسلامی شیعەیە.

پێش گەرم بوونی جەنگی نێوان ئەمەریکا وبەریتانیا. رژیمی شاهنشای گرفتی لەتەك(ایەالله ابوالقاسم کاشانی1882-1962) بوو.

شاربەدەری سیاسی کرابوو لە لوبنان دەژیا. لەسەر داخوازی ئەمەریکی گەرایەوە بۆ ئیران کەوتە دژایەتیکردنی مصدق . یارمەتی پرۆژەکانی ئەمەریکا وشای ئیرانی دا .

لە 1953-06-25 سەرۆکی ( CIA ) ( Kermit Roosevelt ) لە ئۆفیسی وەزیری دەرەوە(Foster Dull) کۆدەبنەوە نەخشەی بەناوی ( Ajax ) بۆ کودەتایەك دژی مصدق دەکێشن.

1953-08-19(CIA)نەخشەی لابردنی مصدقی دەستپێکرد.

شڤارتس کۆڤ (باوکی نۆرمان شڤارتس کۆڤ)کە ساڵی 1991بۆ دەرکردنی صەدام لە کۆیت سەرکردایە ئۆپەراسیونەکانی کرد. کردیان بە لیپسراویکی کودەتا دژی شای ئیران . پارەیکی زۆریان خستە بەردەستی بۆ پروپاگەندەو کرینی رۆژنانەو نوسەر و شاعیر وبازار و سیاسەتمەدارن دژی مصدق .

دابەشکردنی پارە بەسەر شەقام و پرۆپاگەندەی ئەوەی کە پارتی(تودە)کۆمۆنیستەکان نیازی دروستکردنی دەوڵەتێکی کۆمۆنیستیان هەیە.

(ئەوەی شایانی ووتنە یان بیر هانینەوەیە ئەم نەخشەی ئەمەریکایە بۆ لابردنی مصدق کۆپی هەمان نەخشەی ( فیلهیلمی دووهەم ) کایزەی ئەڵمانیا دژی قەیسەری روسیا پارەیەکی زۆریان خستە بەر دەست لینین بە هویەوە لینین ساڵی 1917 دەسەڵاتی کایزە لە روسیا نەما کە لە میژوودا بە شۆرشی بەلشەفیەکان نازناو بوو لێ لەڕاستیدا ئەو شۆرشە شۆرشی کۆمۆنیستەکانی روسیا نەبوو بەڵکو نەخشەیەکی ئەڵمانی بوو بۆ لاوازی روسیاو شکستهێنان بە پەیماننامەی ( ساکی بیکو)

Die gekaufte Revolution
. Der Spiegel No 50—10-12-2007.

نزیکەی 60000 هەزار هەوادارانی شا هاتنە سەر شەقامەکان دژی مصدق. ئەنجام 300 کەس کوژران. مصدق رایکرد لێ پاش ماوەیەك خۆی دایە دەست پۆلیس زیندانی کرا و نزیکە 2000کەس لە هەوادارانی سزایان بەسەردادرا.

شا گەرایەوە بۆ تاران (فیزوالله زاهیدی) بوو بەسەرۆك وەزیرانی ئیران.

دوای 50 ساڵ بەسەر ئەم روداوەدا رۆژنامەی(Guardian)لە 25.08.2003نەخشەی لابردنی مصدق ئاشکرادەکات کە هەردوو دەزگای نیهینی ( بەریتانی MI6. ئەمەریکیCIA )بەهێزی پارە و بەرتیل بە رۆژنامەکانی ئیرانی کە بە خراپ و هەڵە لەسەر مصدق بنووسن .

ڕۆڵی ئیسلامی سیاسی لە کودەتای دژی مصدق :

(ایه سید ابوالقاسم کاشانی 1882-1962) لەساڵانی پەنجادا مامۆستای خومینی بوو.خومینیش لەسەردەمی لاویتیدا واتە سەردەمی خەباتە نیشتمانیەکەی مصدق لە ئیران بوو لەژێر کارتیکەریی هزری مامۆستاکەی خودی خومینی دژی (مصدق)هاوبەش بوو.



خومەینی لەسەردەمی قوتابیدا

لە خزمەت بەرژەوەندی ئەمەریکدا بوو؟

ئەمیر ئەشرەف خوشکی شای ئیران لەزاری(ئەفسەری سیخوری ئەمەریکی جون والد) دەڵێ :

(ایە اللە بهبهای وایە اللە کاشانی)سیخوری ئەمەریکی بوون.موچەی تایبەتیان هەبووە داوین پیس و بە قاچاخ سێکسیان کردوە .

شۆرشی ئیسلامی ئێران لاپەڕەیەك بوو لە گۆڕینی ڕووی سیاسی ڕۆژهەڵات و خواری ئاسیا بە تایبەتی ووڵاتانی سەر بە قوتابخانەی هزری ئیسلامی.گەر بە وردی بڕوانینە ڕوداوەکانی ناوچەکە راستیکەمان بۆ ڕووندەبێتەوە چۆن و کەی کێ خاوەنی نەخشەی گۆڕینی ڕووی سیاسی ناوچەکەیە.ئەوەی زۆر زەق و دیاریە گۆرینی ڕووی سیاسی ئێرانە کە تا نوسینی ئەم پەرتووکەش گرژی نێوان سیاستمەدارانی ئێران و ڕۆڵی ئێران لەهاوکێشە سیاسەیکانی ناوچەکە بە تۆخی دیارە.

لەبەشێکی تری ئەم پەرتووکەدا رۆڵی ئیسلامی سیاسی لە ئەفغانستان و پاکستاندا دەبەستینەوە بە هەمان سیناروی گۆڕینی ڕژیمی شای ئێران بە ڕژێمیکی ئیسلامی ؟

سیناریوی ڕاپەرینی گەلانی ئێران1979ودروستبوونی کۆماری ئیسلامی بەرابەرایەتی روحی شیعگەری خومەینی بە قۆناغی دووهەمی ڕۆڵی ئیسلامی سیاسی لەمیژووی ئێراندا دادەنرێت.

لە قۆناغی یەکەمدا بۆ گەڕانەوەی شا و شکستی پرۆژە نیشتمانیەکەی مصدق . خومینی ڕۆڵی هاوکاری ئەمەریکای بینیوە بە گەنجیتی .

لە قۆناغی دووهەمیشدا خومینی بە پیری بۆ لابردنی شا بەکار هات و دوای سەرکەوتن خومینی بوو بە ڕووکەشی بوو بە دوژمنی ئەمەریکی .

پەلەمەکەن دینە سەر ڕاستی نهێنیەکانی خومینی و پەیوەندی بە ئیسرائیل و ئەمەریکاوە .

ئەم بازییە سیاسیە خوێناویە . تێگەیشتنی پیویستە .

دوای شۆرشی ئیرانی تەواوی جهانی ئیسلامی توشی ئیفلیجی سیاسی بوو کۆمەڵگاش لەرەوتی پێشکەوتنی بەرەو دواوە خلبووە .

دیاردەی ئیسلامی توندڕەو چارپۆشی ئافرەتان و ریشی ناشیرینی پیاوانی ئیسلام بوو بە سمبۆڵی قۆناغێکی ناشیرینی ئیسلام لە جیهاندا.

گەربەهوشیاریەوە بڕوانیەن دۆزی سیاسی جیهان ئەومان بۆ ڕووندەبێتەوە کە تا ڕمانی بلۆکی سۆڤیت بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی بەو شێوە ناشیرنە نەبوو.

74 ساڵ واتە(1917تا1991)جیهان سێهەم و ئیسلامی بەبیری کۆمۆنیستی حۆلکرابوون. دوای ڕمانی ئەو ئایۆلۆژیە . ئیسلامی سیاسی لە جیهانی ئیسلامیدا بوو بە ئەلتەرناتیفی هزری کۆمۆنیست و چەپەکان .

لە دوای ساڵی 1953 بە پراکتیك ئیران بەشێك بوو لە ئەمەریکا هەموو دەزگا نهینی و گرنگەکانی ووڵات بە کادیری ئەمەریکی پڕکرابوونەوە

( د. میلزبو) لیپێسراوی کاروباری ئابوری ئیران .

(جەنرال کلیرنس س ریدل) سەرۆکی ڕاگری یەکەمی سوپا

(کونولیل نورمان شڤارتس کوف)بەریوەبەری پولیس یانی وەزیری ناوەوە (باوکی ئەو جەنەراڵەی لەگەردەلوولی بیاباندا بۆ رزگاری کویت دژی سەدام) جەنگا.

(جەنرال دونال کونولی) سەرۆکی هێزی دەریایی کەنداوی فارسی

( باتریك بورلی) نوێنەری سەرۆکی ئەمەریکی لە ئیران.

لەماوی 25 ساڵ تەمەنی شاە ئیران بە هوی بەرزبوونەوەی نرخی پیترۆڵەوە بوو بەخاوەنی سوپایەکی بەهێز و پارەیەکی زۆر و هەوڵی پەیداکردنی هیزی ئەتۆومی دا.

سالی 1975 شا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیدا ووتی :

هێزی دەریای ئیرانی 20 جاربەهێزترە لەهێزی سەربازی بەریتانی سەردەمی جەنگ .

سالی 1972 شاە ئاهەنگی(برسوبولیس)ی گێڕا 68 سەرۆك و پاشای جیهانی بانگهیشتی ئەو ئاهەنگەکردبوو. پێش ئەم ئاهەنگە ئیران 3 بلوین دۆلار قەرزاربوو.دوای بەرزبوونەوەی نرخی پیترۆڵ کاسەی ئیران پڕبوو لە دۆلار لە قۆناغی یەکەمدا دوای دانەوەی قەرزەکانی بوو بەخاوەنی6بیلوین دولار.

دوای سالێك گەیشتە19بیلوین دۆلار.بەهوی ئەم پارە زەبەلاحەوە شای ئیران توشی غرور بوو.

ووتی پاش ماوەیەکی تر ئێران دەکەمە بەپێنجەم ووڵاتی پیشەسازی جیهانی . دەتوانین تەواوی خواروی ئاسیا و رۆژهەڵاتی نێوەراست بە پیویستیەکانی پڕبکەینەوە.

لەکۆڕێکدا هێرشیکردە سەر ئەمەریکا و ووڵاتانی تری دیموکراتی ووتی ئەوان شتێکیان نیە لێوەیانەوە فێرببین.

ئەو بیر و بۆچونە پوچەی بەناوی(دیموکراتیەوە)باسی لێوەدەکەن ئێمە پیوستمان پێنیە.بەم شێوەی شاە دەویست لەئەمەریکاو سەرمایەدارانی جیهان دووربکەویتەوە بێگومان ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە بۆ ئەوان.

سالی 1972 نیکسون وکیسنجر لەگەڕانەویان وسەردانی بریجنیف لە مۆسکۆ لەتاران لایاندا و لە تەك شادا لەسەر دۆخەکان گفتوگۆیانکرد.لەوکوبونەوەیدا شاە داوای لێکردن ئەو کارمەندانەی دوای کودەتاکەی مسدقەوە لەتەواوی بنکەگرنگەکانی ئێراندا سەقامگیر و خاوەنی بریاربوون لەئێران بکێشنەوە.

ئیتر ئەمەریکا و بریاریدا شا لا بەرن.بەڵام نەخشەی ئیستراتیجی ئەمەریکی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێش بڕیاری لابردنی شا بوو. بەلابردنی شاش کۆتای نەهات . بەڵکو ئێران یەکێك بوو لەو وولاتانەی کە لەلیستی پێشەوەی تێکدان و داتەپینی ئابوری کلیلی گرفتێکی دیژخایان ومەترسیدار بۆ گشت ناوچەکە وبەتایەبەتی ناوچەی کەنداو ئابوری ئەمەریکی لە دووسەرچاوەوە دەژی بەروو بوومی پیشەسازی سەربازی وپیترۆڵی.

ئێران ولاتێکی دەوڵەمەند و سوپایەیەکی پرچەك و خەزینەیەکی پڕ دۆلار وکۆمەڵگایەکی پڕ ئاژاوە . رۆحێکی شیعەگەری تورە ,باشترین دەسەکەلایە بۆ تێکدانی کشت ناوچەکە.

عیراقیش وولاتێکی دەوڵەمەند وسوپایەکی تۆکمە و رژێمێکی سونەی تەندرەوەی دژ بە شیعەو کورد.

بۆیە جەنگێك لە نێوان ئەم دوو وولاتەدا دەبێتە بازارێك بۆ فروشتنی چەك وداتەپینی ئابوری هەردوو وڵات تیوەگلاندنی میرنشینەکانی کەنداو تێدا.بەهوی جەنگەوە دەتوانی بوونی خۆی لە کەنداودا بسەلمێنی کۆنترولی پیترۆڵەکەی مسۆگەربکات. وولاتان بە ئارەزووی خۆی دادۆشێ.

کێسنجەر  ووتەیەکی بەناوبانکی هەیە دەڵێ :

عەرەب  شایانی ئەوە نین کۆنترۆڵی  60٪ پیترۆڵی جیهان بکەن .

لەئیستراتجی ئەمەریکدا نەبوو بۆ لابردنی شاە پەنا بەرنە بەر باڵێکی چەپی ئیرانی ئاژاوەی دوای شاە بەئاسانی چارەسەر نەدکرا بێوستیان بە هێزیکی توندڕەوو کەبتوانی برِوا بەزوربەی ئێرانیەکان بهێنێ. کۆمەڵکای ئێرانی بەریژەیەکی زۆر شیعەمەزهەبن کارتی ئەم هێزەش لە زۆر دەمێکەوە توژینەویە لە لایەن پسپۆرانی بۆاری سیاسیەوە بۆکرابوو. ئەمەریکاش لە زۆر وولآتانی ئیسلامیدا کەڵکی لە رێکخراوە ئیسلامیە سیاسیەکان وەرگرتبوو.تاقیکردنەوەی لەسەر ئیسلامی سیاسی زۆر بوو خۆشی دروستکەری چەند ڕێکخراوێکی ئیسلامی توندڕە .

ئەوەی کە دەتوانی ویستەکانی ئەمەریکا بهینیتەدێ ئەو کەس و رێکخراوەیە کە ڕادیکالآنە بەرنگاری کەرتە هزریەکانی ئێرانی ببێتەوە. ئەویش ئیسلامی سیاسیە.

***پێم ناڵێن خومینی کێ یە؟ فرح پەهلەوی***

***مرگ بر شاه. مرگ بر أمەریکا***

***ئەمەدروشمی شۆرشی گەلانی ئیران بوودژی محمد رازا شاە پەهلوی و بوونی ئەمەریکا لە ئیران.***


ئەوەی جێ پرسیاری چاودێران و تویژەرە سیاسیەکانە هەردوو گۆڕانەکە بە دوو ئیستراتیجی جودا ڕویداوە هەردوو گۆڕانەکش یەك هێزی سیاسی ئیسلامی لەپشتەوە بووە.

لەساڵانی پەنجادا کەسایەتێکی نیشتمانی هوشیارو ئەکادیمای ئێرانی بەناوی (محمد مصدق)بووبە پاڵەوانی شانۆی سیاسی ئێران وبە هێزیکی کەمەوە بەرەنگاری دووهێزی گەورەی جیهانی (ئەمەریکا وبەریتانیا)بووە.

مصدق لە رێگەی پەرلەمانی ئیرانیەوە بە جوانترین ومۆدیرنترین و دیموکراتی شێوە توانی کۆمپانیە پیترۆڵێەکانی ئەو وڵاتانە بخاتە ژێر فشاری بەرژەوەندی گەلانی ئیرانیەوە(پیترۆڵی ئیرانی خۆماڵیکرد).

یانی مصدق سیاسی و کەسایەتیکی دڵسۆزی ئێران و سامانەکەی بوو.ئەی بۆچی ئیسلامی سیاسی ئێرانی دژی بوون؟

وەکی لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد بۆ لابردنی ئەم قارەمانە. ئەمەریکا و بەریتانیا پەنایان بردە بەر ئیسلامی سیاسی ئێرانی( ایە الله ابوالقاسم کاشانی) کەپەناهەندە بوولە لوبنان بەیارمەتی ئەمەریکا گەڕایەوە بۆ تاران توانی مصدقی لاوازبکات جەنگێکی ناخۆ لەنێو تاراندا لە نێوان هەوادارانی مصدق و ئیسلامی سیاسی ئێراندا دروستبوو تێدا سەداها کوژرا وسەدەها لە هەوادارانی مصدق گیران .



Mohammed Mossadegh entering the military tribunal hearing in Tehran, November 8, 1953

ئەمە بۆ ؟بۆ دەبێ ئیسلامی سیاسی دژی بەرژەوەندی نەتەوەی و نیشتمانی بێت؟

بەمەبست زیاتر چربوونەوە ئەم چەند دێڕەی لەسەرەتاوە نووسراوە دەینوسمەوە .

سەرتای ئیسلامی سیاسی لە قوناغی پیش جەنگی جیهانی یەکەمدا دروستبوو.

(نصرالدین شاه)لە1890-03-08 شای ئیران لە تەك بازرگانیکی ئینگلیزی بەناوی( ج.هـ.ف.تالیوت) ریکەوتنیکی بازرگانی لەبۆاری توتن وپیشەسازی و بازرگانی جگەرە بەنرخی15000جنی ئەستڕلینی لەسالیکدا بەست. ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ بۆ مۆنۆپلۆیکردنی سامانی

ئیرانی. هەرئەم رێکەوتنە بوو بەهۆی تورەبوونی پیاوانی ئاینی شیعە(حاج میرزا شیرازی)کە سەرکردەیەکی دیاری ئیران بوو فتوایەکی دا تیدا داوای لە ئیرانیەکان کرد مامەڵە لەگەل بەرهەمی جگەرەی بیگانە نەکەن. ئەم فتوایە لیدانیکی مەزن بوو لەبەرژەوەندی و بازاری سەرمایەداری بەریتانی.

ئەم هەلویستەی شیعەکان وەك سەرتایەك بۆ گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی ئیرانیەکانی نیشاندا..

جمال الدین یش لەرێگەی یەکی لە هەوادارەکانیەوە(نصرالدین شاە)لە 01-مایو-1896 تیرۆرکرد.

واتە دەتوانین ئیسلامی سیاسی ئیرانی بخینە ژیر پرسیاری سێ قۆناغەوە .( سالی1896. سالی1953.سالی 1979).

پێش شۆرشی گەلانی ئیرانی سالی 1979ولەجیهانی بەرفراوانی سیاسەتی نیودەولەتی و ناوچەی و ئێرانیدا خومینی کەسێکی دیار و بەناوبانگ و ئەکتیفی سیاسی ئێرانی نەبوو.

کاتیك لابردنی شا بوو بەکیسی ئەمەریکا. ئەمەریکا و رۆژئاوا گەرِان لە دووی کەسایەتیك وهزریکدا بۆ رِمانی شاە.

دەسەلاتی رۆحی لە ئێراندا شیعە بالادەستە. بۆیە تەنیا بەوقەبارە روحیەوە دەتوان ببێ بە فاکتی گۆرِانی سیاسی .

لەئێرانی شادا کۆمۆنیست شانسی نەبوو وولاتێکی دەولەمەند وسۆڤیتیش لەبەرخاتی ئیستراتجیت و پەیوەندی دبلۆماسی کۆمونیستەکانی ئێرانی لا مەبەست نەبوو باشترین فیگور دوزینەوەی

كەسايەتیەكی ئیسلامی بنەكە فراوانی كۆمەلآیەتی و رۆحی (خومینی)بوو.

له نۆفمبری 1978 سەرۆكی ئەمەریكی(جیمس كارتر)له تەك لیژنەی سێ قۆلی كوشكی سپی و بەهاوبەشی راویژكاری ئاسایشی نەتەوەی(بریجنیسكی)ولیپسراوی(CIA)(ریتشاردبومنی)بریاریاندا یارمەتی ئۆپۆزیسونی ئیسلامی رادیكالی ئیرانی بەسەرۆكایەتی(خومینی)بدەن دژی شای ئیران .

دەزگای سیخوری ئیرانی(سافاك)لەدوای سالی1953شارەزایانی كاری نهینی لەدەزگای(CIA)دروستیانكرد . بەشیوەیەك وەك بەشیك یان لقیكی(CIA)پیكەوە كاریان كردوە .

نەك تەنیا لەچوارچیوەی ئیران وسیاسەتەكەی لە ولاتانی تری ناوچەكەش .

ئەمەریكا ئەم دەزگاییەی كەدروستكرد بۆ ئەوە نەبوو تەنیا ئاسایشی كۆشكی شاه وئیران بپاریزی بەلكو دەزگایەك بوو بۆ چاودیری خودی شاه و پەیوەندیەكانی بە جیهانەوە.

بەناوبانگترین ئەفسەری(سافاك)(حسین فردوست)بوو لە هەمانكاتدا هەم (سافاك)بووهەم سیخوری(CIA)وهاوری سەرۆكی(CIA) ریتشاردهیلمز بوو .

(حسین فردۆسی)هاوری زانكوی محمد رەزا شاه و باوەرپیكراوی بوو لەسەر ئاستی هاوریەتیان شا زۆر نهینی تایبەتی خۆی لا ئەدركان . ئەویش وەك سیخوریكی ئەمەریكی گشت نهینیەكانی شای دەگەیاندە

ئەمەریكا  بەم شێوەیە ئەمەریكا شای ئیرانی لە قۆزاغەیەكدا دانابوو ئاگای لەگشت هەڵسوكەوتێكی بوو.

پێش دەستپێكردنی ڕاپەرین لە ئێراندا دژی شا . ئەم سیخورە لەسەر ویستی ئەمەریكا پردێكی پەیوەندی لەتەك خومەینیدا دروستكرد تەواو نەخشەی گەڕانەوە وئاسانكردنی بۆ كرد . میدیاكانیش كەوتنەپڕوپاگەندە بۆخومینی و بەتایبەتی ( BBC) بەشی فارسی لە لندن .

دوای رمانی شا رژیمی ئیسلامی ئێران سزای(حسین فردوسی)یان وەك ئەفسەری سافاك وهاوری شا نەدا.

## *گرفتی(عیراق وئیران)لەنەخشەی تێكدانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا*

ئەم نەخشەیە نەكۆن  نە كۆنیش  دەبێت . دوای هەموو جێمێك لە جەنگ ومالویرانی كوشتن وبەتالبردنی سامانی وولاتانی ناوچەكە ونەگبەتی بۆ نەوەكانی ئایندە زەمینەی سیاسی و كولتور وجوپۆلیتیكی ئەم ناوچەی زۆر لەبارە بۆ تێكدان وئاژاوە. ئێرە شوێنی هەموو ڕووداوەكانی نابێتە ئەوەی پەیوەندی بە بەشی دەزگای سیخوری ئەمەریكیەوە بۆ دارشتنی نەخشە سیاسیەكان چمكی دەگرین. لەبەشەكانی پێشودا ئاورێكمان لێدایەوە. لەدوای سالی 1953 بە پراكتێك  لەتارانەوە دەزگای نیهێنی ئەمەریكی چاودێری سۆڤیت و وولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستی كردوە ئەگەر بۆ نمونە بزوتنەوەی كوردی

و ئۆپۆزیسوینی شعیەی عیراق(حزبی دعوە)(پارتی)بهێنینەوە هەردوو ئەم دووهێزە هیچ هەنگاوێکیان بێ ڕاسپاردە و ویستی سافاك نەناوە .
دەزگای (ساڤاکی) ئیرانی شاە لە سەرداخوازی ئەمەریکا و بەیارمەتی شیعە هەڵهاتوەکانی عیراق لەئیران و بەیارمەتی (ایە اللە محمد صدر) لە عیراق پارتی(ا لدعوە) یان دروستکرد کەئیستا حکومی عیراق دەکات.
صەدام بەمەی زانیوو (صدری) کوشت. بەدرێژای تەمەنی ئۆپۆزسوینی ( الدعوە) لەسەردەمی شا و سەردەمی خومینیدا لە خزمەت ئیسرائیل و ئەمەریکا بووە .
سناتۆر(بایك) بۆ کۆنگریسی ئەمەریکی ئاشکراکرد کە مەلا مستەفا لەساڵی 1971 پەیوەندی بە بە لێپسراوانی (CIA)کردوە داوای یارمەتی لێکردون..
لە01- یونیو-1972 عیراق پیترۆڵەکەی خۆماڵیکرد لە 16-یونیو-1972 نیکسۆن پەیوەنیدی بە شای ئیرانەوە کرد.نۆینەرێکیشی ناردە لای کە ناوی(جۆن کونالی) سەرۆکی ناوچەی تکساس بوو سەربە کۆمارییەکان . پارێزەر وپەیوەندی بەکۆمپانیەکانی پیترۆڵ و چەك و دەزگای نهینی ئەمەریکیەوە هەبوو کە ئەم سێ هێزە کۆنترۆڵی جیهان دەکەن..
(جۆن کونالی) شای دڵنیاکردەوە ئەمەریکا ئەوەندە کۆمەکی کوردەکان دەکات تا ببیتە سەرئیشە بۆ عیراق.
1974 ئەمەریکا پرۆژەیەکی خستە بەردەم ئیسرائیل ومصر و سوریا بۆ مۆرکردنی پرۆتۆکۆلێکی ئاشتی نێوانیان. عیراق کۆسپی ئەو پرۆژەیە

بوو. کیسنجەر بە نیونەرانی ئەو سیٚ وولأتەی ووت خەم و ترسی عیراقتان نەبیٚ( شا چارەی دەکات) مەبەستی بەهوی کوردەوە.

دوای رێکەوتنەکەی شا ی و صدام کێسنجەر گلەی لەشا کرد ئاگاداری ئەو کارەی نەکردە چی لەو هەموو چەکە بکات کە بای(25) میلوین دولار لەبازاری سۆڤیتی قاچاخ بۆ کوردی کریبوو.

ئیران بزوتنەوەی لەباشوری کوردستانی بەهوی ئەفسەری کوردەوە(عیسی بەشمان)دروستکردوو عیراقی بەدریژای تەمەنیکی زۆر توشی سەریئشەکردبوو .

تەکتیکی تایەبەتی تر بوو کە ئەمەریکا زۆر دەمێك بوو کاریان لەسەر دەکرد. هەڵبژاردنی ئەم دوو وولأتە بۆ جەنگێك کۆمەڵە بنەمای هەیە کە پسپۆرانی ئیستراتیجی درێژخایانی ئەمەریکی زۆر بە وردی کاریان بۆکردبوو. کۆمەڵی فاکت هەن لەم دوو وولأتەدا وەك بۆمبێکی کاتی وان هەرکاتێك ئەمەریکا یان هەر هێزیکی دەرکی دەتوانی ئەو بۆمبە لەئاست بەرژەوەندی خۆی بتەقینیتەوە . ئەویش

1: هەردوو وولأت خاوەنی سامانێکی زۆری پیترۆڵ و غازن

2:  میژووی خوێناوی دوو مەزهەب شیعە وسنە .

3: گرفتی میژووی  سنوری نێوانیان

4: بوونی کورد و کێشەکەی لە هەردوو وولأتدا .

5: ناسیونالیستی دڕی فارسی و عەرەبی . گۆشکراو بە هزری دوو هزری تورەی شیعە وسنە.

هەریەکی لەم خالأنە لەکاتی خوێدا بەکاری دی بۆنمونە

1975گرفتی سێ دۆرگەی عەرەبی صەدام دای بەشاه. عەرەبە ناسیونالیستەکانی توڕەکردبوو.
گرفتی دەرونی و رۆحی نێوان دەسەلآتی سونەی عیراق و چەوسانەوەی شیعەکان لەلایەن صدامەوە , شیعەی ئیرانی توڕەکردبوو.
صەدام ڕادیکاڵێکی سونە خەوی بەسەرۆکایەتی نەتەوەی عەرەبییەوە دەبینی.
خومینی ڕادیکاڵێکی شیعە خەوی بەسەرۆکایەتی شیعەی جیهانەوە دەبینی. ئەم دوو فیگورە سیاسیە توڕەو سەر بە دوو مەزهەبی میژوو خویناوی باشترین کارتی دەستی ئەمەریکایەکان بوو .
جەنگ وشڵەقاندنی ناوچەکە
گەڕانەوی خومینی تەنیا لەبەر نەمانی شا نەبوو . بەڵکو بەشێك بوو لەسناریویە سیاسیەی ئەمەریکیەکە تائیستاش لە پیادەکردنی بەردەوامن . خومینی گەرایەوە شاه شاربەدەرکراو کۆماری ئیسلامی ئیران دروستبوو . هەر لەسەرەتاوە بە تاکتیکی میدایاوە کەوتە دژایەتی ئەمەریکا وئیسرائیل و سۆڤیتەوە .
لێ لە ڕاستیدا لە ڕۆژی 1979-02-08 تائیستا پەیوەندی ئێران و ئەمەریکی لە کەنالە نێهنیەکانەوە هەبووە .
پێش دەستبێکردنی جەنگەکە ئەمەریکا بەکۆماری ئیسلامی ئێرانی راگەیاند عیراق نیازی جەنگێ هەیە.
لە هەمان کاتدا ئەمەریکا ترسی پەرشکردنی شۆرشی شیعەی ئیرانی خستبوە دڵی عیراق و وولآتانی دەوڵەمەندی کەنداوی فارسیەوە.

بەڵێنی بەعەرەبەکان دابوو ئەگەرجەنگ ڕوویدا ئەوە ئەمەریکا پاڵپشتی عەرەبە. صدام خۆی بە پارێزەری دەروازەی رۆژهەڵاتی وولاّتانی عەرەبی دادەناو سعودیە و کویت و میرنشیتی کەنداو بەڵێنی شاڵاوی دۆلاریان بە صەدام دا خۆین لە تۆ و پارە لەئێمە. ئەمە کرۆکی پیلانی ئەمەریکی و ڕۆژئاوابوو بۆ داتەپینی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست. گەڕانەوەی بۆ سەردەمی جهالەت.

جەنگەکە دەستپێکرد سەرۆکی ئەمەریکی(جیمی کارتەر)لەخەوداکە خەبەریانکردوە ووتی ئەمە خۆشترین هەواڵی ئیمساڵە( ئیستاش هەڵگری خەلاّتی نۆبلە بۆ ئاشتی).

بۆیەکەمجار ئەمەریکا فرۆکەی(ئیواکسی)نۆی تەکنەلۆژیای سیخوری لە جەنگی عیراق و ئێراندا بۆ گرتنی وینەی بەرەکانی ئێرانی بەکارهانی وینە و زانستیەکانی دەدا بە سوپای عیراقی. لە بالێکی ترەوە خومەینی لەمامەڵەی کرینی چەکی ئەمەریکی و ئیسرائیلدا بوون لە تەك هەردوو (کارتر و ڕیگان)جەنگەکەکەوتوبووە ساتی هەڵبژاردنی ئەمەریکی ریگان کەندیداتی دژ بە کارتەر. لەڕێگەی نێهینیەوە پەیوەندی بە خومینیەوە کردبوو ئەگەر سەرکەوتن بەسەر کارتەردا بهینی کۆمەکی بە ئێران دەکات.ئەوی جێگەی ئاماژە پێکردنە گرتنی سەفارەتی ئەمەریکی وەك بارمتە لە لایەن ئێرانیەکانەوە کاریتیکی گاریگەربوو بەدەست ئێران و ڕێگانەوە لە ئیستراتیجیتی ئێرانی و ئیستراتیجیتی هەڵبژاردنی ئەمەریکی لە نێوان ڕێگان و کارتەردا .

CIA . Die Ganze Geschichte . Tim weiner…2007

(ایه الله ئەحمەد کاشانی )کوری (ابو القاسم کاشانی) ئەو کەسەی 1953 یارمەتی ئەمەریکایدا. بۆ لابردنی مصدق و گەرانەوەی شای ئێران.


(ایه الله ئەحمەد کاشانی)1980بۆ کڕینی چەك بە نهینی چوو بۆ ئیسرائیل لەبەهاری هەمان ساڵدا کاروانی چەکی ئیسرائیلی گەیاندە ئێران.بەرامبەر بەم کارەش ئێران لە ڕێگەی(حزب الدعوە)ی عیراقیەوە(پارتەکەی سەرۆك وەزیرانی ئیستای عیراق مالکی)زانستی و نهینی بنکەی ئۆتۆمی بۆ ئیسرائیل کۆکردەوە.

ئیسرائیلیش نەخشەی بۆردومانکردنی بنکەی ئۆتۆمی عیراقی دابە ئێران بەلأم ئێران لەترسی بەرگری هێزی ئاسمانی عیراق ئەم کارەی بۆنەکراو ئیسرائیل جێبەجیکرد.

07.06.1981 کاتژمیر 17.30 بە هوی فرۆکەی (F16) دامەزراوی ئەتومی عیراق کاولکرا .ئەوی زۆر راستە بزانری ئەم پرۆژەیە لە یەکەم رۆژی ژوانی(جاك شیراك)ئەوساتە پاریزگاری پاریس بوو لەگەڵ صەدامدا بۆ پرۆژەی ئەتومی عیراقی فرنسا تەواوی نەخشەی پرۆژەکەی بە ئەمەریکا وئیسرائیل دابوو..

یانی بۆردومانکردی بنکەی ئەتۆمی عیراقی بە ویست ونەخشەی هاوبەشی ئێرانی ئیسلامی و ئیسرائیل و ئەمەریکی ودعوەی عیراقی کرا

پێش دەستپێکردنی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ئەمەریکی گەورەترین گرفت کە تووشی کارتر هات بەدیلبوونی ئەندامانی سەفارەتی ئەمەریکی تاران لە04-نۆفەمبەر 1979 لە لایەن ئیرانیەکانەوە گیرابوون.



له مانگی نۆڤەمبەری 1979 کارتر بەمەبەستی رزگارکردنی بارمەتەکانی سەفارەتی ئەمەریکی لەئیران له کامب دیڤید کۆبونەوەی لەگەل لیپسراوانی سەربازی و (CIA) کرد .

کارتەر پەیوەندی به ئیرانەوه کرد بۆ گفتوگۆی نیهینی لەبارەی ئازادکردنی ئەمەریکایەکان بەرامبەر به یارمەتی سەربازی به ئێران. ئیسرائیل پەیوەندی لەتەك(کارتەر)دا باش نەبوو بۆیه داوای له ئێرانکرد که پەلەنەکات له ئازادکردنی ئەمەریکایەکان هەروەها(کیسی ئاجروا) یەکێك بوو لەتیپی هەڵبژاردەنی( ڕێگان) دەڵی کە( ڕێگان) داوای له ئێران کردوه ئەمەریکایەکان ئازاد نەکات تا دوای هەڵبژاردن و بەڵێنی یارمەتی چەکی ئەمەریکی پێداوە.(جاری سیك) ئەندامی کۆڕی ئاسایشی نەتەوەی لەحکومەتی (فورد . کارتر . ریگان) له پەرتووکی (کتوپڕەی

ئۆکتۆبەر) دەنووسی ڕێگان پەیوەندی بە ئێرانەوە کردوە بۆ هێشتنەوەی ئەمەریکایەکان تا دوای هەڵبژاردن.ئەمە زیانێکی گەورەی لە پرۆسیسی دیموکراتی ئەمەریکی دا.

دوای چەند چرکەیەك بەسەر ئاشکرابوونی ئەنجامی هەڵبژارنەکاندا و سەرکەوتنی(ڕێگان) ئێران لە 20-ینایر-1981 بارمتە سەفارەتی ئەمەریکی ئازادکران.

پەیوەندی نهێنی نێوان ئێران وئەمەریکی دزەیکردە نێو دونیای میدایا و ناوی ( ئیڕان کونترا) لێنرا .

(ئیران کۆنترا)چییە؟

لەدەورەی دووهەمی هەڵبژاردنی ڕێگان بەسەرۆك لە ئەمەریکا نێوەندا بزوتنەوەیەکی چەپ لە نیکارگوا هەبوو ڕێگان و سەرۆکی ئەوکاتەی (CIA )بە قاچاخ و لەدەرەوەی بریاری کۆنگریس لایەنە لێپسراوەکانی ئەمەریکی چەکیان بە قاچاخ بە ئێران دەفرۆشت و پارەکەیان بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزوتنەوە چەپە بەکاردەهانی . کێشەکە گەیشتە دادگای نێو دەوڵەتی و ئەمەریکا دادگاکەی دۆڕاند وبەڵام هیچ سزایەکی پەسەند نەکرد.

لە مانگی ئۆگۆست 1985ڕێکەوتنێك لە نێوان(ابو الحسن بنی صدر)و نوێنەری موساد(ئاری بن میناشیا)لەسەر فرۆشتنی 96 موشەکی(تاو) لە ئیسرائیلەوە بۆ ئیڕان واژەکرا.

بە هۆی فرۆکەی( DC8) بۆ ئێران گۆیزرایەوە . لە 18- نۆفمبەر- 1985 (18) موشەکی تریش لە ڕێگەی پورتگاڵەوە وئیسرائیلەوە

گەیشتە تاران. دوای ماویەکی کەم ئیسرائیل 62 موشەکەی تری ڕەوانەی تاران کرد.

یەکی لەفرۆکە چەکهەڵگرەکان بەرێکەوت دەچێتە سنوری ئاسمانی روسیاوە روسیاش دەیخاتە خوارەوە ئاشکرای دەکات چەکی ئیسرایلی تێدایە بۆ ئیران دەچوو.

ڕۆژنامەی(Bee Final) لە 1987-10-21 ئیسرائیل تکای لە سەرۆکی ئەمەریکی (ڕێگان) کردوە کە یارمەتی ئێران بدا.

گۆڤاری(Middl East)22-نۆفمبەر-1982 نووسی رێکەوتنێك لە نێوان ئیسرائیل و ئێراندا بووە بۆ فروشتنی ئەوچەکانەی ئیسرائیل لە خواروی لوبنان لە فەلەستینەکانی گرتووە .

لەڕۆژنامەی(هارتس)ئیسرائیلی1997-06-01)

(دیفید لیفی)دەنوسێت هیچ کاتێك ئیسرائیل دوژمنی ئێران نەبووە.

لە ڕۆژنامەی (معارف) ئیسرائیلی 23-09-1997

( ئۆری شمعون) دەنووسی ئیسرائیل دوژمنی ئێران نیە .

لە کاتێکدا بۆ یەکەمجار لە ئێراندا خومینی سەفارەتی فەلەستینی کردەوە بەشێوەیەکی فەرمی و لەسەر ئاستێکی باڵا پێشوازیان لە یاسر عرفات وەك سەرۆکی دەوڵەتی فەلەستینی کرد . لێ لەپشتەوە ئێران وئیسرائیل لەبازرگانی چەك و گۆڕینەوەی زانسیتی نهینی سیاسی یارمەتی یەکتریاندەدا .



گۆڤاری(Middl East) 22- نۆفمبەر-1982    نووسی رێکەوتنێك لە نێوان ئیسرائیل و ئێراندا بووە بۆ فروشتنی ئەوچەکانەی ئیسرائیل لە خواروی لوبنان لە فەلەستینەکانی گرتووە .

لەساڵی 1981 تا 1982 ئیسرائیل  بای 170 ملۆین دۆلار چەکی بە ئێران فرۆشتوە.. 150 تۆپ دژە زرییپۆش( 40MA)24000 گولە تۆپ بۆ هەر زرییپۆشێك.

چین 100 فرۆکەی ( F.6 )  1981 -1982 بە ئێران فرۆشتوە.

1982 وەزیری دەرەوەی سوریا عبدالحلیم خدام لەسەردانێکیدا بۆ ئێران کۆمەڵی پرۆتۆکۆلی واژەکرد . بەهێزترین رێکەوتن  وەستاندنی هێڵی پترۆڵی عیراقی کە بەخاکی سوریادا تێپەردەبوو ئەمەش زیانێکی ئابوری لە کاتی جەنگ لەعیراقدا.

سوريا . ليبيا . كۆرياى سەرو .چين . ئيسرائيل , ئەمەريكا كۆمەكى ئێراينيان بە چەك دەكرد.

ساڵى 1981 ليبيا 300 زريپۆشى (T.62..T55..T54 ) دابە ئێران . ئەمە ئەو وولاّتانەبوون كۆمەكيان بە ئێران دەركرد بەشێك بوون لە تاوانبارانى ئەو جەنگە.

لايەكى ترەوە بە ئاگاى ويستى ئەمەريكا وولاّتانى كەنداو سعوديە كوێت , قەتر ابو زبى راس الخيمە. كۆمەكى ئابوريان بە عيراق دەكرد بۆ كرينى چەك لە گشت بازاڕەكانى جيهاندا. بەم شێوەيە عيراق توشى قەرزێكى قەبە بووە . ڕۆڵى ئيسلامى سياسى لە پرۆژەكانى زلهێزەكان و نەخشەى زيرەكانەى ئەمەريكايە بۆ داتەپينى ئابوورى وولاّتانى ناوچەك ونانەوەى ئاژاوەى درێژخايان لە نێوانێاندا .

ئەوشى زياتر خزمەت بەم پرۆژەيەدەكات خودى رۆشنبيران وسياسەتمەدارانى نەتەوەكانى ناوچەكەن لەبەر دەستكەوتى تايبەتى و كاتى ئامادەن هەموو ڕۆلێك پەسەند بكەن كە لەدەرەوەى نيشتمانەكەيان پێان دەسپيردرێ. هۆكەشى لاوازى هوشياريە و نەبوونى مۆراڵى تاكى نەتەوەى كە بناغەى مۆراڵى سياسى نەتەوەكانى ناوچەكەيە .

دواى كۆتايهاتنى جەنگى نێوان عيراق و ئيران داتەپينى ئابورى عيراق . جاريكى تر عيراق خرايەوە نيوان گەمەيەكى ترى سياسى ئەويش داگيركردنى كوێت , هەرچەندە لە كاتى جەنگى عيراق وئيراندا ئەمەريكى يارمەتى هەردوو لاى جەنگەكەى دەدا . سەداميش خۆشبڕوابوو . 1967 تا 1984 پەيوەندى عيراق و ئەمەريكا پچرابوو

تا له20.دیسمبر 1983(دونالد رامسفیلد)سەردانی بەغدادی کرد و لەتەك صدامدا گفتوگۆیەکی چروپڕیانکرد. صدامی لەیارمەتی ئەمەریکی دڵنیا کردەوە. ئەو ساتەی ( ئێران غیس ) ئاشکرابوو ئێران توانی نیمچە دۆرگەی فاو بگرێت. ئەمانە گشتی کۆمەڵە بەڵگەی ترسهەڵنەگربوو بۆ بازیکردنی ئەمەریکا بە عیراق و ئێران. کەچی لەسەر داخوازی صەدام خانمی سەفیر ئەمەریکی بانگهیشتی کۆشکی کۆماری کرد و کێشەی نیوان سنوری عیراق و کویت نزمکردنەوەی نرخی پیترۆڵ بابەتی گفتوگۆکەیان بوو . لەویدا دبلۆماسی هوشیاری ئەمەریکی گلۆپی سەوزی بۆ داگیرکردنی کوێت بۆ هەڵکرد. عیراقی بەرەو کارەساتیکی تر برد.

## 3 : كودەتاكەی عبدالكريم القاسم 1958

## میژووە شانازی بە سیاسی دەبەخشێ .
## نەك سیاسی شانازی بەخۆی دەبەخشێ.

1951بەهۆی مصدقەوە بەهاری ئێرانی دەستپێکرد
1952 کودەتاکەی ناصر بەهاری عەرەبی بوو
1958 عبدالکریم قاسمی بەشێك بوو لەبەهاری عەرەبی

عێراقی وولاَتێکی هەمەرِەگەز و هەمە مەزهەبە.دروستبوونی بەم شێویە یەکێکە لە نەخشە زرنگەکانی بەریتانیا بۆ داتەپینی هەمیشەی ژیانی دانیشتوانەکەی . بەریتانیا خویندنەوەیەکی زۆر هوشیارانەی بۆ ئاوزان وئاستی هوشیاری ئایندەی دانیشتوانەکەی کردبوو .

جگە لەمە لە رۆژی دروستبونیەوە لەنێو جومگە کۆمەلاَیەتی و یەکە رۆشنبیری و رِێکخراوە حکومیەکانی عیراقدا هەمیشە سیخور و کەسی تایبەتی خۆیان هەبووە چاودیری بارودۆخی هوشیاری و چالاکی سیاسی و رۆشنبیرانکردوە.

هێزی چالاکی سیخورەکانی زلهیزەکان لەو وولاَتانی دەرەوە زۆر زیاتر و کارگەرترە لە هێزی سوپاکەیان بۆیە هەمیشە لەسەر ئەم خالَە چەق وەردەگرن . لەبەر ئەوەی لە نێوان پێکهاتەکاندا ناکۆکی هەیە بۆیە دزەکردنی زانستیەکان لاوازی هەستی لێپرسینەوە بەرامبەر نیشتمان و مرۆڤەکانی ئەو وولاَتە زۆر لاوازە.

واته له نێوان پێكهاتەكانیدا پەیوەندیەكی بالآبەرژەوەندی نیە بۆیە له ڕۆژی دامەزراندنیەوە تائیستا و له داهاتوشدا كۆمەڵگایەك دروست نابێ پێبوتری كۆمەلگای عیراقی .

لەسەرەتای دامەزراندنی عیراقدا سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ( دافید لیۆد ) ئەركی ریكخستنی عیراق به جرجل دەسپێرێ . چەرچل دەڵێت .

ئەو ئەركەی تۆ به منات سپاردوە زۆر سەختە بوومن .

Ich mach mir grosse Sorgen um den Irak.Die Aufgabe, die Sie mir destellt haben. Wird allählich un müglich.

Amaerika: Du kannst es besser
Madeleine Albright

دانیشتوانی عیراق له70٪شیعەیەن. شیعەبەرادیكالْترین مەزهەبی ئیسلام دادەنرێ. لەسەردەمی پاشایەتی و سەردەمی قاسم دا زوربەی شیعەكانی عیراق سەر بەپارتی كۆمۆنیستی عیراقی بوون .

سونە عەرەبەكانیش پێكهاتبوون لەچەند ڕەوتێكی سیاسی. هەنێكیان بڕوایەكی تەواویان بەسیستەمی دیموكراسی و نیشتمانی هەبوو.

وەك(پارتی دیموكراتی نیشتمانی)(كامل چادرچی(1897-1968).

باڵێكی تری لاواز هەلگری هزری ناسونالیستی رۆح فاشی بوون لێ قەبارەی سیاسی و كۆمەڵایەتیان زۆر فراوان نەبوو تا بتوانن كۆنترۆڵی سیاسەتی عیراق بكەن.

كوردەكان كەبوون بەبەشێك لەعیراق هەمیشە خۆ بەبیگانە و زوربەبشیان هەستێكی ناسیونالیستی بێ ئایدولۆجێتیكی زانسیتی

ناسویونالیست و دوای شیخ محمود حەفیدیش سەرکردەیەکی پاك و هوشیاری هەڵنەکەوت تابتوانی رەوتی سیاسی کوردی بەرە ئامانجی ناسونالی کوردی بەرێ .

ئەوەی سیاسەتی دەکرد ووردە بورجوای خویندەوار و سەرۆك خێڵەکان بوو. کەزوو هەڵەخلێسکانە زەنگاوی پەیوەندی بێگانەوە بە تایبەتی ئینگلیز کە دوای عوسمانیەکان بەهێزترین وزیرەکترین کۆلۆنیالیستی عیراق بوون.

بەریتانیەکان سیاسەتیکیان هەیە پێدەڵێن سیاسەتی دریژخایان واتە ئەو وڵاتانەی کۆلۆنیالی سەربازی بوون رزگاریان بووبێ لێ هەمیشە بەهۆی تۆڕی سیخوروکەسانی سەربەخۆیان رۆڵیان لەسیاسەتی ئەو ووڵاتەدا دەبێ .بەتایبەتی باشوری کوردستان وعیراق دوو وڵاتی دەوڵەمەند بە پیترۆڵن دوای کودەتاکەی قاسم پەنجەی سیاسی بەریتانیا لەمێشکی سیاسەتمەدارانی عیراقی بەکوردوعەرەبەوە کاری دەکرد.

قاسم کەسایەتێکی نیشتمانی و دڵسۆزی بوو . لێ لە سیاسەتدا زۆر لاواز لە تاکتیکدا زۆر داماوببو .ئەوەی لای قاسم مەبەست بوو گەیاندنی عیراقیەکان بە ژیانێکی خۆشگوزەرانی.

لە هەندی رووەوە لە ناصر دەچوو

قاسم دیموکراتی نەبوو لێ بڕوای بە بوونی پارتێکی کۆمونیست هەبوو. سوسیالست نەبوو بڕوای بە یەکسانی کۆمەڵگا و یەکسانی (نیر ومێ) هەبوو.

قاسم یەکەم سەرکردەی عەرەب و ئیسلام بوو ساڵی 1959 یاسای یەکسانی(نێرومێ) دەرکرد.
لەسەر ئاستی ووڵاتانی عەرەبی عیراقی قاسم یەکەم ووڵات بوو کە ئافرەتێك ببێ بەوەزیرئەویش(نزیهه الدلیمی)وەزیری شارەوانی .
یەکیتی ئافرەتانی عیراق بۆ یەکمجار دروستبوو .
قاسم کەسایەتیەکی کلاسیکی رۆژهەڵاتی هەبوو . بە لای ئەوەوە سامان وکۆشك ودەستکەوتی تایبەتی ڕۆڵێکی نەبوو .نەخۆشەویستی هەبوو نە ئافرەتێك لەژیانیدا رۆحی لاواندبێتەوە , جارێك زعیم رکن خلیل سعید پرسیاری لێدەکات بۆ ژن ناهینی . قاسم دەڵی من لە عیراقدا چوار ملیون خوشکم هەیە چۆن بتوانم ژن بهینم. لەسەردەمی لاویتیدا کە مامۆستا دەبێت لە قەزای شامییە 1932.1931 . حەز لە مامۆستایەکی هاوری دەکات و داوای زەماوەندی لێدەکات , ئافرەتەکە پەسەندی ناکات ودەڵێت حەزم لە ئەفسەرە. دوای ئەوەی دەبێتە ئەفسەر و سەرۆك کۆمار پرسیار لە خۆشەویستەکەی دەکات . بەڵام درنگ بوو شووی کردبوو..
(فردوس المامون)رۆژنامەنووسیکی لوبنانی1960لەکۆنگرەی وەزرەتاکانی دەرەوەی عەرەبی چاوپێکەوتنی لە تەك قاسمدا دەکات.قاسم حەزی لێدەکات و بە هۆی( صبیحه شیخ داود) داوای زەماوەندی لێدەکات لێ پەسەندی ناکات. قاسم کاتیکش کوژرا .
نەسامان نەکۆشك هیچی لەپاش بەجی نەما. ئەمەش بەڵگەی پاکی ونیشتمان پەروەری ئەو سەرکردەیە نیشان دەدا ئەم جۆرە کەسانە لە ولاتیکی پیسی وەك عیراقدا ناتوانن تەمەنی سیاسیان دریژبکەن.

(پارتی نیشتمانی دیموکراتی)(چادرچی)

لەسەردەمی مەلەکیدا هەمیشە وەك پارتێکی نیشتمانی و دیموکرات خەباتی کردوە.بەهوی هەڵویستیەوە نوری سەعید ئەم پارتەی قەدەغەکرد . لەپەیرەوپرۆگرمەکەیدا لەمادە(6)دەڵی کورد وعەرەب لەعیراقدا هاوبەشەن . قاسم ئەم برگەیەی خستە دەستوری کاتی عیراقیەوە . مافی گشت تویژەکانی ناوعیراق هەبوو ئەو کارانەی لەتەمەنی کەمی دەسەڵاتیداکردی جیگەی تیرمانیکی هوشیاریە.

لەنێو رەوتە دیموکراتیەکەیاندا(کامل چادرچی) بە بەهیزترین فیگوری سیاسی عەرەب دادەنیرین.

پیوابوو عیراق ناتوانی پاشەرۆژیکی هەبێ ئەگەر باشوری کوردستان سەربەخۆی خۆی نەبێ. واتە جیابوونەوەی باشوری کوردستان لەعیراق.

یوسف سلمان یوسف(فهد) دامەزرینەر و سکرتیری پارتی کۆمۆنتیستی عیراق تەواو پیچەوانەی بۆچونی سەرۆکی پارتی دیموکراتسی نیشتمانی عیراق (کامل چادرچی) بوو.

کوردە رەسەنەکانی نەوەی شیخ محمودی نەمر خەویان بە دەوڵەتی کوردیەوە دەبینی بۆیەمانەوەی کێشەی کوردبەگرژی لەبەرژەوەندی ناسوینالیستی دری عەرەبی و کۆمپانیە پیترۆلیەکانی بەریتانی بوو.

ئەم پێکهاتە ڕەنگاڵەیەی عیراق ,دەوڵەمەندی خاکەکەی بەپیترۆل دەبێت هەمیشە لەژێرچاودیری بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا بێت.کاتیکیش قاسم کودەتاکەی کرد پێش ئەوەی شوناسنامەی سیاسی ئاشکرابێ ئەمەریکا هێزی سەربازی لەدەریای سپی ناوەراست جولاند

ئەمە ئەوە دەگەینی کە عیراق ودۆزە سیاسیەکەی لە لای زلهێزەکان مەبەست بوو.

ئەوان توژینەویان لەسەر ئەوە کرد .

- گەرقاسم سیستەمیکی نیشتمانی دیموکراتی لە عیراقدا دروست بکات و سنودقی دەنگدان بریاری چارە نووس بدا ئەوە براوەی یەکەم کۆمونیستەکان دەبێت ئەمەش کارەساتە بۆ ئەوان.
- ئەگەردیموکراتەکان براوەبن کوردیش جیانەبیتەوە حکومەتیکی نیشتمانی دروست ببێ ئەوە تاقیکردنەوەکەی موسەدقی ئیرانی ساڵی 1951 لە عیراقدا دووبارە دەبێتەوە.
- ئەگەر یەکیتیکی خیرای وەك نەتەوەیەکان داویان دەکرد لە نێوانی عیراق ومیصر و سوریادا دروستببێ . ئەو کارەساتیکی گەورە دەبێت.

چارچییە ؟

دەبێ قاسم و ناصر برۆن.

هەرچەندە ئەم دووانە لەمەڕ یەکیتیکی نەتەوەی عەرەبی جیاواز بوون لێ لە ئاستی نیشتمانی بوونیان رادیکاڵ بوون..



دووریگه هەبوو بۆرزگاربوونیان لە قاسم وناصر یان (تیرۆر یان کودەتای سەربازی) .

عبدالکریم قاسم:

ئیسلامی سیاسی لەسەردەمی قاسمدا وەك ریکخراویکی تۆکمە بوونی نەبوو شیعە کەپێکهینەری زوربەی عیراقن زۆریبەیان سەربەپارتی کۆمنیست بوون .

تاقە ڕێگە بۆ لاوازی دەسەلاتی قاسم کێشەی کورد و ئەفسەرە دژەکانی نێو سوپای عیراق و بەعسیەکان باشترین کەندیدات بوون بۆ ئەو ئەرکە.

ڕۆڵی بزوتنەوەی کورد لە لاوازی وپشێوی قاسم و رژێمەکانی تردا زۆر کاریگەر بوو لێرەدا چربوونەوەی پیویستناکات لێ فاکتێك بوو کە بەریتانیا بەکاری دەهانی.کێشەی کورد سەرئێشەیەکی زۆری بۆ رژێم

دروستکردوو لەسیبەریشیدا نەیارەکانی قاسم بەعسیەکان وئەفسەرە توندڕەوەکان بوون بەمەچەکێ بۆ لێدانی قاسم .

سەدام حسین لە دوای 1958 پەیوەندی بە(CIA)هەبوو. دوای هەڵهاتنیشی بۆ قاهرە ماوەیەك لە پەیوەنیدیدا مایەوە.

بەهۆی بەعسییەکانەوە لە1959-10-07 هەوڵی تیرۆری قاسمایان داسەرکەوتن نەبوون .

لەڕێگەی دەرمان و زەهرەوە هەوڵیدا قاسم بکوژن دەستەسرەکەی بەمادە(برۆسیلۆز) زەهراویکرد لێ سەرکەوتن نەبوون.

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا(ئەنتونی ئادین)85 ملوین دۆلاری بۆلابردنی قاسم تەرخانکرد.

Der Krieg im Dunkeln . Die wahre Macht der Geheimdienste. Udo Ulfkotte. Eichborn .2006.

لەعیراقدا دوو گەلی سەرەکی هەن . هەردووکیان لە روی هوشیاری سیاسیەوە گەوجن.بۆ چونکە خاوەنی دوو دیدی جودان ئەم جیاوازیەش نە یەکیان دەخات و نەهیچیان دەگەنە ئامانجیان.

لەدژی کودەتاکەی قاسمەوە دوو کەسایەتی سیاسی لەعیراق و کوردستاندا هەبوو .

قاسم وەك عەرەبێکی نیشتمانی و نەتەوەی .

مەلا مستەفا وەك سەرکردەی خێڵێکی خاڵی لە رۆشنبیری و هزری سیاسی .

بەڵام گۆڕەپانی هوشیاری سیاسی کوردی ئەلتەناتیفیك بۆ مە مستەفا نەبوو.

بەریتانیەکان ترسی ئەوەیان هەبوو لەئایندەدا کۆمەڵی رۆشنبیری نەتەوەی کورد بچنە پاڵ مەلامستەفا وڕەوتی بزوتنەوەکە بەرە وبزوتنەوەیەکی نەتەوەی ڕسەنی ڕادیکاڵ بەرن.

بۆیە ئینگلیز ویستی ئەم دوو فیگورە بە تەواوەتی لاواز وتوشی گرفتیان بکات. نزیکترین کەس لە قاسمەوە(عبدالسلام عارف)بوو بەهوی پەیوەندیە سیخوریەکانەوە پیانگەیاند و کردیان بە ئۆپۆزسیونی قاسم. کەسیکی سەربازی و رۆژهەلاتی خەوی بەسەرکردایەتی و دەسەلاتەوە دەبینی. ئەنجام قاسمی کوشت . دوای جیبەجیکردنی ئەرکەکی ( عبدالسلام عارف)یان بە هوی رووداوی هالیکۆپتەرەوە کوشتیان.

مەلا مستەفا : نزیکترین کەسیش لەمەلامستەفاوە جەلال تالەبانیە و لاواترین ئەندامی سەرکردایەتیەکەی .ئینگلیز جەلال یان کرد بە سیخور بەسەر مەلا مستەفاوە .

یانی عبدالسلام عارف دژی قاسم

جەلال تالەبانی دژی مەلا مستەفا

نەك لەبەر گورینی ئاوزانی سیاسی مەلا بەلکو بۆ داتەپینی هەموو چالاکیەك و داتەپینی کۆمەلگای کوردی . نهینیەکانی پەیوەندی مەلا مستەفا بە سوڤیتەوە .

(جەلال تالەبانی و عبدالسلام عارف )هەردووکیان سیخوری بەریتانی بوون. ئیستاشی لەسەربێ و هەڵبژاردنیشی وەك سەرۆکی عیراق لەسەر هەمان سیناروی سیخوری کۆنە .

کوشتنی قاسم 1963و کوشتنی ملك غازی(1939.1911)یەك بنەمایان هەبوو هەردوکیان نەتەوەی هەردووکیان بڕوایان وابوو کویت بەشێکە لەعیراق.غازی لەکۆشکی(الزهور)ئیستگەیەکی دامەزراند و داوای گەڕانەوەی کویتی وەك بەشێك لە عیراق دەکرد.

قاسمیش لە ووتەیەکیدا 25-06-1961داوای لە عیراقیەکان کرد کە کۆیت بەشێکی دانەبڕواوە لە عیراق.

بۆچونەکانی مەلك غازی بۆ بەریتانیەکان شایانی پەسەندکردن نەبوو . بۆیە سەفیری بەریتانی لەبەغداد ووتی باشترین چارە لابردن یان کۆنترۆلکردنی ملك غازییە. ئەنجام بە پلانێکی بەریتانیا بە هوی ئۆتۆمۆبیلەوە کوشتیان .

المسولیە التاریخیە فی مقتل الملك غازی .

د. رجا حسین حسنی الختاب .....1985



بەعسی ساڵی 1963جیاوازتربوو لە بەعەسی 1968لەنیو بەعسیەکاندا ڕەوتیکی ئارام وپیشکەوتوو هەبوو(عبدالقادر السامرائی)ئەوانی تر.بەریتانیا یارمەتی سەدامی بۆووشکردنی ئەودەنگەی نیو بەعسدا.صەدام لەسەرتادا تەمنی هیشتا 30 نەبوو ریکخراوکی دروستکرد بەناوی(حنین)بۆکوشتنی کۆمونیست و نەتەوەیەکان.

لە هەمان سەردەمدا بەریتانیا لەریگەی تاڵەبانیەوە و هەمان بەرنامەی بە جلیکی کوردیەوە لەسلیمانی پیادەکرد. میژووی شاری سلیمانی گەواهی ئەو ڕاستیە لەریگەی گروپەکەی تاڵەبانیەوەچەند(نەتەوەی

وكۆمونیستەکوردەکان)کوژران لیکچونی هەردوو ریکخراوی(حنینی صەدام وجەلالی) یەك ئەرکیان هەبوو. صدام لەنیو عەرەبەکاندا جەلال لە نیو کوردەکاندا.

لە ریگەی سەفارەتی بەریتانیا لە بغداد.

پەکخستنی پروژە روشنبیری و سیاسی و رونرەویەکانی باشوری کوردستان و شەری نێوان باڵە سیاسیە جوداکانی نیو گورەپانی باشور وبەشەکانی تری کوردستان ئەرکی سەرەکی تاڵەبانی بووە کوشتنی کومەڵە و ڕێکخراوی (کار) ریکخراویکی نەتەوەی چەپ بوو لە ناوەراستی سالآنی نەودا لەسلیمانی دروستبوو . شەری نێوان کومەڵەی رەجندەرانی رۆژهەلآتی کوردستان ودیموکرات هتد گشتی بە پیلانی جەلال تاڵەبانی بووە .

ئەوی جێگە ئاماژەیە تاڵەبانی (کۆمەڵە)ی پوکانەوە بەڵام لە ڕێگەی کەسێکەوە پەیوەندی بە ئیرانەوە کرد بۆ دروستبوونی یەکەم ریکخراوی ئیسلامی سیاسی..

لەچاوپێکەوتنیکمدا لەگەڵ جەنەراڵ(ئەلکسەندەر ڤیکتورڤیچ )ئەوی کەسەی مەلا مستەفای هاینیەوە بۆی مصر و عیراق . لە موسکو.ئەو راستیەی بۆ درکاندم کە تاڵەبانی ئەوساتانەی ئەندامی سەرکردایەتی بووە سیخور بووە بەسەر مەلا مستەفاوە .

ئەم چیرۆکان گشتی بۆیە نوسرایەوە بۆ ئەوەی خوینەر بزانی هەمیشە خاوەن بەرژەوەندیەکان بە چاویکی تیژەوە دەروانن گەشەکردنی هزری سیاسی و کۆمەلآیەتی ناوچەکە بویە بەهەر ڕێگەیکەو بێت تێکدانی ئەو

کۆمەڵگایەنە و چەقگرتنیان لە خاڵێکی نەگۆڕ گەڕانەوەیان بۆ سەردەمی گەوجایەتی مەبەستی سەرەکیانە ئالێرەوە ئێمە رووبەڕوی ئەو پرسیار دەبینەوە(بەهاری عەرەبی)دروستکراوە یان زادەی هوشیاری کۆمەلگاکانی وولاتانی عەربیە . لەبەشیکی ئەم پەرتووکەدا لێدەدوین.

## قۆناغی چوارەم

## ئەفغانستان و تیرۆری رۆحی ئیسلام

***ئیسلام سیاسەتی حەرامکردوە.***

***ئەوی ئیسلام و سیاسەت تێکەڵاوبکات کافرە .***

**لەسەرەتای ساڵانی حەفتاوە لە سێ قۆناغدا ئەمەریکا رۆژهەڵاتی نیوەڕاستی لە خوێن و جەنگی ئیسلامی سیاسی هەڵکێشا..**

**1: ئیرانی خومینی**

**2 : ئەفغانستان تالیبان و بن لادن**

**3: بەهاری عەرەبی و ئیسلامی سیاسی**

**لەپێشەوە بە دوو قوناغ لەمیژووی سیاسی ئیراندا باسی رۆڵی ئیسلامی سیاسی ئیرانمان کرد.**

**لە قۆناخی سێهەمدا لەسەر ئیران دواین**

## 2: ئەفغانستان

کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی وئیسلامی کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی پڕکێشە و نایەکسانی و ئاستی هوشیاریان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئاسودە زۆر دژوارە . کولتور لە گشت کۆمەڵگاکاندا رۆڵی لە میکانیزمی کۆمەڵگا و پەیوەندیەکانی نێو مرۆڤەکاندا هەیە.ئەو وەرچەرخانە سیاسیەی لە دوای جەنگی جیهانی دووهەم و تیژبوونی ناکۆکی نێوان زالیهزەکان بەرەی شەری سارد . ناوچەی رۆژهەڵاتی نیوەڕاستی کردبە بەشێك لەناوچەیەکی ئیستراتیجی نێوانێان.

ئەفغانیستانیش وەکی هەموو کۆمەڵگاکانی تری ناوچەکە بزواندنی هزری بە خۆوە بینی . کۆمەڵە کادێرێکی خاوەن پرسیار دەرکەوتن .


.

ئەفغانستان لەڕووی جوگرافیەوە هاوسنوری سوڤیتە . سۆڤیتیش دوای کۆنگرەی باکۆی 1920 چاوێکی لە ئەفغانستان بوو وەك دراوسی بۆ ئەو پیویست بوو جۆرە سیستەمێکی تێدا سەقامگیر ببێ ئەگەر دۆستیش نەبێ نەبێتە مایەی سەرئیشە و پردی گەیاندنی دوژمنانی سۆڤیت بە خاکەکەیان. تا هەرەسی سۆڤێت بزوتنەوەی هزری چەپایەتی لە رۆژهەلاتی نێوەند وخواروی ئەمەریکا پشتیان بەقوتابخانەی هزری سوڤیت قایم بوو. سۆڤیەتیش بۆ پارسەنگی ئیستراتیجی سیاسی وبازرگانی خۆیان . گەمەیان بە بزوتنەوە مارکسی و چەپەکان دەکرد .

ئەفغانستان وەك کۆمەلگایەکی زیندو کۆمەلە مرۆڤێکی لەئاستی وەلامی پرسیارەکانی کۆمەلْ پێگەیاندبوو .

لە کۆمەلگا نا سەقامگیرەکاندا هەمیشە چەپەکان پرسیارە زبرەکان دەوروژێنن .. لەو ساتەدا بەشی لە رۆشنبیرانی ئەفغانستان لە نێوان هزری کۆمونیستی و سوسیالیستی دیموکراتی ئەوروپیدا خولیاندەخوار.

پرسیاری گۆڕینی دەسەلات لە نێوان ئەو دوو هزرەداتەتەڵەی پێدەکرا .

سروشتی سیاسەتی ئەمەریکا وایە کۆمەك بە دیکتاتۆری پاشایەتی و خێزانی وسەربازی بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەیی رۆشنبیری نیشتمانی کەلەکرۆکدا(بزوتنەوەیەکی چەپە)مەرجیش نیە مارکسی یان کۆمونیست بێ دەکات .

بزوتنەوەی نۆیخوازی و نیشتمانی لە رۆحدا بزوتنەوەیەکی دیموکراسیانەیە قولْبونەوەش یان خەستکردنەوەی مارکسێت یان چەپی

یان دەسەڵاتێکی کۆمونیستی نەخەملێنی . ئەوە هێز و دەسەڵاتێك دەخەملێنی کە دەبێتە بڤە بۆ کۆمپانیە مۆنۆپۆلە جیهانی و بانکە زەبەلاحەکان ودەسەڵاتی زاڵی کەپیتالیست.

کەواتە بڤە . لەم خاڵەوە ئەمەریکا چاودیری بزوتنەوەی زۆر ووڵاتی جیهانی کردوە بەردەوامیش دەیکات.

هێزی کەپیتالیستی جیهانی تەنیا بە هێزی سەربازی و ئابوری سەرکەوتن بەدەستناهێنیّ بەڵکو لەو دوو هێزە بەهیزتر وکاریگەرتر هێزی دەزگا نهێنیەکانە. بۆ چونکە زۆر بە باریکی دەخزینە نێو بەهیزترین شیتاڵەی باریکی ریکخراوەکان و زۆر بە باریکی دەتوانن مەزنترین کەسایەتی سیاسی بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەستەمۆ و رامبکەن.

هەستیارترین کەناڵ وبەهێزترین و خۆیناویترین و تورەترین کەناڵ بۆ گەیشتن بە رۆحی مرۆڤەکانی جیهانی ئیسلام (ئیسلامی سیاسی)یە.

لەبەشی پیشودا راڤەمان لەسەرسیاسەتی ئیرانی رۆڵی ئیسلامی سیاسی کرد. ئیستاش لەسەر ئەفغانستان و پاکستان وبەهاری عەرەبی.

لەسەردەمی (محمدزاهیرشادا) لە 1953-1963 بیروباوەری چەپ ومارکسی لە ئەفغانستان گەشەیکرد بوو.

ئەنجامی ئەم گەشەکردنە پارتێکی سیاسی لەسەر بنەمایەکی هزری پیشکەوتنخوازی و مارکسی وسوسیالستی(پارتی گەلی دیموکراتی ئەفغانی)1967دروستبوو.

بەماوەیەکی کەم بەناو رۆشنبیرانی ئەفغانستاندا بلاوبووە بوو بەیەکەیەکی بەهێزی فکری ئەوساتەوقورسای خۆی لە ڕەوتی سیاسی شەقام ونێو رۆشنبیراندا تاودا. چاودیرانی سیاسی ئەفغانستان و زلهێزەکانی ئەو ساتە واتە سوڤیت و ئەمەریکا.

دەزگا سیخورەکان خۆیان ترازنە ناویانەوە ولەنێو سەرکردەکانیدا دووبەرەکیان دروستکرد.

بوو بە دوو قاشەوە بەشێکی بەناوی(گەل)بەسەرۆکایەتی(حفیزالله ئەمین و نور محمد ترقی).


ئەویتریان بەناوی(پەرچەم)واتە ئالا بەسەرۆکایەتی (بابراك کارمل).

1973بەیارمەتی ئەمەریکا سەرۆك وەزیران(محمد داود خان) کودەتایەکی کرد . زۆر بەتوندی بەرانگاری(پارتی گەلی دیموکراتی ئەفغانی)بووە سیستەمێکی دیکتاتۆری تورەی دژی چەپە مارکسیەکان پێادەکرد.

ئەم تورە بونەی (محمد داودخان) بوو بە هۆی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی چەپی مارکسییەکان.

چەپەکان کودەتایەکیان کرد و(محمد داود خانیان) هەڵواسی .

سکرتێری گشتی ئەو پارتە (نور محمد ترقی) 1978 بوو بەسەرۆك وەزیرانی( کۆماری ئەفغانستانی دیموکراتی).



**نور محمد ترقی**

**چاكسازییەكی زۆر فراوانی لە سیستەمی ئابوری و كۆمەڵایەتیدا كرد بە ڕادەیەك زوربەی ئەفغانە كۆنزەرفاتیف و ئیسلامیەكان دژی وەستانەوە.**

**دوای كودەتاكەی(نور محمد ترقی**1978**).**

**لە هەمان ساڵدا** 1978 (CIA) **لە ڕێگەی چەند شێخ ومشایەخی ئیسلام ودەرەبەگەوە لە ناوچەی (نورستان) جەنگی ناوخۆی دروستكرد .**

**ئەم جەنگە بەرۆحێكی تورەوە وردە وردە هەموو كونجێكی ئەفغانی داوەشان .**

زۆر دەمێك بوو ئەمەریكا بەوردی و چڕی كاریان لەسەر دۆسییەی ئەفغانستان دەكرد واتە پێش داگیركردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیتەوە).

سەرۆكی ئەمەریكی (كارتر)لەسەردانێكیدا بۆ ئەفغانستان پرۆتۆكۆلێكی لەتەك حكومەتی ئەفغانستان مۆردەكات.

لایەنە نهێنیەكانی ئەوپرۆتۆكۆلە داگیركردنی ئەفغانستان دەبێت لەڕێگەی پرۆژە ئابوری و سەربازی و دبلوماسیەكانی ئەمەریكیەوە . هەموو پرۆژەكان پێشكات لەلایەن كۆمەڵە پسپۆرێك لەبوارە جۆربەجورەكاندا توژینەوە و هەڵسەنگاندن و نەخشەی بۆ كێشراوبوو هەر كۆمپانیە خاوەن بەرژەوەندیەكان تیچووی پرۆژە پیشكاتەكان دەكەن.

ئەوی جێگەی سەرنج و پێزانینە ئەوەیە (نور محمد ترقی وحفیزالله ئەمین) هەردووكیان سەربەپارتی چەپی ماركسی ئەفغانی بوون

( نور محمد ترقی) سەرۆك وەزیران و(حفیزوالله ئەمین)جێگرەكەی بوو لێ دەزگای نێهنی سۆڤیت ئاشكرایكرد كە(حفیزوالله)لەگەڵ ئەوەشدا هاوری خەبات و سەرۆك وەزیرانی (نوری محمد ترقی) بووە لەهەمان كاتدا سیخوری (CIA) هەر لە سەر ویستی ئەوان هاوریكەی(محمد نور ترقی)كوشتوە خۆی بوو بەسەرۆك وەزیران.

بۆ یادهانینەوە لێچونی پلانەكانی ئەمەریكا

ئەم پڕۆسێسە و لە سەر هەمان پرۆسێسی كوشتنی (قاسم)لەلایەن هاوڕێكەیەوە(عبدالسلام عارف)لە عیراقدا .

قاسم وعبدالسلام هاوری بوون(MI6)بەریتانی 85 ملیوین دۆلاری تەرخانکرد بۆ لەناوبردنی قاسم. بۆی نەکرا تەنیا بەهوی هاورێکەیەوە عبدالسلام کۆدەتایەکی خویناوی بەسەر قاسمدا کرد.

ئەوەی جێ سەرنج و پێزانینە لێکچونێك لەنێوان بەرنامەو ئیستراتیجی وهەڵوێستی

محمد مصدق له ئیران

نور محمد ترقی له ئەفغانستان

عبدالکریم قاسم له عیراق

زوالفاقارعلی بوتۆ له پاکستان

جمال عبدالناصر له میصر هەبوو.

هەرپێنجیان بەهوی ئەمەریکا وبەریتانیاوە کۆتای بە ژیانیان هات.

دوای کوشتنی (نور محمد ترقی)سۆڤیت دراوسی ئەفغانستانە لە ڕووی گوپۆلیتیکەوە خاکی ئەفغانستان پێگەیەکی گرنگی بۆ پارسەنگی جەنگی سارد .

هیچ ڕێگەیەکی نەما بۆ لەمپەردانان بۆ دەسەڵاتی ئەمەریکی لە ئەفغانستان تەنیا لەشکرکگێشی نەبێ.

1979-دیسمبەر 25 سۆڤیت ئەفغانستانی داگیر کرد

(700)چەکداری تایبەتی کە لە ناویاندا 54 ئەفسەری سەربەدەزگای(KGB)کۆنترۆڵی شاری کابول یان کردو(حفیزوالله)یان کوشت(بابراك کارمال)یان کردەسەرۆك وەزیران.

1979 بەیارمەتی ئەمەریکا خومینی شای ڕمان

پاکستان دراوسی ئەفغانستانە ئەمەریکا (مولانا فتح الرحمن)دژی سیاسەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی وئابوری(بۆتۆ)ڕاپەڕی جەنەراڵ(محمدضیأ الحق)1977کودەتایەکی بەسەر(زولفقارعلی بۆتۆ)داکردولەساڵی 1979هەڵیواسی.

راڤەکردن لەمەڕ گرفتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بەبێ راڤەکردن لەفاکتەری بوونی پیترۆڵ بابەتێکی لاسەنگە.:

1: 1979 دیسمبەر 25 سۆڤیت ئەفغانستانی داگیر کرد

2: 1979 بەیارمەتی ئەمەریکا خومینی شای ڕمان

3: 1979 لە سێدارەدانی سەرۆکی پاکستان زولفقار علی بۆتۆ .

ئەم سێ وولاتە(پاکستان . ئەفغانستان . ئیران) لەسەر نەخشە سەیری بکەیت وەك پشتێنێك دەوری ناوچەی پیترۆڵی کەنداوی داوە.

(رۆبرت غیس)سەرۆکی(CIA)لەپەرتووکی(لەتاریکیدا)دەنووسی پێش داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤێتەوە ئەمەریکا نیازی داگیرکردنی ئەفغانستانی هەبووە

لە ئاست داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤێتەوە .

سەرۆکی ئەمەریکی(کارتەر)ئابڵوقەی ئابوری خستە سەر سۆڤیت ناردنی گەنمی ئەمەریکی بۆ سۆڤیت قەدەغەکرد.

گەلانی سۆڤیت توشی قەیرانی بێ گەنمی و نان بوون و یارییەکانی ئۆڵمپیش کە بریاربوو ساڵی 1980 لەمۆسکۆ بکرێت هەڵوەشایەوە.

بەرەیەکی بنکە فراوانی دژ بەسۆڤێت لە ئەمەریکا.چین.بەریتانیا. سعودیە . پاکستان دروستبوو.

له1986-1989به یارمەتی و بەئاگای دەزگای(CIA.ISI.MI6)ئەمەریکی و پاکستانی و بەریتانی.
بن لادن 30000 جەکداری دروستکرد.مانگانە 20 تا 30 ملوین دۆلار لە سعودیە و میرنشینەکانی کەنداوە بۆی تەرخانکرابوو.

دوای گەرمبوونی شەڕەکەو قەوارەی چەکدارەکان پارەی تیچوونی مانگانەی 200تا300 ملوین دولار بوو سعودیە ئەرکی پارەدان , ئیسلامیەکان خۆکوشتن , ئەمەریکایەکان سەرپەریشتیان دەکرد .

1982بەپێ هاوئاهەنگی ئیستراتیجی لەتەك ئەمەریکادا ئیسرائیل خواروی لوبنانی گرت.

لە هەمان ساڵدا گرژی نێوان هیندستان و پاکستان گەیشتە ئاستی تەقینەوە.

ئەوەی پیویستە بوترێ ودەزانرێ پاکستان وئەفغانستان دراوسین.لەڕووی ڕۆشنبیری و کولتوری و دینەوە وەك یەکن لە ڕوو پێگەی نەخشەی ئیستراتیجی سیاسی و ئابوری ئەمەریکاشەوە یەك پێگەیان هەیە . بۆیە هەر گۆڕانێك لەهەر وڵاتێکیان بێ کارتیگەری لەسەر ئەوی تریاندا دەکات.

ئیتر ئەفغانستان بوو بەگۆڕەپانی بەرنگاربوونەوەی هەردوو هێزی سۆڤیت و ئەمەریکا . تاکتیکی جەنگی ئەمەریکی بەشێوەیەك بوو کە نەبێتە خاڵێك بۆ دەنگی ناوەوەی ئەمەریکی .

بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا و قۆنتەراتی جەنگەکەی سپارد بە کۆمەڵی ئیسلامی سیاسی توند ڕەو لە ئەجامدا بەناوبانگترین سەرکردە( ئوسامە

بن لادن) بوو. پێش ئەوەی (ئوسامە بن لادن) وەك سەركردەی القاعدە لە جیهاندا بناسرێ . ئەمەریكا ئەم خێزانەی لە سعودیدا دەوڵەمەند كرد.

لە ساڵی1958 ئەمەریكا وەك هاوڕێیەكی سعودیەكان دیاریەكی پێشكەش بە دەوڵەتی سعودیەكرد كە بریتی بوو لە دروستكردنی هێڵی شەمەندەفەرێك بۆ گۆاستنەوەی(حاجیەكان) بۆ مكە بە نرخی نیو ملوین دۆلار ئەو ساتە . ئەمەریكا ئەم (پڕۆژەیەی) دا بە باوكی ئوسامە بن لادن(شیخ محمد بن لادن)بەم هۆیەوە بوو بەیەكی لە دەوڵەمەندەكانی سعودیە و پەیوەندی لە نێوان ئەم خێزانەوە خێزانی سیاسی ئەمەریكی دروستبوو.

ئەمەریكا و بەریتانیا زۆر دەمێك بوو كاریان لەسەر ئیسلامی سیاسی دەركرد.هەربەیارمەتی ئەوانیش(یەكیتی ئیسلامی جیهانی 1962)دروستبوو كە سترۆكتوری دروستبوونی ئەم رێكخراوە هەمان سترۆكتوری پڕۆژەكەی(جمالدین ئەفغانی)بوو بۆ دروستكردنی پشتینەیەكی ئیسلامی دژی سۆڤێت.

1: سعید رمەزان . مصر

2: ابو الاعلی المودودی . پاكستان

3: حاج ئەمین مفتی . فەلەستین

4: محمد صادق المجددی . ئەفغانستان

5: ایە اللە خومینی . ئیران .

6: محمد باقر صدر . عیراق

7: محمد بن ئیبراهیم مفتی . سعودیه سەرۆکی وەهابیەکان
8: عبدالرحمن الریانی . یمن
جگە لەم پشتینە ئیسلامیە بەریتانیا و ئەمەریکا ئیستراتیجێتیکی نۆیان بۆ کۆنترۆڵی جهانی ئیسلامی دارشت بەناوی( ئیستراتیجی ئاومیجا) بریتی بوو لە دروستکردنی کەسێك بە سەرۆکی گشت وولاتانی ئیسلامی وەك(خلیفە)بۆ ئەو مەبەستەش مەلیکی سعودیە یەکەم کەندیدات بوو. لێ پرۆژەکە لەرووی تاکتیکەوە جی سەرنج نەبوو. لەڕووی ئیستراتیجی ئیسلامی سیاسیەوە جی مەترسی بوو . بۆیە ئەم پلانە بە مردوی لەدایك بوو.
نصیرالله بایر راویژکاری( بینزیر بۆتۆ) ساڵی 1979ووتی :
ئەمەریکا لەساڵی 1973 خەریکی دروستکردنی هێزێکی ئیسلامی سەربازیە لە ئەفغانستان(قلب الدین حکمتیار)یەکێك لەو کەسانەیە ئەمەریکا دروستیکرد.
داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیێتەوە دەسکەوتێکی مەزنی ئیستراتیجی گرنگ بوو , هەلێکی مەزن بوو بۆ کردنی کۆمەڵگای ئیسلام بەبەشێك لەسوپای ئەمەریکی بۆپاراستنی بەژەوەندیەکانی لە ناوچەکەدا .
بۆیەزۆربە گرنگەوە کاریان لەسەردروستکردنی سوپایەکی تۆڕەی ئیسلام کرد.پاریەکی زۆریان بۆ تەرخانکرد.بێگومان سعودیە پارەکەی دەدا.
(بریجنسکی) کرا بە لێپسراوی دروستکردنی ئەو وسوپایە. سوپایەك بۆ ڕاهێنانی کۆمەڵە سەربازیکی بێ رۆح و ویژدان و تورە ئامادە بۆ هەموو

کارێکی درنده . پاکستان بۆ بەشوینجی سەربازخانەیەك و کۆکردنەوە هەزارەها ئەفغانی وئیسلامی وولاتانی بۆ مەشقپێکردنیان و راهێنانیان بۆ تیرۆر بەناوی( جهادە) وە .

لەو سەربازگایەدا 60 شێوەی کوشتن فێری ئیسلامەکان لە خۆکوژی , تێرور و سەربڕین و لوت برین , بمۆبریێژکردنی ئۆتۆمبیل .

لەژێر دەستی پسپۆڕانی بێگانەدا فێردەکران . راهێنانی خولی ڕۆژنامەنووسی و فۆتۆگراف و ناردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ و گۆیزانەوەی وێنەی ڕووداوەکان بۆ میدای جیهانی وەك چەکێکی دەروونی و مۆڵەت و بڕوای ئەمەریکایەکان بۆ(شرعیدان) بەجەنگ و داگیرکردنی ئەفغانستان بدەن.

ئەمەریکا توانی سەرکەوتن بەدەدەستبهینی .

زۆربەی زۆری ڕۆژنامەنووس و ئەندامانی رێکخراوە خێرخۆاز و تەندروستیەکان ومرویەکان سیخور بوون لە ئاستی ئیستراتیجی ئەواندا کاردەکرد.

ڕۆژنامەنووسی بەریتانی و بەڕەگەز ئەفغانی ئەحمەد رشید بەزمانی ئینگلیزی لە( Indpendent) بەزمانی ئینگلیزی دەنووسی وسیخوری (MI6).

بەشێوەیەك ئیسلامی سیاسی درندەکران نەك سیاسیەکان بەڵکو هەلگرانی هزری مرۆڤایەتی و مۆدیرنیش بوون بە ئامانجی تیرۆر و لەناوبردن . ئەمەش بە هۆی فتوای پیاوانی دینیەوە کە دژی هاووولاتیانی مۆدیرن و پیشکەوتو دیموکراتی هزر بوون.

زانای ئیسلامیی پاکستانی(مظهر الدين صديقي) فتوایەکیدا دەڵێ:
(ترسی مۆدیرنەکان(علمانی)لە کۆمۆنیستەکان زیاترە . یانی شرعیتیدان بە کوشتن و لەناوبردنی هزری مۆدیرن و گەڕانەوەی کۆمەڵگای ئیسلام بۆ سەردەمی(جهالەت)ئەم تیرۆانیەنە هەمان تیرۆانینی ئیخوانیەکانی میصرەدژی(نەتەوەیەکان.مۆدیرن.علمانیەکان. کۆمۆنیستەکان) بوون .
ئیخوانیەکان هەوڵی تیرۆری ناصریاندا , سەرکەوتوونەبوون .
ئیخوانەکان ساداتیان تیرۆرکرد دوای هەرای مصر تلیسانەوەی دەسەڵاتی مبارك کۆمەڵگای مصری ئیفلیج بوو بە دڵنیایەوە لەئایندەدا خرابتر دەبێ . لەتونس باشترین سیاسی مۆیرین لەسایەی دەسەڵات و حکومی ئیسلامدا لە 2013-02-06( شکر بلعید) تیرۆرکرا. ئیسلامی سیاسی مافە سفلیەکانی تەسکردەوە کۆمەڵگای بە ریش و سەرپۆشی ئافرەت ناشیرینکرد. ئیسلامی سیاسی لەجیاتی ببێ بە ریبازیك بۆ گەیشتنی مرۆڤەکان بە مافە سەرتایەکان و نەهیشتنی چەوسانەوە , نەهیشتینی جهالەت. کۆمەڵگای ئیسلامیان گەڕانەوە بۆ سەردەمی بت پەرستی لێ ئەمجارەیان بتەکان ئەو پیاوە ئاینانەن کە فتوای بێ حورمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگا پیسدەکەن. ئەمش ویست وئیستراتیجی سەرەکی سەرمایەدارانی جیهانە ئیسلامی سیاسی سوپایەکی گۆیرایەڵیانە.

*خانمی(شیریل بنارد)ئەمەریکی پسپۆر لە بۆاری ئیسلام و هاوسەری(زڵمان خلیل زادە)لەبارەی شەڕی نێوان ئیسلامی سیاسی رۆشنبیرانی ئەفغانەوە دەڵێ:*

ئێمە ڕێگە مان بە ئەفغانییەکاندا عاقلە جوانەکانی ئەفغان بکوژن.
باڵیان گەڕێن عاقلە تورەکانیش یەکتری بکوژن) .



لە گفتوگۆیەکی رۆشنبیری لەتەك چەند ئەڵمانیەکدا بەبێزاریەوە پرسیاریکیان لێکردم :

- بۆ لە ناوچەی ئێوەدا هەمیشە ئاژاوە وجەنگ و نا ئارامیە ؟

وتم : لەبەر ئەوەی ئێوە دەتانەوی هەمیشە بازارتان گەرم بێت .

## پاكستان

پاكستان لەڕووی میژووی سیاسیەوە لەسەر بنەمای ئیسلامی نیشتمانی و لەسەر دەستی(محمد علی جناح)كەهاوڕی خەباتی (غاندی)بوودژی ئیمپرالیزمی ئینگلیزی. دروستبوو

(محمد علی جناح)ساڵی1906ئەندامی پارتی(كۆنگرەی هیندی)بوو. ساڵێ 1913 بوو بە ئەندامی(پەیوەندی ئیسلامی) پەیوەندی خۆشی لە تەك پارتی(كۆنگرەی هیندی)نەپچڕاند. لەسەرەتای شۆرشی هیندیدا ڕەگەز , دین مەزهەب ڕۆڵی نەبوو.

تا ساڵی 1937هیچ هەوڵێك لە لایەن موسوڵمانەكانی هیندەوە واتە(پەیوەندی موسوڵمانی) بۆ جیابوونەوە لە هند نەبوو.

جیاوازی شێوەی خەباتی سیاسی لە نێوان(غاندی و محمد علی جناح) لەوەدابوو(غاندی)بڕوای بەخەباتی ئاشتیانە هەبوو لێ(محمد علی جناح) بەچەك و توندو تیژی.

لە كۆنگرەی لندن ساڵی(1930-1932) محمد علی جناح 14 خاڵی بۆ ئیسلامەكانی هیندستان وەك ماف دەستنیشانكرد.

(محمد ئیقبال)كە چالاكەوانێكی موسوڵمانی هیندی بوو بۆ یەكەمجار نەخشەی جیابوونەوەی موسۆڵمانەكانی لە چوارچێوەی(دەوڵەت)

وروژان. بەلام(محمد علی جناح)بڕوای بە سیستەمێکی(فیدریالی) هەبوو. لەچوارچێوەی وولاتی هندستاندا.

سالی 1935هیندستان لەئامادەکاری دەستورێك بووبۆ دەولەتی هیندی لەهەلبژاردنی سالی 1937(محمد علی جناح) ئیستراتیجیتی خۆی گۆڕی وپڕۆژەی دەولەتی سەربەخۆی پاکستانی وەك ولاتێکی ئیسلامی جیا لەهیندستان ئاشکراکرد.

زۆر بەڕاشکاوی جیاوازیەکانی نێوان موسۆلمانەکان و هندۆسییەکانی لە سەربنەمای میژوو سترۆکتۆری بیروباوەڕ خستەڕوو ئامادەنەبووموسولمانەکان ببن بەکەمینەیەك لەپەرلەمانی هیندستاندا .

ووتی :

(ئێمە ڕەگەزی ئارین . ئێوە درافدا . ئێمە ئەهلی قورئانین ئێوە وستیون.پالەوانە میژوویەکانی ئێوە دوژمنی ئێمەن. پالەوانەکانی ئێمە دوژمنی ئێوەن. قەت جیاوازییەکانمان کالنابێتەوە تاقە شانسێك بۆ ئێمەی موسۆلمان دەولەتێکی سەربەخۆییە.

1947دەولەتی پاکستان دروستبوو.لەتەك کۆمەلی کێشەی هەلۆاسراودا کە ئینگلیز نەیهێشت بە ئاشتی لەسەری ڕێکبکەون (کیشمیر)ئەویش بەمەبەستی دارشتنی دوژمنایەتی نێوان هیندستان وپاکستان.

هوشیاری سیاسی بەریتانیەکان لەوەدایە ئەگەر بەهۆی هیزیشەوە لە نیشتمانیك وولاتێك دەربکری، هەولدەدەن لە وولاتەدا تۆوی گرفتێکی بێ چارەسەر بچینن تا ئەو وولاتە هەمیشە لە گرفتا بێت .

بەو هویەشەوە لەڕێگەی تۆڕی سیخوڕیانەوە دەستدەخەنە ئیشوکاری سیاسی ئەو وولاتەوە .کێشەی کیشمیر لە نێوان(هند وباکستاندا)کێشەی کەرکوك لە نێوان(عەرەب و کوردا)لەعیراقدا.

کێشە قدس لە نێوان(ئیسرائیل و فەلەستینەدا)کێشەی خواروی سودان لە نێوان سودانیە موسولمانەکان ومسیحیەکانی خواروی سودان ودافور.

لەتەك ئەودا(محمد علی جناح)تا تەمەنی 61ساڵی بڕوای بەیەکپارچەی هیندستان هەبوو بەلام جوپۆلیتیکی ناوچەکە و ئەدمۆسفیری سیاسی هیندستان بۆچونەکەی گۆڕی بوو بەقارەمانی دامەزینەری دەوڵەتی پاکستان.

(محمد علی جناح)بە دریژای سیاسی خۆی لە پاکستاندا لە خەمی دروستکردنی دەوڵەتێکدابوو تا بەرۆحێکی(نیشتمانی وقەومیەوە) پەروەردەیان بکات. چونکە سیاسەتی بەریتانی بۆ یەکپارچەی هیندستان وبەتایبەتی سەرۆك وەزیرانی ئەوساتەی بەریتانیا(ویلیام گلاوستۆن)هەولی دروستبوونی(قومی)هیندی بە کۆمەڵێ ڕەگەزی جوداوە. وپاراستنی ماڤی کەمینە ورەگەز ومەزهەبە جوداکان لە سنوری ئۆتۆنۆمیدا(وەك کوردو عەرەب لەعیراقدا)بەلام دڵسۆزی و زرنگی (محمد علی جناح) بوو بە لەمپەر لەبەردەم پرۆژەکەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا.

ووتی دەستور پاڵپشتێکی قایم نیە بۆ پاراستنی ماڤی موسۆڵمانەکان.

بڕوای وابوو هیندستان دەبێتە دەوڵەتێکی(روح هیندۆسی)ئێمەی موسولڵان دۆڕای ئەو پرۆژەیەدەبین .

دوای تیپەڕبوونی کات و دروستبوونی دەوڵەتی پاکستان کەسایەتێەکی هوشیار نیشتمانپەروەری تری ئیسلامی(زولفقار علی بۆتۆ)لەسەر شانۆی سیاسی دەرکەوت.کەسێکی دڵسۆز و هوشیار دبلۆماس بوو. تێگەیشتنی بۆ کێشەی نیشتمانەکەی تێگەیشتنێکی مۆدیرن و زانستیانەبوو.

ئەو تێکەڵاوە بێسەر وشوینەی پاکستانی لە رووی پیشکەوتنەوە دواخستبوو خاڵی سەرەکی بیرکردنەو پرینسیبی سیاسی ئەو بووبۆ ئایندە و ژیانی پاکستانیەکان.

تیرۆانینی سیاسی ئەوە لە ئیسلامی سوسیالیست و دیموکراتەوە نزیك بوو. ئەم مۆدێلە سیاسیە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەم و لە ئەوروپای دوای هیتلەر تێشکاندنی فاشی ئەڵمانی و ئیتاڵی دروستبوو.

ئەوروپیەکان لەسەدەکانی پیشو ریسانیسیشدا خەباتیان کرد بۆ جیاکرنەوەی کەنیسە لە سیاسەت ودەوڵەت بەڵام دوای جەنگی جیهانی دووهەم کەنیسەی کاتولێك بۆ رێکخستنەوەی کۆمەڵگای ئەوروپی لە مارکسیە ئەوروپەکان نزیك بوونەوە و دژی کۆمونیستەکان بوون .

بەم هویەوە سوسیال دیموکرات  بوو بە بەشێك لە لەشی سیاسی بزیوو ویستی ئەوروپپەکان لەو ساتەوە تائیستا سوسیارمسیحیەکانی ئەلمانیا و ئیتالیا زۆربەی دەنگەکانیان بەدەستدەهانی .

زۆر جار دەسەڵاتی سیاسیان مسۆگەرکردوە.

ئەم تاقیکردنەوەی ئەوروپیەکان بە کزی پەڕیبوە نێو جیهانی رۆشنبیری سیاسی زۆر سیاسەتمەدارانی وولاتانی نۆی دوای کۆلۆنیال و ( وولاتانی بێ لایەن و سیستەمی سیاسی ئیسلامی سوسیال دیموکرات) دروستبوو.

ئەوی جێ ئاماژەیە زووربەی زۆری کادیرانی ئەو بۆارە خۆیندنیان لە وولأتە سەرمایەدارە دیموکراتەکاندا تەواوکردوە لەو ماوەیدا توانیویانە شێوەیەك لە سیستەمی دیموکراسی هەڵبمژن. لە وولأتی خۆیاندا پێادەی بکەن.

زوالفقار علی بۆتۆ یەکیە لەوانە. بەلأم ئەوەی ڕێگربوو لەبەردەم ئەم پرۆژەی هزریەدا (سەرمایەدارانی جیهان و بەرەی ئەمەریکی.ئیسلامی سیاسی)بوو . بۆ ؟ چونکەگەشەکردنی کۆمەڵگا پڕیمتیفەکانی ئیسلام لە ڕوی ئابوری و کۆمەلأیەتیەوە لە بەرژەوەندی پیاوانی ئاینی مشەخۆر و پڕێمتیف و ماڵویرانکەر و سەرمیادارانی نوینەری کۆمپانیە مۆنۆپۆڵەکانی جیهانی نەبوو. ئاشکریایە لەدوای 1917 رژیمی سەرمایەدار دوژمنی سەرسەختی سیستەمی سوسیالست بووە .

لە جیهانی ئیسلامی وسێهەمدا هەر پرۆژەیەك بۆنی ئەو بزوتنەوەی سوسیالیستی لێبهاتایە هەلگری ئەو هزریە دەچوە خانەی دوژمنی کەپیتالیستەوە. (زوالفقار علی بۆتۆ) بەمە هوشیاربوو بۆیە بە وریایەوە مامەڵەی لە تەك هزری سوسیالیست کردو بەرگیکی ئیسلامی لەبەرکرد. ئەنجام (ئیسلام وسەرمایەدار)چونە بەرەی بۆتۆ وە.

(پارتەکەی(زولفقار)(پارتی گەلی پاکستان)

وپارتەکەی(نور محمد ترقی)(پارتی گەلی دیموکراتی ئەفغانستان)

شۆرشە پەرلەمانیەکی مسدق 1951-1953

کودوتاکەی جمال عبدالناصر 1952-1970

کودوتاکەی عبدالکریم قاسم 1958-1963

ئەمانە لە ئامێزی یەك سیستەمی هزری سیاسیدا گۆشکرابوون .

هەر هەموشیان قوربانی ئیسلامی سیاسی و کۆنزەرفاتیفە خاوەن بەرژەوەندیکانی وولاتانی خۆیان و سەرمایەدارانی جیهانی بوون.

رۆحی سیاسی ئەو هزران و شۆرش و کودەتایانە بۆنی هزری مارکسی نەتەوەی ونیشتمانی چەپی نەتەوەی) لێدەهات .

بۆ زانین (لەزانستی سیاسیدا مارکسێت و کۆمنیست تەنیا تایەبەت نیە بە کێشەی کارو سەرمایە بەڵکو لەرۆحی هزری مارکسیدا دەتوانرێ پرۆژەی نەتەوەی مۆتۆربە بکرێت) وەك مارکس و ئینجلیس لە نامەیکدا جەختیان لەسەر کرد . لینین لە دوای 1917ووتی بۆرزگاریمان لەقەیران پێش گەیشتنمان بە دەسەلاتیکی کۆمۆنویسیت پیویستەمان بە(دیکتاتۆری کۆمۆنیستی نەتەوەی)هەیە هەرئەم ووتەی لیینن بووبە وەسیتانامەی کۆمۆنیستە ڕووسەکان. دوای لیننین لە جیاتی ترۆتسکی ستالین یان هەڵبژارد. ئەم ڕاستیە لە کۆنگرەی (باکۆ ساڵی 1920)کە تایبەت بوو بە کۆمنیستەکانی جیهانی سێهەم و ئیسلامی .

زولفقار علی بۆتۆ زۆر بەماوتسیۆنگ ئامۆژ(معجب)بوو.چونکە سیاسیەکی کۆمۆنیست نەتەوەی بوو.

ماوتسیۆنگ دەڵێ : من مارکسێتێکم لا پەسەندە کە بەرۆحی نەتەوە گۆشکرابێت.

زوالفقار بۆتۆ لەئەمەریکا دەترسا چونکە لەوی خوێندنی تەواوکردبوو دەیزانی ئەمەریکایەکان چۆن سیاسەتدەکن وچەند بە سیستەمی سوسیالیست تۆڕە دەبن.هەوڵیدا سیستەمیکی لیبراڵ رۆژئاوای

پێادەبکات.ئەمەش بەشێکە لە پرۆژەی ڕوونڕەوی سیاسی و نەگبەتیە بۆ هەردوو دوژمنی ئاشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئازادی نەتەوەی.
واتە ئیسلام و کەپیتالیست .
بۆیە لەبەرنامەی ئەمەریکدا ئەو بوو هەردوو حکومەتی ئەفغانی (نور محمد ترقی) و پاکستانی(زوفقار علی بۆتۆ)بەهۆی ئیسلامی سیاسی و کاری سیخوریەوە برمێنێ و سەرکەوتنیشی بەدەستهانی .
دوای ئەم قۆناغە هەردوو وولات بوون بە مەڵبەندی ناشیرینترین بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی جگە لەوە هەردوو وولات کۆمەڵگایان لە گشت ڕوویەکەوە داوەشان . بوون بەدوو ئۆردوگا و گۆڕەپانی سوپایی ئیسلامی سیاسی تورە و قوتابخانەی تیرۆر.
لە 1980کودەتای سەربازی لەتورکیا کراوگشت ماف و ئازادیەیەکانی لەتوریکادا تەسك بووە.
1987ئیسرائیل نەخشەیەکی نۆی بۆسەرەڕەویەکانی(یاسر عرفات)کێشا وڕێکخراوی(حماس) ی دروستکرد.پێش چۆڵکردنی کەرتی غزە ئیسرائیل (700)مزگەوتی بۆحماس دروستکردبوو.
لەچاوپێکەوتنی(یاسرعرفات)لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئیتالی ووتی ئیسرائیل(حماسی)دروستکردوە.
ماوەی زیندانێکەی(شیخ یاسین)13 ساڵ بوو بۆیان کەمکردەوە بۆ ساڵێك کەئازادبوو.ووتی ڕوی چەکەکانتان مەکەنە ئیسرائیل بەڵکو گروبی( فتح) بکوژن. چونکە دوژمنی سەرەکیمانن.

قونسوڵی ئەمەریکی لەقودس(فیلیب ولکۆس)جەختی لەو ڕاستیەکردەوە کە ئیسرائیل (مۆساد) کۆمەك بە (حماس) دەکات .

کە(حماس)گەشەیکردو پردی پەیوەندی لەتەك جیهانی ئیسلامی دروستکرد ئیترئیشیان بە(شیخ یاسین)نەماو2004 کوشتیان لەهەمان ساڵدا(شارون)کەرتی غەزەی بۆچۆڵکردن تابۆاری یەکتری کوشتنی فەلەستینەیەکان بە دەستی خۆیان فراوان بێ .

(فتح وحماس)بەشێوەیەك هاتنە وێزەی یەکتری فرێدانی فەلستیەنیەکانی سەر بە فتح بە زیندوێتی لە باڵەخانە بەرزەکانەوە هیچ دڕندەیەك نایکات. یەك زمان یەك گەل یەك خاك یەك دین .

1980جەنگی عیراق وئیران دەستی پێکرد پوختە و نهینیەکانی باسکرا.

1984(پارتی کریکارانی کوردستان) دروستبوو, خەباتێکی چری دژی ڕژیمی تورکیا پیادەکرد وتائیستاش لەسەر ڕێچکەی خەبات بەردەوامە .

1988 بۆئەکەمجار بەئاگای بەریتانیا و ئەمەریکا عیراق چەکی کیمیاوی دژی کورد بەکارهانی.

(محمدضیأ الحق) یەکێك بوو لەوسەرکردە ئیسلامیانەی زۆر تیکەڵاوی سیاسەتی رۆژئاوابوو. لە کۆندا وەك ڕاوێژکارێکی سەربازی لە کەنداوی فارسی و لەسوپای ئوردون دا کاریکردبوو ئەوساتەی لەئەردەن و راویژکاری سوپای بوو ڕۆڵێکی خۆێناوی لە کوشتنی فەلەستینەکان لە ئەیلولی ڕەشدا1970 بینی .

لەوساتەوە پەیوەندی بە دەستگا نهێنیەکانی زلهێزەکانەوە هەبووە هەر بە ویستی ئەوان گەڕایەوەی بۆ پاکستان کودەتایەکی ناشیرینی دژی

(زورالفقار علی بۆتۆ) کردو.هەرچی پرۆژەیەکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وسیاسی هەبووگشتی پوچەڵکردەوە بە پێچەوانە گەشەیەی بە ڕەوتی ئیسلامی پاکستاندا بوو بە بەرەی پێشەوەی ئەمەریکی دژی سۆڤیت لە ئەفغانستان.

خاوەن بەرژەوەندیەکان ئەوەندە پیویستیان بە ئیسلامی سیاسی هەیە تا دەگەنە ئامانجەکەیان. هەر کاتێك کاریان بە کەسێك نەما لەناوبردنی زۆر ئاسانە.

نزیکبوونەوەی (محمدضیأ الحق) ترسی ئەوەی هەبوو بەنهینی کۆمەکی تەکنەلۆژیاو زانستی ئەتومی بگەینێتە دەست عەرەبەکان هەردوو وولات هندستان و ئیسرائیل بەوە رازی نەبوون کە پاکستان ببێ بە خاوەنی بۆمبی ئەتومی.ئەو هێزە ئەتۆمیێەش لەبەر دەستی کەسێکدابێ کە چەند ساڵ پەیوەندی بە وولاتانی عەرەبیەوە هەبووە.

ئیسرائیل بەبێ گۆیدانە بۆچوونی ئەمەریکا لە17-10-1988.

بە هۆی تەقینەوەی هالیکۆپتەوە بەئاسمانەوە(محمدضیأ الحق)وسەفیری ئەمەرکیش کە لەتەکیدابوو ئەویش کوژرا.

دبلۆماسی ئەمەریکی(جۆن گونتردین)لە پەرتووکی

Danger Zone.Doplomat´s Fight for Americsn´s Intersts)

دەنوسی کوشتنی(محمدضیأ الحق)پەیوەندی بەترسی ئیسرائیلیەوە هەبوو بۆ نەگەیشتنی تەکنەلۆژیای ئەتومی بەوولاتانی ئیسلامی. بۆ تێگەیشتن لە گرفتی ئەتومی ئیسلامی بروانە پەرتووکی

(صراع القوي الدولية في ضوئ النظام العالمي الجديد)ودور السياسة النووية في رسم الخارطة السياسية للشرق الاوسط). المركز القومي للترجمة . القاهرة . د.جەزا چنگیانی.

کوشتنی زوالفقار علی بۆتۆ 1979 .

کوشتنی محمدضیأ الحق 17- ئۆگۆست-1988

کوشتنی بینزیر بۆتۆ 27- دێسەمبەر2007.

شاربەدەرکردنی مشرف.

نەبوونە سەقامگیری و گۆڕینی سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پاکستان .

تەواو خاکی پاکستان ودەزگاکانی دەوڵەت کارمەندانی ئەمەریکی هەڵی دەسورێنن نوکتەیەکی سیاسی پاکستانیەکان هەیەدەڵێت ئەوی لە پاکستان دەسەڵاتی هەیە(A3)

(Army,Amaereica,Allah)واتە سوپا. ئەمەریکا . خوا.

بەپێ ڕێکەوتنامەی وولاتانی ئەوروپی بۆ کۆلۆنیالیکردنی کیشوەری ئەفەریقا دابەشکردنی بەسەر خۆیاندا لە گۆنگرەی بەرلین ساڵی 1884 فرنسا بەشیکی لەو کیشوەردا کۆلۆنیالیکرد. دوای ئازادکرنی ئەو وڵاتانەش وەك میراتێکی کۆلۆنیال دەزگا نهینەکانیەکانی فرنسا ڕۆڵیان لە گورینی سیاسەت مایەوە .تونس .مغرب وجزائیر تا ئەم ساتەش لەژێر کاریگەری کولتوری فرنسیدان. دوای نەمانی جەنگی جیهانی دووهەم نەمانی کۆلۆنیالیستی ئەڵمانی لەو کیشوەردا. ئەمەریکا هەوڵی ڕۆڵبینی

له ووڵاتانەدا بینی. بەمەبەستی گۆڕینی گێڕی میراتی کۆلۆنیالیستەکانی ئەفەریقا.

جەزائیر(بەرەی رزگاری ئیسلامی)لەهەڵبژاردنی 1991لەجیمی یەکەمدا 118 کورسیان لەپەرلەمان بەدەستهێنا.ئیسلامی سیاسی جەزائری هەمان سنوری ئیسلامی سیاسی ووڵاتانی تری عەرەبین وسەر بەدەزگای نیهنی ئەمەریکین ئەمە بۆ فرنسیەکان نهێنیکی شاراوە نەبوو. زەنگی بڤەی ترسناك بوو بۆ لە دەستچوونی کۆلۆنیالی فرنسی لەسەروی ئەفەریقادا.دەستگای نهینی فرنسا کودەتایەکی بەسەر ئیسلامیەکاندا کردو دەسەڵات گەڕایەوە بۆ ئەو سیاسیانەی سەربەسیاسەتی فرنسین. داگیرکردنی لیبیا و ناردنی سەرباز بۆ مالی گشتی لە سنوری ئەو پلانەدا دەخولێتەوە کە ئەمەریکا گەریکیتی کۆلۆنیالە کونەکانی فرنسا کۆنترۆڵبکات.القاعدە لە دوای تیرۆری بن لادنەوە رەسەنایەتی خۆی لەدەسەتدا . هەموو ووڵاتیك دەتوانی لە چ کاتیك و لەچ ووڵاتێکدا القاعدە دروستبکات بیکات بە بیانووی دەستخستنە ناو کاورباری ئەو نیشتمان گەلەوە ئەرکی القاعدە چیە و ئیستراتیجی وئایدۆلوجیان لە پێناوی چیدایە (ڕێکخراویکی چەکداری و ریش درێژ و تۆڕە ) ئەم بازییە هەرزانترین چەکە بۆ تێکدان و دەستخستنە نێو کاروباری ووڵاتەوە . چون ئەمەریکا بن لادن والقاعدەی دروستکردو دوای جێبەجیکردنی ئەرکەکانیان . بن لادنیان کوشت. ئەمەریکا هەر کاتیك پیویست بکات القاعدەیەکی نۆی دروستدەکات بۆ جیمیکی تری سیاسی.

## چیرۆکی بن لادن :

## شکستی ئیسلام

***زەقترین دەستەواژەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامی و عەربیدا ئەم دووانەیە ( القاعده و الربیع العربی ) .***

***پێویستە بخرێنە ژێر توژینەوەی ڕونرەوی سیاسیەوە***

**القاعده  و بن لادن . تەواوکەری یەکترین ؟**

**گرنگە ئەم پرسیارانە بکرێ و بزانری بۆچی لەسەردەمی جەنگی سارد دا بن لادن و القاعده دروست نەبوون ؟**

**بۆچی دوای ڕمانی سۆڤێت بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی بوو بەدیاردەیەکی ترسناکی بەربلاوی جیهان ؟**

**بۆ بەدرێژای میژووی ئیسلام لە هیچ وولاتێکی ئیسلامیدا هێزێك دروست نەبووە وەك القاعده ترسناك وخویناوی بێ؟**

**ئایا القاعده لەسەر ویست و بەرژەوەندی ئیسلام و لە خزمەت میللەتانی ئیسلامدا دروست بووە؟**

**ئایا ئیسلام وەك دین پیویستی بە هیێزی القاعده هەیە بۆ پارستنی خوی لە توانەوە و لاوازوبون ؟**

**ئایا القاعده خزمەتی بەئیسلام کرد یان زیانی پێگەیاند؟**

**ئایا فەلەستین و قدس لە رووی پیرۆزی دینی ئیسلام وکەسایەتی نەتەوەی عەرەبیەوە پیرۆزترو پیوستر نیە لە مزارشریف وکابول ؟**

ئەی بۆچی بەدریژای گرفتی فەلەستین و ئیسرائیل القاعدەیەك لە فەلەستین دروستنەبووە ؟
ئایا القاعدە رێکخراویکی سەربەخۆی دژە ئیمپریالیزم بوو؟
ئایا 11 سیپتەمبەر القاعدە بوو یان بە ناوی القاعیدەوە هێزێکی تر کردی ؟
چۆن القاعدە توانی بەهەموو کەنالەکانی کۆنترولی ئەمەریکایدا تێپەری ئەو کارەبکات ؟
با پێکەوە بیروانینە وەلآمی ئەم پرسیارانە .
هەرکەسێك ناوی القاعدە ببیستی ناوی ئوسامە بنلادن لەگۆیدا دەزرنگیتەوە بە پێچەوانەوە بەناوهێنانی بن لادن القاعدە دێتە وەلآم .
ئۆسامە بن لادن تەمەنی یەك سالآن بووە کە ئەمەریکایەکان پەیوەندیان بە خێزانی بن لادنەوەکردوە . زلهێزەکان بۆ کۆنترۆلی ئەو وولآتانەی بەرژەوەنیدانی تیدایە تەنیا کەڵك لەسیاسەتمەداران و هیزی سوپا وەرناگرن.
لەچەند دەلاقەیەکەوە وولآتان دەبینن. بۆیە ئاساییە لەپیشت پەیوەندیەی نیودەوڵەتی ودبلۆماسیەکانیانەوە پەیوەندی نهینی , تایبەتی دروستبکەن , کەسانێکیان هەبێ تا لە کاتی پیویست بەکاریان بهێنن . زلهێزەکان و بەتایبەتی ئەمەریکایەکان بەوە هوشیارن کە ئیسلام وەك دین زۆر بە تۆخی لەناخی مرۆڤدا چەقی داکوتاوە .

مادامیکی  ئیسلام ئەم پیگە مەزنەی لە لای مرۆڤەکانی ڕۆژهەلاَت هەیە بۆیە بەکارهینانی ئیسلام بۆ مەبەست و ئیستراتجییان لەو ناوچانەی لە کیشەوە ئالاون باشترین فاکتە کە دەتوانی مرۆڤەکان لەدەوری کۆببنەوە.
دروستکردنی تاقێمێکی توڕە و ڕادیکالّی . سەردەمانی شەری سارد تاقم و گروپی چەپیان دروستدەرکرد و بۆ پیویستی خۆیان بەکاریان دەهانی ئیستاش ئیسلامی  بەکار بهێنین.
لە 10.03.1957 ئوسامە بن لادن لەدایك دەبێت. لە تەمەنی یەك سالاَنیەوە نەخشەی پەروەردەکردنی دەکێشن .
وەکی نووسیم لەسالّی1958 ئەمەریکا دیاریەك پێشکەش بەدەولّەتی سعودیە دەکات کە بریتیە لە دروستکردنی هێلّی شەمەندەفەرێك بۆ گۆاستنەوەی(حاجیەکان) ی شاری مکە. بەنرخی نیو میلوین دۆلار ئەو ساتە. ئەم (پڕۆژەیەی)یان دا بە باوکی ئوسامە بن لادن(شیخ محمد بن لادن)بە هۆی ئەم پروژەیەوە باوکی بن لادن وەك بەلّێندەرێك ناوی پژا و بوو بەیەکی لە دەولّەمەندەکانی سعودیە و پەیوەندی لە نێوان خێزانی بن لادن و خێزانی سیاسی ئەمەریکی دروستبوو.




سەرۆك و كارمەندانی كۆشكی سپی لە چاوەڕوانی تیرۆری بن لادندا

وەكی لە میژووی دروستبوونی ریكخراوی ئیسلامی سیاسیەوە لەپیشەوە نوسرا . باشترین لەمپەر لەبەر شەپۆلی هیزی روسی سوپای ئیسلامی سیاسی بوو. كاتیك گرفتی ئەمەریكا و سۆڤیت لە ئەنجامی داگیركردنی ئەفغانستانەوە دروستبوو. جاریكی تر پرسیاری ئیسلامی سیاسی هاتەوە سەر میزی گفتوگۆی سیاسی زلهیزەكان .

لەم ڕۆانگایەوە نزیكترین وبەتواناترین كەسێك كە بتوانی بەم كارە هەڵسێ كەسێكی بەتوانابێت .

لە چەند ڕوویەكەوە ئوسامە بن لادنی نزیك بە ئەمەریكایەكان باشترین كەندیتاد بوو بۆ ئەم پۆستە .

ئەوی کەزۆر جێگەی سەرنجە ئۆسامە بن لادن ئەو ڕۆڵە گەورەی لە هاوکیشەکاندا هەبوو لێ لە ناخدا بڕوای بە ئیسلامی سیاسی نەبوو. بۆیە لە وەسیتنامەکەی بن لادن . 10 ساڵ پێشکوشتنەکەی لە (14-12-2001) دەنووسرێ :

- منداڵەکانم بەهیچ شێوەیەك خۆتان لەالقاعدە و سیاسەت نزیك مەکەنەوە .
- داوای لە گەنجانی ئیسلام دەکات بۆ خۆکوشتن لە پێناوی ئیسلام و القاعدە دا .

ئەمە دوو خاڵە ئەوە دەگەینی سەرۆکایەتی کردنی ریکخراویکی وەك القاعدە وەك پیشەیەك یان وەك ئەرکێك کردبیتی . نەك لە ڕۆح و بڕوایەکی جیهاد و دینەوە .

لە2011-05-02 تیرۆرکراو .

ووتەبێژی کۆشکی سپی لە 2011-05-05ووتی :

کوشتنی بن لادن لەسەر ئاستی بەرژەوەندی نەتەوەی ئەمەریکی بوو. شێوەی کوشتنەکەی و وونکردنی لاشەکەی بەوشێوەی کە ئەمەریکا کردی مانای پیوست نەمانی ئەمەریکا بە کەسایەتی بن لادن و ریکخراوی القاعدەی سەردەمی بن لادن . لێ القاعدە وەك ناویکی ترسناك بۆ ریکخراویکی توڕە . ئیمڕۆ هەموو کەسێك هەموو وولاتێك دەتوانی لەئاست پیویستی و بەرژەوەندی خۆیدا القاعدە یەك دروستبکات . ئەگەر سەرنج بدەینە میژووی شەری

سارد لەو سەردەمەدا بوونی ریکخراوی کۆمونیستی چەکدار بە ترسناکترین گروپی سیاسی ناوزەند دەکرا . دوای نەمانی سوڤیت القاعدە جیگەی ئەو گروپە کۆمۆنیستە ترسناکانەی گرتەوە ئەمە لە ڕووی چەکی سایکۆلوژیەوە ڕۆلێکی گەورە لە دروستکردنی مرۆڤەکان بۆ ئامادەبوونیان بۆ جەنگ دەبینی .

ئەوەی زۆر ئاسان بێت بۆ زلهێزەکان تێکدانی کۆمەلگای جیهانی سیهەم و ئیسلامە . تا جەنگی سارد مابوو . بۆ تیکدان و ئاژاوە نانەوە زۆرجار سەرمایەدارانی جیهان ریکخراوی(چەپ یان کۆمۆنیستیان)دروستکردوە لە هەندی جاریشدا یەك کەس بە دەستێك یارمەتی دوولایەنی دژ بەیەکیانداوە . بۆ نمونە .

لەسەردەمی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا(مارگریت تاجر) کۆمپانیای تیرۆر و جەنگی بەریتانی (KMS)و هەردوو دەستگای نهینیی بەریتانی و ئەمەریکی (CIA.MI6) هەموو جۆرە کۆمەکێکیان بەدیکتاتۆر(Popot)دژی کۆمۆنیستەکان لە کۆمبۆدیا کرد.

لەهەمان کات و ساتدا هەمان (مارگریت تاجر) یارمەتی وکۆمەکی هەمە جۆرەی بەکۆمۆنیستەکانی کۆمۆبودیای دژی ریژیمی دیکتاتۆری( Popot)کرد. لەنێوان ئەم دوو بەرە دژەدا یەك میلۆین مرۆڤ لە کۆمبۆدیا بوون بە قوربان.

لە (Juni1991) ئەم نهینیە ئاشکرابوو.

(مارگريت تاجر)نكۆلی لەو يارمەتيەكرد بەلاّم ( Archie Hamilton) كە لێپسراوێكی وەزرارەتی دەرەوەی بەريتانی بوو (مارگريت تاجری) بەدرۆخستەوە ئەوڕاستيەی ئاشكراكرد .

***سەرمايە بێ قازانج گەشەناكات. قازانجيش مسۆگەرنابێ گەر بازاری گەرمی ساخكردنەوەی كالاّ نەبێ .***

يەكێك لەسەرچاوە گرنگەكانی قازانجی پيشەسازی ولاّتانی پيشەسازيە گەورەكان فرۆشتنی چەك و تەقەمەنيە .

چەك وتەقەمەنی كالاّيەكی گرانە كاتيك پڕفۆشدەبێت كە بازاڕی فراوانی بۆ مسۆگەر بكرێت بازاری چەك يانی (جەنگ) نەخشەی جيهان بخينە بەر ديدەمان تەنيا نێوچەی رۆژهەلاّتی نيوەڕاستی خاوەن07٪ پيترۆڵ و غازی يەدەكی و پركيشەی نەتەوەی و مەزهەبيە ( سامانێكی زۆر و گرفتيكی زۆری مرۆڤەكانی ئەو ناوچەيە) ئەم دوو فاكتە باشترين فاكتن بۆ گەرمی بازاڕی چەكفرۆشتن , بۆيە دوای نەمانی جەنگی سارد هەرەسی ئايدۆلۆژيتی كۆمۆنيستی وچەپ و كزبوونی ياخی بوونە چەكداريەكانی ئەمەريكای لاتين . تەنيا نيوچەی رۆژهەلاّتی نيوەراست و جيهانی ئيسلامی گۆرەپانی ساخكردنەوەی بەرهەمی كارگە چەكدروستكەرەكانن. باشترين فاكتيش بۆ جەنگی نێوان دژەكان ئيسلامە. چۆنكە ئيسلام دينێكی فراوان و پيرۆزی مرۆڤەكانی ئەم ناوچەين.

وولاَتانی پیشەسازی جیهانی کە کۆمەڵە دەوڵەتێکی دیموکراتین هیچ کاتیك نەویستویانە و نەگەرەکیانە لەجیهانی ئیسلامی و سیهەمدا دیموکراتی بوونی هەبێ .

نوسەری ئەمەریکی(جۆن برکینز)لەپەرتووکی (الاغتیال الاقتصادی ) دا دەنوسی ( ئەمەریکا هیچ کاتێك ویستی نەبووە دیموکراتی پەرشبکات , تەنیا ویستی پەرشکردنی کەپیتال و کۆنترۆڵی سامانی سروشتی جیهانە).

چونکە بە دابینکردنی سیستەمیکی دیموکراتی بازاری پیشەسازی چەکفرۆشتنیان تەسك دەبیتەوە.پیش سەرهەڵانی کیشەی ئەفغانستان و داگیرکردنی سوڤیت . لە سالانی سەرەتای پەنجاکاندا کۆمەڵی گۆرانکاری سیاسی بەشێوەیەکی دیموکراتی و لەریگەی هەلبژاردنەوە لە چەند وڵاتێکدا رژیمەکان گۆڕان.

جیهانی دیموکراتی و خاوەن بەرژەوەندی نەك کۆمەك و پێشوازیان لەو گۆڕانە دیموکراتیانە کرد بە پیچەوانەوە لەریگەی دەزگا نیهنیەکانیانەوە دەسەڵاتە دیموکراتە هەلبژیراوەکانیان هەرەسپێهانی . کۆمەکیان بە دیکتاتۆرەکان کردوە .

ئۆپڕاسوینی ئاجاخ ساڵی 1953 دژی محمد مصدق . ئیران

گۆنتیمالا 1954

بەرازیل 1964

شیلی 1973 .

ئەمانە گۆڕانی دیموکراتیانەبوون.

ئەمەریکا وبەریتانیا بە پیچەوانەوە نەك كۆمەكیان بەو حكومەتە هەلبژێراوانە كرد , بەڵكو لەریگەی کودەتای سەربازی و تیرۆ و كۆمەكەوە ئەورژیمە دیموكراتیانەیان رمان و دیكتاتورەكانیان لە جیگەیان دانا . وەکی نوسیم :

تەنانەت ئەو گۆڕانە گەورەی لە ئۆکۆتۆبەری1917 لە روسی رویدا میژوو ئاشکرایکرد ئەو گۆڕانە و خودی للینیش دروستکراوی دەزگای سیخورخانەی ئەڵمانیەكان بوو .

Der Spiegel…No.50..2007
Die gekaufte Revolution

درۆیەكی گەورەیە . گەمژەیەكی بیّ سنورە مرۆڤ بڕوا بەوە بكات القاعدە و بن لادن لە پێناوی ئاشتی و سیستەمی دیموكراتی مرۆڤایەتیدا هاوبەشی جەنگی ئەفغانستانیان كردبیّ ؟

ئەمە ئەلقەیەكی زنجیرە سیاسیەكی زلهیزەكانە كە هەر زەمەنێك بەهو و بەناویكەوە لەشێوەیەكی نۆیدا وولاتانی جیهانی سیهەم دەكەن بە گۆڕەپانی یەكالاكردنەوەی كێشە و بەرژەوەندیەكانیان.

لە كاتی نووسینی ئەم پەرتوكەدا كیشەی سوریا باشترین نمونەیە كە سوریایەكان لە سەر بلانسی ئیستراتیجی نێوان روسیا و ئەمریكا ولاتی خۆیان كاول و هاوولاتی خۆیان دەكوژن.

بەهاری عەرببیش نازناویكە قوناغیكە لە قوناغی ئەو زنجیرەی كە خاوەن بەرژەوەندیەكان بۆ كۆیلەكردنی مرۆڤەكانی ناوچەكە چنیویانە . القاعدە و بەهاری عەربی . ئەمەیە .

# قۆناغی پێنجەم

## ئیسلامی سیاسی بەهاری عەرەبی نارەسەن

***گرنگ نیە  کۆیلە باسی ئازای بکات***

***گرنگ ئەوەیە کۆیلە چۆن  ئازادی مسۆگەر دەکات***

**دەستەواژە یان پیناسەی بەهاری عەرەبی کە *بلێسەکەی لە گری جەستەی لاویکی بێ کار و نەگبەتی دەستگێری تونسیەوە(محمد البوعزیزی) لە17-دیسمبر-2010 دەستی پێکرد* و گەلی تونسی ڕاپەڕان**



**وزین العابیدن ڕما و زمانی ئەو دەستەواژەیە پژا .**

**لە ڕاستیدا ئەو دەستەواژەیە لە بەهاری پراگ ساڵی(1968)وەرگیراوە .**

**کە دانیشتوانی پڕاگ دژی دەسەڵاتی سوڤێت ڕاپەڕین.**

جیاوازی لەنێوان بەهاری (پڕاگ ) و (بەهاری عەرەبی ) لەوەدایە بەهاری پڕاگ بەری هوشیاری و ڕاپەڕینی ڕۆشنبیر و بەرهەمی کۆمەڵە نوسەریکی جیکۆسلۆڤاکیا و روس و گەلانی تری نێو ئامێزی سۆڤیت بوو.

ئەوان پێش راپەڕین بە نووسین ورەخنەکانیانەوە کۆمەڵگایان ئامادەی ڕاپەڕین کردبوو واتە پێش ئەوەی گەل برژینە سەر شەقامەکان گەل بە ئامانجەکانیان هوشیارکرابوونەوە.

لەنێو تویژی ڕۆشنبیرانیشدا ئەڵتەرناتیف بۆ دەسەڵاتی ڕەهای کۆمەنیستەکان هەبوو . گەورەترین هەڵە لەراپەڕینی گەلاندا دژی ریژیمە دیکتاتۆرەکان نەبوونی ئەلتەرناتیفی دەسەڵاتە .

جیاوازی ئەم دوو راپەرینە لەوەدایە داخوازی بەهاری پراك گۆڕینی دەسەڵاتی رەها و دیکتاتۆری کومۆنیستەکان بو بە بەدەسلاتێکی دیموکراتی لیبرال . ئامانجەکەشیان لە رمانی سوڤیت دوای پرۆستروکیا مسۆگەر بوو.

بەهاری عەرەبی بە پێچەوانەوە . گۆڕینی ڕژیمە دکتاتۆر و دزەکانە بە دیکتاتۆری مزهەبی و گەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ سەردەمی خەلافەت.

که ئەمەش ویست و نەخشەی خاوەن بەرژەوەندیەکانە .

(دیفید لونج) پسپۆر لە بواری سعودیەدا دەنووسی

پیویستە زەمەن بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی خەلافەت یانی جهالەت .

وەزیری (مستعمرات) ی بەریتانی بە سیخور(میستر همفر )دەڵێ :

**ئەركی تۆ گەرمكردن ئاگری ئاژاوەیە لەنێوان(شیعەوسونە)دا نەك ئاشتكردنەوەیان**

**شیعە وسونە بەهەردوكیان پێكهاتەی كۆمەڵگای ئیسلامی پێگدەهێنن . لێ هەریەكەیان خاوەنی ئەجندای تایبەتی خۆیانن كە دورە لە ئیسلامی ڕەسەنەوە .**



**وینەی(مستر همفر)سیخوری بەریتانی وشارەزالە زمان وكولتور و شریعە**

**(ئیخوان وڕێكخراوە شیعەكاندا) دوو دیدی جودای ئیسلام و ئیسلامی سیاسین. كۆامیان بەڕاستی ئیسلامی ڕەسەنن و كۆامیان ئیسلام دەخاتە سەرو سیاسەتەوە . ئایا لە لای ئەوان سیاسەت لەپیشترە یان ئیسلام ؟**

ئەگەر ئەم پرسیارە لە هەر لایەکیان بکەیت یەك وەڵامی درۆتدەداتەوە ئەویش(هەموو شتێ لەپێناوی ئیسلامدا) .

هەردوکیان ئیسلامیان کردوە بە ئامرازی گەیشتنیان بۆ ویستە سیاسەکانیان .

ئیستا ئیسلام ئایدولوژیەکی سیاسیە وەك هەر یەکی لەو ئایدۆلۆژیانەی کە لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا دروستبوون . هیچ ئایدۆلۆژییەك بە پێوەری مرۆڤایەتی نەپاکە نە پیرۆزە . چونکە ناتوانن سەرجەم ویستە مرۆیەکان بۆ مرۆڤایەتی بێ جیاوزای مسۆگەر بکەن.

لە نێو رۆحی هەر ئایدۆلۆژێکدا هێزیکی تورە هەیە کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ تاوان بەرامبەر بە مرۆڤ بکات.

بە چاودێری سترۆکۆتوری میژووی هزری گشت دینیك دەبینین تێدا تاوان بەرامبەر مرۆڤیایەتی کراوە. لە چ کاتێکدا ؟ لەوساتەدا کە بەرژەوەندی لایەنێك زاڵە و زوڵم لە لایەنێکی تردەکات.

بێجگە دینی (زەردەشتی)ی چونکە ئەم دینە تایەبەت نەبووە بە ڕەگەز و ناوچەیەکی تایەبەتی . کە ئەو خەسلەتە لە هەر دینیکدا بوونی هەبوو ئەو دینە دەبێتە ئامرازیك بۆ گەیشتنی مرۆڤایەتی بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەتی بە ئامانج و مافە مرۆیەکەی .

میژووی مرۆڤایەتی . میژووی گەردون زۆر کۆنترە لە میژووی گشت دینەکان. دینەکان مرۆڤ دروستیان کردوە. بۆ مرۆڤ.

چون جیاوازی لە نێوان پارتی کۆمونیستی روسیا و چین هەبوو هەردووکیشیان خۆیان بە خەمخوری کریکار دادەنا لێ راستیدا لە ئاست

**بەرژەوەنی نەتەوەی و نیشتمانی و بلانسی سیاسی خویاندا مامەڵەیان لەتەك دەقە هزریەکانی مارکس و لینین و ماو دەکرد.**

**ماو دەڵی : من مارکسیەتێکم لا پەسەندە کە خزمەت بە بەرژەوەندی نەتەوەی چینیەکان بکات .**

**لەئیستاشدا ئیسلامی سیاسی هەروا کەوتوتەوە. دژایەتی نێوان هەردوو باڵەکەش هەندی جارخویناویترە لەدوژمنی ئیسلام بەرامبەربە ئیسلام.**

**ئەوەی زۆرگرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەندەی ئەمەریکا و رۆژئاوا و روسیا و زلهیزەکان کەڵك لە ئیسلامی سیاسی بە هەردوو(شیعە وسوننە)وە وەردەگرن میللەتانی ئیسلام کەڵی لێوەرناگرن هەر لەم دەلاقیەوە ئاور لەبەهاری عەرەبی دەدەینەوە**

***تاوانێکی گەلێك مەزنە تەواوی ڕاپەڕین و تورەبوونی شەقامەکانی وولآتانی جیهانی سێهەم بە پلان و لەسەر ویستی هێزی دەرکی پێناسە بکرێن. ئەوە راستە کۆمەڵگای ئیسلامی کۆمەڵگایەکی ناسەقامگیر و بێ دەستور و یاسایەکی مرۆی و یەکسانیەو لە 20 ساڵی ڕابوردوا نەك لە وولآتانی ئیسلامدا لەتەواوی جیهاندا نەوەیەکی نۆی بێ کار وئایندە دروستبوون کەخەوی سەرەکیان خۆشی ژیان وئایندەی سودبەخشە بارودۆخی سیاسی و ئابوری لەمیەریکە لەبەردەم زۆربەی هیواکانیان بۆیە راپەرین و خۆپیشانداان وشۆرش شتێکی چاوەڕوانە.***

***دوو جۆرە ڕاپەڕین هەیە :***

***1: ڕاپەڕینی کتوپڕی بێ نەخشە***

***2: ڕاپەڕینی نەخشەدار***

**خاڵی (2) دووجۆر ڕاپەڕینە**

1: ڕاپەڕینی نەخشە کیشراولە لایەن گەلەوە

2: راپەڕینی نەخشەکیشراو لە لایەن هێزیکی دەرەکیەوە

1: ڕاپەڕینی گتوپڕی بێ نەخەشە : بۆ نمونە ڕاپەڕینی تونس لە جۆرەیە. لەم جۆرە ڕاپەڕینەدا ترسێك هەیە . ئەویش ئەگەر کۆمەڵگا لە رۆحیدا ئەلتەرناتیفی نەبێ و بەخیرای جیگە دەسەڵاتی هەڵهاتوو بگرێتەوە ئەوە زۆر نزیکە هیزیکی چەواشەکار یان کونزرەفاتیف یان دیکتاتۆریکی مەزهەبی جیگەی دکتاتور بگریتەوە . لەم جورە دۆزانەدا ئەنجامی ڕاپەرین کارەسات بۆ گەل و ئاژاوە دروستدەکات .

ئەنجامی ڕاپەرینی تونسیەکان وای لیهات . ئەوتا دوای نەمانی رژیمی کۆن . تونس کە خاوەنی میژوویەکی جوانی رۆشنبیری مۆدیرنە ئیسلامیەکان کە ریبازی دکتاتوری مزهبی ئایدۆلۆژیانە جیگەیان گرتەوە . ئەم دۆزە تەمەنیکی دریژ تونسییەکان دەتاسینی .

وەك چۆن ئەمە راستەی ئەوش راستە خاوەن بەرژەوەندیەکان کەڵك لە هەموو کەس و دۆزێك و هزرێك و دین و کێشەیەك وەردەگرن

لەو ڕۆژەوەی ئیسلام وەك دین بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا بڵاوبووە هەمیشە لەتەك مرۆڤی ئیسلامدا ژیاوە و لەتەك گرفتەکانیدا ئامادەبووە. دیاردەی ئیسلامی سیاسیش کە دیاردەیەکی ناشیرینی سیاسی جیهانی ئیسلامیە هەمیشە و بەزوترین کات دەتوانی ببێ بە ئەڵتەرناتیفی هزری سیاسی مۆدیرن.

لەشکستهینانی ئایدۆلۆژیەك . ئایولۆژیەکی تر لەدایك دەبێ .
کە مارکسیە فەلەستینەیەکان شکستیان خوارد ریکخراوەکەیان دایە دەست ئیسلامیەکان.
لە تونسدا رۆشنبیری بەتوانا وکەسانی نیشتمانی هوشیاران زۆر بوو لێ وەك ئۆرگان نەبوون . تەنیا ئیسلامیەکان ئەوانیش چالاکیان سنوردار و کادیرانیان زۆربەیان لەدەرەوەی تونس بوون .
هەرچەند جیاوازییەك لەنێوان ئیسلامی تونسی و وولاتانی تردا هەیە لێ ناتوانن لە بونیادی ئەو هزری ئیسلام لابدەن بۆیە هەرچەند خۆیان بە مۆدیرن وپێشکەوتوو پێناسە بکەن بەپێ دەستوری ئیسلام و بەتێپەربوونی زەمن شریعەت دەبێتە پێناسەی کاریان کە ئەمەش کارەساتێك بۆ مرۆڤ دینیتەو بەرهەم.
لەجیاتی ئەوەی ئازادی ونان وکار بۆ هاوولاتیان دابینبکات نەگبەتیەکی تر بەبرگی ژیانی کۆمەڵدا دەکەن .
شەریعەت لەسەردەمێك ولە دۆزیکی تایبەتی ئابوری و کۆمەلایەتی کۆمەلگایەکی سەرتای لەدایك بووە کە بۆ ئەوساتە وەك سیستەم زۆر مۆدیرن بووە بەرامبەر بە سیستەمی کۆمەلایەتی پرێمێتیفی دۆرگەی عەرەبی.
گەڕانەوەی شەریعە بۆ سیستەمی کۆمەلگانی ئیمرۆ گەڕانەوەی کۆمەلە بۆ سەدەکانی گەوجایەتی. شەریعە یانی بەرنامەی سیستەمێك لەئاست هوشیاری و گرفتی کاتی کۆمەڵدا دەبێ گۆڕانی بەسەردا بێت. شریعەت

مادامیکی پیرۆزه کەواته ناتوانی گۆڕانی تێدا بکرێت. ڕەوشتی مرۆڤ و کۆمەڵ لەسروشتەوه وابووه کە هەمیشه لە گۆڕاندایه.

بەپێ ڕەوتی مرۆڤایەتی کۆمەڵگا وەك جەستەیەکی زیندوو هەمیشه لە گەشەکردن و جوڵەدایه . سترۆکتوری ئیسلام چەقیوه لەتەك سترۆکتوری گۆڕانی کۆمەڵدا ناگونجی بۆیه شۆرشەکان ئەگەر ببیته لابردنی دیکتاتۆرێکی سەربازی یان خێزانی دیکتاتۆریکی مەزهەبی جێگەی بگرێتەوه ئەمه کارەساته

ئیسلام لەسەر سێ کۆڵەکه بونیادنراوه

1: قورئان

2: دەسەڵاتی شورا

3: دەسەڵاتی جیبەجیکاری لەسەر بنەماکانی شەریعەت .

ئەم سێ خاڵه چنراون بەیەکەوه جیابوونەویان بوونی نیه .

دووخویندنەوه بۆ هێزی ئیسلام هەیه :

1: خویندنەوەی دینی : وەك فەلسەفەی میژووی ئیسلام

2: خویندنەوەی ئیسلامی سیاسی .

مۆدرینستەکان(وەك دین) نابێ دژی دینی ئیسلام بن چونکه سترۆکتوری مۆدیرنیست ئازادی تاکه . قەدەغەکردنی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی دینەکان بەشێکه لەئازادیان . بەڵام مۆدیرنستەکان پیویسته بە زمانی سیاسەتەوه راڤه لەتەك ئیسلامی سیاسیدا بکەن .

ئیسلامی سیاسیش لەکاتی دەماقلیەی سیاسیدا پێویسته بە رۆحێکی سیاسیانەوه ڕەخنەکان پەسەند بکەن نەك بە فەلسەفەی ئیسلامی.

هەرموسڵمانێك بوو بە ئیسلامی سیاسی ئەوە بەرگی پیرۆزی ئیسلام دەبێ لە كۆڵی خۆی بكاتەوە . دەبێ ئەوە بزانی ئیسلام لە مزگەوت ترازا بوو بە ئامرازێك بۆ ویستی سیاسی پیرۆزی لە دەستدەدا.

سیاسەت سیمایەكی بێ رەوشتی هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سترۆكتۆری سیاسیەت سترۆكتۆریكی پیروزكراو نیە ( ماكیاڤیللی ).

گۆڕینی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وجهانی ئیسلامی پرۆژەیەكی ئیمرپالیزمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرتای حەفتاكان.

لەمانگی مایو1979دوای ڕوخاندنی رژیمی شاە

(د.برینراد لویس)بەریتانی وشارەزا لەجیهانی ئیسلامی لەدوای ئامادەبوونی لە زانكوی(بریستون)وگفتوگۆیەكی چڕوپڕی كۆمەڵێ پسپۆری بوارە جۆر بە جۆرەكانی كۆمەڵایەتی و ئابوری وسیاسی وپسپۆرانی دینی ئیسلام وكۆمەڵگاكانی جیهانی ئیسلام.

لەمەڕ ئایندەی ئیسلام نەخشەیەكی كێشا چۆن گۆڕانكاری لە سیاسەتی جهانی ئیسلامیدا بكرێ ؟ لەبەرژەوەندی جیهانی سەرمایەداریدا بێ؟

ئەمە سەرتای خۆئامادەكردنی سەرمایەدارانی جیهانی بوو بۆ جیهانی پڕكێشە وپڕ سامانی سروشتی ئیسلامی.

ووردەكاری ئەو پرۆگرامە لەبەردەستادا نیە . چونكە پابەندە بە ئیستراتیجی ملوینەها كۆمپانیای چەك وپیترۆڵ وزە و هتد...

لێ چەند خاڵێكی گرنگ وكرۆكی نەخشەكە بەم شێویە لەباوە شدەگرێ :

ئەم دکتورە خاوەنی پەرتوکێکە بەناوی(تامپۆنی کولتورەکان) بۆچونی لەسەرگۆرینی گۆمەڵگای ئیسلامی بەم چەندخاڵە ئاشکرادەکات:

1: ئەگەردەسەڵاتی ڕەهیای ئیسلامی(مەبەستی دیکتاتۆری نەتەوەی ئیسلامیە)وەکی ناصر دروست ببێ ئەوە زیانێکی گەورە دەکەین .

2: ئەگەر موسوڵمانەکان واز لە دینەکەیان بهێنن و بیرلە دەسەڵاتێکی پەرلەمانی دیموکراتی یان کۆمونیستی بکەنەوە ئەوە ئێمە توشی نەگبەتی دەبین.

3: ئەگەر موسوڵمانەکان ژیانیان لە مۆدیرن هەڵبکێشن و کولتوری 1500 ساڵی ئیسلام بخەنەکەنارەوە بەچاوی رۆژ و پیویستەوە بڕواننە ئیسلام . ئەوە ئێمە ناتوانین بەئاسنی ئیستراتیجیتی خۆمان لەنیشتمانی ئەواندا پێادەبکەین .

4: ئەوی کە تەنیا خزمەت بە ئێمە دەگەینێ

(ئیسلامی سیاسی توندڕەوە و گەڕانەوەی کۆمەڵگای ئیسلامیە بۆ سەردەمی جەهالەت ).

بۆ ئەم مەبەستەش و بە بەڵگەی ئەوەی گەورەترین کودەتای ئیسلامی لە ئیراندا بە نەخشە و ویست و هەڵبژاردەی ئەمەریکا و ڕەزامەندی هاو بیرەکانی بووە .

*Mit der Ölwaffe zur Weltmacht*
*.F.William Engdahl.2000*

واتە ساڵانی سەرتایی مەزەنەی کۆتای هاتن بەجەنگی سارد و پێشبینەکردن یان مەزەنەکردنی قەیرانی ئابوری ئەمەریکی دوای جەنگی سارد.

تۆژیره سیاسیەکانی ئەمەریکی و ئەورووپی هەمیشه پێش هاتنی قەیرانەکانیان هەوڵی چارەسەر و فاکتەکان دەخەنه پێشبینی ئایندەوه. ئەمەیەکێکه له زرنگترین و گرنگرتن ئەرك و کار لەسەر ئیستراتیجی(نەتەوه) له لایەن زانکۆ و بیرمەند و رێکخراوه سیاسی و نهێنیەکانی ووڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی جیهانیەوه .

کێبەرکی چەکی ئۆتۆمی راکیتی کیشوەربڕ . هەردوو زلهێزی گەیاندبووه ئەوراستییه کەجەنگی سور(خوێناوی)کێشەی نێوانیان چارەسەرناکات بەڵکو تەقینەوەی وەها جەنگێکی جیهانی یانی له ناوچونی هەردوو زلهێز و تەواوی جیهان.

داتەپینی ئابوری سوڤێت وماندووبونی جیهان بەسەرقاڵی شەری ساردەوه هەردوو لای گەیاندە ئەوراستیەی کە سیستەمی بەریوەبردنی جیهان بەم شێوه کلاسیکیه له بەرژەوەندی هێچ کامیان نیه .

لەپاڵ ئەمشدا قەبەبوونی ئابوری ئەڵمانیا و یابان و چین . گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی نەتەوه مەزنەکانی وەك فرنسا و ئەڵمانیا بۆ رزگاربوون و کۆتایهانین لەسیستەمی کۆلۆنیالی ئەمەریکی له ئەورووپای دوای جەنگی جیهانی دووهەمه فاکتیکی تری گۆڕینی سیستەمی سیاسەتی جیهانی بوو.

سامۆئیل هونتینگتون لەزانکوی( Harvard)

دەڵێ : یەکیتی و لکاننی ئابوری و پێکەوه گەشەکردنی ووڵاتی ئەورووپی یانی دروستبوونی هێزیکی تری جیهانی بۆی خۆراپسکاندن له تاکرەوی ئەمەریکی.

(هینری کیسنجەر)لەساڵانی 70 و ئیستاشی لەسەربێ بەیەکی لەزرنگترین سیاسەتمدارانی جیهان وئەندازیاری نەخشە ئیستراتجیەکانی سیاسەتی ئەمەریکی و گۆڕینی گۆپۆلۆتیکی جیهان دادەنرێ.

دەڵێ :

*Erdöl ist zu Wichtig als dass man es den Arabern überlassen könnte*

پیترۆڵ زۆر لەوە بەنرخترە عەرەب خاوەنی بێ .

لەیەکی لەوتارەکانمدا ئاماژەم بەدەوڵەتی ڕەسەن ونارەسن کردبوو . ئەودەوڵەتە عەرەبیانەی دوای تلیسانەوەی سەڵتەنەتی عوسمانی دروستبوون دەوڵەتانی نارەسەنن چونکە لەئەنجامی پرۆسیسیکی سیاسی(گەیوو)واتەگەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی ونیشتمانی وە دروستنەبوون . بەڵکو لەسەر دەست وئیستراتیجی زلهێزەکان بە تایبەتی بەریتانیا و فرنسا دروستبوون. زلهێزەکانیش کە کارێك دەکەن دووربینن بۆ ئایندەی ئەو کارە بە تایبەتی لە دروستکردنی دەوڵەت وپێگەی ئەو دەوڵەتە لەڕووی ئابوری و خاکەکەی لە ڕووی ئیستراتیجی گوپۆلۆتیکی جیهانیەوە.

ئەم دەوڵەتە نۆیانەی داوی ڕمانی دەسەڵاتی عوسمانی لەتەك لە دایك بوونیاندا لەڕەحمیاندا کۆمەڵی گرفتی میژووی بێ چارەسەرهەڵگرتووە(لاوازی هوشیاری سیاسی وئابوری و قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن خێزان ودیکتاتۆری سەربازیەکانەوە) فاکتێکی گەورەی داتەپینی بنەما پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگای ڕەسەنن .

ئەم شێوە دەسەڵاتانە ناتوانن زۆران لەتەك گرفتەكانی سەردەم بگرن داخۆازیەكانی خەڵكیان بۆ جێبەجیناكرێت.بویە تەقینەوە ونائارامی لەم وولآتانەدا زۆر ئاسانە جاران ڕاستێكی شارەوە لەپشت سیناریوی سیاسی و گۆڕان و كودەتا سەربازیەكانی جیهانی سیهەم و وولآتانی ئیسلام و عەربیەوە هەبوو . ئەویش بەرژەوەندی دوو چمكی ناكۆكی شەری ساردبوو .

لەڕاستیدا هەردوو ئایدیۆلۆژیكە لەژێر پرسیاری توژیرەوەی سیاسی رونرەویدا(معرفی)هیچ لایەكیان(سوفێتی سوسیالیستی و كەپیتالیستی دیموكراتی)تەنیا لەخەمی بەرژەوەندی خۆیاندا بوون نەك نەتەوە وگەلانی تر بە پێچەوانەوە لەئاستی بلانس و بەرژەوەندی ئابوری و ئیستراتیجی سیاسی خۆیاندا مامەڵەیان لەتەك كێشەكان كردوە لە ئایندەشدا زلهێزەكان هەروا دەبێ .

هیچ كاتێك ئەمەریكا ویستی نیە دیموكراتی پەرشبكات . بەڵكو تەنیا كۆنترۆڵی سامانی سروشتی و پەرشكردنی ئابوریەكیەیتیە.

جون بركینز . الاغتیال الاقتصادی للامم .

ئیستاش جیهانی سەرمایەداری دوای نەمانی جەنگی سارد وداتەپینی ئابوری ئەمەریكی و شكستخواردنی پڕۆسێسی ( گلۆبالیزم) كە شێوەیەكی نۆی كۆلۆنیالیكردنی وولآتان بوو لە لایەن سەرمایەدارانی جیهانەوە. پڕۆژەی(دیموكراتیزەكردنی)جیهانی سیهەم بوو بە بیانویەك بۆ كۆلۆنالیكردنی جیهانی سیهەم وئیسلامی ئەمانەگشتی درۆن .

که محمد مسدق سەرۆك وەزیرانی ئیران (1880 - 1976 )له کۆمپانیه پیترۆلەکانی بەریتانی راستبووه خۆمالیکردنی پیترۆوڵی ئیرانی کرد ئەمەریکا لەپێناوی لەمپەر دانان بۆ شەپۆلی کۆمونیست و پاراستنی گەلانی ئیران . نەخشەی کودەتایەکیان بۆ سازان .

کیرمل رۆزفلت بەجانتایەکی پر له دولارەوه راپەینیکی دژی مسدق لەشەقامەکانی تارانەوه کرد 1953. ئەمەش هەمان تاقیکردنەوەی ساڵی 1917 له روسیا و رۆلی کەپیتالیستی ئەلمانی له وشورشەدا.

چۆن کەپیتالیستەکان به درۆی دیموکراتی مافی مرۆڤەوه دەستەخەنه کاروباریانەوه .

کۆمونیستەکانی سوڤیت بەناوی یارمەتیدان و دامەزراندنی سیستەمیکی یەکسانی بازیان به گەلانی جیهانی هەژارکردوه ؟

ناکرێ مرۆڤ هێندە گەوج بێ بڵی لینین ئاگای یان هوشیاری لەمەڕ گرفت و میژووی نەتەوەی کورد نەبووبێ بەوه هوشیاربووه که خاکی کوردستان خاکیکی کۆلۆنالیکراوه نەتەوەی کوردیش به گشت چینەکانیەوه نەتەوەیەکی چەوساوەیە. بەڵام لەحیاتی ئەوەی یارمەتی کورد بدا . یارمەتیەکی زۆری ناسیونالیستی فارس و عەرەب و تورکی دا.

لەم وولاتانەدا:

1: ئیران سالی 1953 کودەتاکەی دژی مصدق .

2: گۆنتیمالا 1954

3: بەرازیل 1964

4: شیلی 1973 .

(سلفادۆر ئەلیندا)سوسیالست کەندیداتی سوسیالیستەکان بوو.

لەرێگەی هەلبژاردن وپەرلەمانەوە دەسەلاتی سیاسی لە دکتاتۆرەوە بۆ دیموکراتی گۆڕدراوە لێ چونکەئەو گۆڕانکاریە دیموکراتیانە لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا نەبوو گشتی بەشێوەی جیاواز لەناوبران :

سەرۆکی ئەمەریکی (نیکسۆن)هاوڕێ سەرۆکی کۆمپانیای بیبسی کۆلا بوو لە شیلی . هەردوکیان هەولیاندا بە کودەتایەکی سەربازی( سلفادۆر ئەلیندا) بکوژن. لە جێگەی ئەو وجەنەراڵ( PINOCHET ) ببێ بەسەرۆك کۆمار.

لە ئەپریلی 1973 سلفادۆریان کوشت

- Washintonpost 11.sep.1973

لە سالی 1992 تا 1995 پەیوەندیەکی تایبەتی لە نێوان (Pentagon ) و رێکخراوە ئیسلامە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست لەسەر گرفتی موسۆلمانەکانی بۆزنیە دروستبوو .

بەسەرپەرشتنی ئەمەریکا بازرگانانی جەنگ لەئێران وتورکیا چەکیان دەکرِی و سعودیەش پارەکەی دا و بەهۆی فرۆکەی ئیرانیەوە مجاهدینی

ئەفغانی و چەکەکان دەگۆیزرانەوە ئەمەریکاش سەرپەرشتی گەیاند ودابەشکردنی چەکەکانی بەناوی یارمەتیەوە دەکرد.

دوای هەشت ساڵ تێپەڕبوون بەسەر هەرەسی سوفیتدا کۆمەڵی پسپۆری بۆاری ئیسلام ورۆژهەلاتی نیوەڕاست بۆاری ئابوری . کۆبونەوەیەکیان کرد بۆ سیاسەتی ئەمەریکی لە ناوچەکەدا ڕاپۆرتێکی 90 لاپەڕەیان پێش بونی بۆش بەسەرۆك نووسی بۆ پرۆگرامی سەرۆکی نۆی.

جگە لەئەفغانستان بڕیاریان دا بەهەر هۆیەکە بێت پیویستە ئەمەریکا چەند جەنگێك بکات . لە گشتیشیاندا سەرکەوتووبێ .

بەپیچەوانەوە لەجیهانی سیهەم و ئیسلامیدا وولاتانی سەرمایەداری دوژمنی سەرسەختی( دیموکراتین) چونکە دیمکوراتیەت یانی دەسەلاتی زوربە یان گەل سەرمایەداری جیهانی ناتوانی لە ڕێگەی گەلەوە بە ئامانجەکانی بگات بەڵکو لەڕێگەی دەسەلاتی دیکتاتۆری سەربازی و خێڵ و مەزهەبیەوە.

وولاتە دیموکراتیە سەرمایەدارەکان ناتوانن بەبێ جەنگ وئاشبونانەوە لەجیهانی سێهەم وئیسلامیدا بژین. وەزارەتی دەوەرە و بەرگری و کۆمپانیای چەکدروستکردنی بەریتانی و پارتی کۆنزەرفاتیفەکان بەیارمەتی هەردوو دەزگای سیخوری(MI5.SAS)کۆمپانیایەکی جەنگیان دروستکرد(KMS)بێ ئەوەی سەرپیچی یاسابکەن.

هەر ئەم کۆمپانیایە لە28-یولی-1970 سوڵتان قابوس کە لە ئەکادیمەی سەربازی بەریتانی(Militärakademi Sandhuest)

دەیخویند ئامادەیان کرد دژی باوکی کودەتایەك بکات.

له23.یولی1970کودەتایەکی بەسەر باوکیا کردو رەوانەی بەریتانیاکرد سالی 1976 مرد.ئەمەش هەر بەیارمەتی(KMS. MI6 ) ئەم کومپانیا (میلیشیا) سوپایەکی چەکدار لەدەرەوەی سوپای ئاسای بەریتانی بوو.

لەسەردەمی(مارگریت تاجر)دا هەموو جۆرە کۆمەکێکی بە دیکتاتۆر( PolPot ) کرد ئەم دیکتاتۆرە زیاتر لەیەك میلوین کۆمبۆدی کوشت. ئەمەریکاش لەپشت کەوالیسی ڕوداوەکانەوە و لەریگەی( CIA ) هاوبەشیکردن.

هەمان کۆمپانیا و لە سەرویستی(مارگرێت تاجر)یارمەتی کۆمۆنیستەکانی له1991دا.(Archie Hamilton)سەربە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ئەم راستیەی ئاشکرا کرد.

گورباشۆف کەسێکی باڵادەستی سۆڤیت(KGB)لەداتەپینی ووڵاتی سوڤیت ئاگاداربوو.ریڤۆرمەکەی پەلەیەکی زۆری تێداکرا. بۆشایەکی سیاسی گەورەی خستەبەردەست چاوچنۆکی سەرمیادارانی جیهانەوەبۆیە دوای هەرەسی سۆڤیت جیهان بەرەو رووی قەیرانیکی سیاسی وجەنگیکی فراوان بووەکە قوربانیەکانی لە قوربانیەکانی جەنگی جیهانی یەکەم زۆرتربوو

Der krieg im Dunkeln. Udo Ulfkotte..
Frankfurt am main.Verlag Eichenborn.

تائیستاش جیهانی برسی بەتایبەتی ووڵاتانی عەرەب و ئیسلام باجی ئەو هەڵەی گۆرباشۆڤ دەدەنەوە . چونکە هەر پرۆسیسێکی سیاسی بۆ ریفۆرمکردن پیشکات(ئەلەرناتیفی)ئامادەی نەبێ ئەوە ئەو ریڤۆرمە

سیاسیە(بۆشایەك) لە بازار و گۆرەپانی سیاسەتدا دروستدەكات لەئەنجامدا (مافیایان كۆمەڵە كابۆیەكی سیاسی) پڕیدەكەنەوە . سایكۆلۆجی كۆمەڵگای ژێردەسەڵاتی دیكتاتۆر بۆ گەیشتن بە سیستەمیكی سەرمایەداری لیبرال توشی شڵەژان و ئاژاوە دەبیتە ماڵ ویرانی بۆ كۆمەڵگا هەروەك كۆمەڵگای سوڤیت . عیراق و باشوری كوردستان دوای سەدام دێنێتە بەرهەم.

ئەوخێوە ناشیرینەی سەرمایەداری جیهانی.

جیهانی سەرمایداری پێدەترسان (پرۆلیتاریا وسیستەمی سۆسیالیستی سوڤیت) بەهەرسهینانی سۆڤێت (ئیكسپایەر) بووبۆیە سەرمایەداری جیهانی بۆ گێژكردنی جیهان و زەمینەخۆشكردن بۆجەنگە ئابوریەكانی پیویستی بە(خێویكی ئایدولۆژی) تری ناشیرن هەبوو تا دونیای سەرمایەداری پێ بترسینی و كۆمەڵگاكانی خۆیانی پێ حۆلبكەن وشریعتی جەنگ و داگیركردنی ووڵاتانی پێمسۆگەربكەن ئەویش ( ئیسلامی سیاسیە)

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا(تونی بلیر) سەردەمی جەنگی عیراق دژی سەدام لەپەرتوكێكدا شرعیت دەدا بە داگیركردنی عیراق و درندەی صەدام. لە راستیشدا صەدام و گشت رژیمە دكتاتورەكانی تری جیهانی سیهەم بێ كۆمەكی ئەوان نەیانتوانیەوە تەمنیان دریژ بێ.

هەرچی ئەو بیانوانەی ئەمەریكا و بەریتانیا بۆ داگیركردنی عیراق بەكاریان هانی ( چەكی كیمیاوی و كۆمەڵكوژی)گشتی دروبوو.

لەبەر چاوی میدیاکانی جیهاندا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆلن باول لە2003-02-02 لە( UN ) لەبارەی چەکی بەکۆمەڵکوژی عیراقی درۆیکی گەورەی کرد.

لەپەرتووکی ( هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەتی نەتەوەی) جەختم لە فاکتی دروستبوونی ئیمپریالیزم کردۆتەوە کە زاڵبوونە بەسەر گرفتەکانی وولاتی کۆلۆنیالیزمدا. گۆیزانەوەی گرفتەکە بۆ دەرەوەی خویان.

بەهاری عەرەبی کەقیژەکەی لەتونسەوە هەڵیگرت ومیسری شڵەقاند ویەمەنی ئیفلیجکرد ولیبیای داوەشاند سوریا خستە زەنگاوە .

هەریەکە لەم ولاتانە خۆیندنەوەی تایبەتی خۆی گەرەکە هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە راپەرینی ئەو وولاتانە بکرێت بەیەك (چەپك) چونکە (ئابوریەکانیان جودایە) ئەوەی گرنگ وکرۆکی بابەتەکەیە لەدوای دروستبوونی دراوی (ئێۆرۆ) قەیرانی ئابووری یونان . پورتوگاڵ ئیسپانیا . ئیتالیا (ئێورۆ) تووشی نزمبوونەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بووە.

لەناوەڕاستی ساڵی 2012 ئێۆرۆ لە ئاستی رۆبڵی روسی هاتنەخوارەوەیەکی بەسەرداهات 100ئێورۆ لەسالانی ڕابوردودا بەرامبەر بە4400رۆبڵ بوو. هەندی جاربەرزتردەبووە. پێش دەستپیکردنی هیرشی ناتۆ بۆ سەر لیبیا ئیۆرۆ گەیشتە نزمترین ئاست بەرامبەر بەرۆبڵ 100ئێۆرۆ بەرامبەربە3900 یان 3800.

ئەڵمانیەکان کۆڵەکەی ئابوری ئەوروپان فرنساش وولاتێکی بەهێزی ئەوسیاسەتە.

بۆرزگاربوون لەوقەیرانە (سارکۆزین) نەخشەی داگیرکردنی لیبیای کێشا ئەلمانیەکانیش یارمەتی سیاسیان دا . نەخشەکەی داگیرکردن لیبیا قۆرخکردنی 150 ملیارد سامانی قەزافی لەبانکەکانی ئەورووپادا بۆمەبەستی شلکردنەوەی پشتینی گریدراوی ئەو سامانە تا گوژمێك بە ئابوری ئەورووپی و بانکەکان بدات لەو قەیرانە رزگاریان بێت.

جەنگەیان بەرپاکرد. هەر لەسەرەتای جەنگەکەوە ئیۆرۆ بەرزبووە بۆ ئاستی 100 ئێورۆ بەرامبەر بە4300 یان 4400 ڕۆبڵ ئەمە کرۆکی بابەتەکە و فاکتی رەسەنی جەنگ وداگیرکردن وکوشتنی قەزافی بوو . ئەورووپیەکان نەیاندەویست قەزافی وەك صدام بگرن و لە دادگایەکی شانویدا بکوژن . بۆیە بەو شێوە درندەیە کوشتیان.

بۆ زیاتر راستی ئەوانەی کە دوای قەزافی دەسەڵاتی سیاسیان پێدرا گشتی سەر بە وولاتانی دەروە بوون ئەوە نیە (سەرۆکی کاتی لیبیا محمود جبریل) لە تەلەفزوینی میصرەوە راستەخۆ ووتی سەربە رۆژئاوام)

لە وتاریکدا کە لەکوردستانپۆست بەناوی(خویندنەوەیەکەی بێ بەزیانە بۆ تیرۆری قەزافی .

http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=0de7ccd0

بەهوی تێنەگشتنی هەندی هاوکارەوە هەرایەکی سەیری نایەوە .ئەویش لەتێنەگیشتنی رۆلی ئیستراتیجی زلهێزەکان لە کودەتا و گۆڕانکاریە سیاسیەکانی جیهانی ئیسلامی و سیهەم.

لوران فابیوس وەزیری دەرەوەی فرنسی زۆر بێ شەرمانە ووتی :

ئامادەین یەك ملیارد دۆلاری بەستوی لیبیا ئازاد بکەین بەمەرجی ئەوەی رژیمی نۆی لە پرۆژە پیترۆڵیەکاندا بەشمان بدا ★ 26

(ئەناتۆلی یغورین) پسپۆر وسەرۆکی تۆژیرەوی زانستی سیاسی لە ئەکادیمیای رۆژهەلآت لە مۆسکۆ .

دەلی بەهۆی کوشتنی قەزافیەوە 150 ملیارد دۆلاری لیبیا لە ئەوروپا (وونبووە)زیانی هیرشی هێزی ناتۆ بۆ سەر لیبیا (7)جار زیاترە لە زیانی (مارشالٚ رۆملٚ) ئەلٚمانی بۆسەر لیبیا لە جەنگی جیهانی دووهەمدا .

یانی ئەو ڕۆژنامەنوس و توژیرەوە سیاسیەی ئاماژە بە چەکدارەکانی ناتۆ دژی قەزافی وەك رزگارکەری نیشتمان دەکات فرپیان بەسەر سیاسەتەوە نیە.

* روسیا الیوم

چۆن پیشمەرگە بەریزەکانی باشوری کوردستان لەسالٚی 2003 داگیرکردنی عیراق بەرگی شەرەفیان لەپیشمەرگەوە گۆڕدرا بە(ملیشیا)هەرچی کوژرا لەپێناوی خاکی کوردستاندا نەکوژرا بەلٚکو لەپیناوی بەرژەوەندی پیترۆلی ئەمەریکی و بەریتانیە وە بوو.:

بەپێ گشت بنەما دەستوریەکانی دونیا هیرشی ناتۆ بۆ سەر هێزی قەزافی سەرپیچی یاسای نیودەولٚەتیە.لێ چۆنکە هێزە سەربازیەکانی ئەوروپا (ناتۆ) گەورەترین هیزی سەربازی جیهان وبریاری دادگای نێودەولٚەتی زوربەی دەنگەکان دەنگی ئەوروپین . سزا ئابوریەکانیش زوربەی کۆمپانیە ئەوروپیەکانن . بۆیە ئەوان جلٚەوی سیاسەتی وەکی بەرژەوەندیان دەگۆڕن.

ئەگەرلەسێ قۆناغی ئیمپریالیزمدا وولاتێکی سەرمایەداری بوبێت ئەوە لەقۆناغی ئیمپریالیزمی مۆدیرندا .کۆمەڵی وولاتی سەرمایەداری و ناتۆ بوونەتە هێزێکی مەزنی ئیمپریالیزمی جیهانی .

* هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەتی نەتەوەی ( چنگیانی )

بۆیە گرفت ورەوتی سیاسی وولاتانی خاوەن پیترۆل و کێشەی گرژتر و خویناویتر و سەختر دەبێت.

شیعە و سیاسەت .

لەناوەڕاستی سالانی حەفتاوە ئەوروپیەکان هەولیاندا کە سیاسەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست تێکەلاوی دین بکەن (ئیسلامی سیاسی)بە فراوانی گەشەیکرد.

هەرچەندە لە دوای رمانی ئیمپراتوریەتی عوسمانیەوە کۆمەڵە دەوڵەتێکی نەتەوەی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا لەسەر بنەمای هێزی دینی خێزانی دروستبوون . وەکی سەفیری بەریتانی لە بەغدا ناوی ملك ە کاربەدەستانی ئەوحکومەتانەی بە ( موچەخۆری ) بەریتانیا ناوزەندکردبوو. لە لۆژیکدا ئەو وولاتە ئیسلامانە دەسەلاتی سیاسی ئیسلام نەبوون . هەرچەندە دینی ئیسلام دینی دەوڵەتیش بوبیتیش . پرسیارەکە هوی دروستبوونی ئەم تەوژمە ئیسلامیە توندڕەو خیرایە چی بوو وا کتوپڕ دروستبوو تەواو هاوکیشە سیاسەکانی ناوچەکە و جیهانی بە خۆیەو سەرقالکرد؟

<u>زانستی سیاسی بەشێکە لەزانستی فلسەفی.</u>

***ئەركی فەلسەفە راڤەكردنە لە سەر ئەو شتانەی پیویستە راڤەی لە سەربكرێت . سیاسەتیش هەمان ئەركی هەیە.***

***ناتوانرێ نە دینی ئیسلام نە هیچ دینێك لە زانستی فەلسەفی داببرێ . لێ كاتێك فەلسەفەیەك نرخ وكەڵكی هەیە كە وەڵامی پرسیارە سرپبووەكانی ژیانی كۆمەڵ بداتەوە .***

***ئیسلام وەك دین نەك سیاسەت لەسەردەمی خۆیدا وەڵامی پرسیارەكانی سەردەمی داوەتەوە.***

***بەڵام كە ئیسلام بەرگی سیاسی بەبەرداكرا و بوو بە ئامرازێك بۆ ویستی تایبەتی خێڵ ونەتەوە كۆمەڵە كەسێك . ئیتر ئیسلام رەسەنایەتی خۆی و رێچكەی فەلەسەفەكەی گورڕدرا .***

***ئەم گۆڕینە لەلایەن خاوەن بەرژەوەندیەكانەوە كرا . گەورەترین دوژمنایەتی ڕەسانەیەتی ئیسلام بوو . خراپتر لە دوژمنە دیاریەكانی تەمەنی ئیسلام . ئیسلام پیربوو نەیتوانی وەڵامەكانی سەردەمی نۆی بداتەوە. بوو بە ئامرازیك بۆ دەمكوتكردنی ئەو پرسیارانەی رۆژانە لە لایەن مرۆڤەوە پێویست بوو بكرێت .***

***ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەت نیە بە ئیسلام .***

***بەڵكو كاتێك ئەوروپییەكان لەجەنگی نێوان مەزهەبەكانی ماندوو بوو. رۆسۆ بیری لە دروستكردنی دینێكی تركردەوە لەجیاتی كاتۆلیك تا یەكیتی نەتەوەی دروستبكات. روبسبیر ئەم بیرەی لا پەسند بۆ رزگاربوونی ئەوروپا لە جەنگی مەزهەبەكان . لەدوای ئەم بانگەوازە بیرمەندا بیریان لە دینیك نۆی كردەوە . ئەم زۆرانە پرۆژەیە سەری***

نەگرت چونکە دینی داهاتووش ئەگەر بە هەمان سترۆکتوری پیرۆزەوە بێتە بوون ئەوە ئەو دینە نۆیەش لەئەنجامدا پیر دەبیت ,دەبیتە گرفتیکی تر بۆ نەوەی داهاتوو . بۆیە هەر رۆسو بوو بیرو بۆچونەکەی گورِی بەوە پیویست دین لە سیاسەت دوربخرێتەوە باشترە لەوەی دینیکی تر دروستبکەن.

ئەم بۆچونەی رِۆسو بوو بەیەکی لە داخوازییە سەرە کیەکانی فەلەیسوف و شۆرشگیران و پیشکەوتوخوازەکانی ئەوروپی ئەنجام فاتیکان بوو بە مەلبەندیکی پیرۆز .

نزیك بوونەوەی سەرمایەدارانی و کۆمونیستەکانی ئەوروپی بزوتنەوەی سۆسیادیموکراتی لێکەوتەوە . لێ فاتیکان یاخوت بڵین دین بەشێوە گشتیەکەی نەتوانرا پاکبکرێتەوە بۆیە پارتی سوسیال مسیح بەدیدیکی نیوە مسیحیتی لەباوشگرت کە بەرژەوەندی سەرمایەدارانی ئەوروپی بپاریزی.

پرسیاری مرۆڤ و گرفتی کۆمەڵ وەك ڤایرۆسی دومەڵی جەستەی مرۆڤ وایە گەر زوو وەڵام نەدرێتەوە دومەڵەکەدەبێت بەبرین وبرینەکە تەشەنەدەکات بەلەشی مرۆڤ ومرۆڤ گوول ودەردار دەکات.

کاسۆلیکی پێش جەنگی جیهانی دووهەم دوای جەنگ دوو کاسۆلیکی جودا بوون. هەرچەندە لەسەردەمی ریسانس و شۆرشی فرنسی و فەلەسەفەی ئەڵمانی بەخەباتی سەختی رۆشنبیرانی نەتەوەکانی ئەوروپا کەنیسە لە دەسەڵاتی سیاسی دورخرایەوە.

لێ لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە کاسۆلیك بە ڕووە سیاسیەکیەوە لە ئەڵمانیا وئیتالیا کە هەردوو کێان خاوەنی دەسەڵاتێکی فاشی سیاسی بوون گەشبوونەوە جڵەوی ئەرکی کۆمەڵگایان بە ڕۆحێکی سیاسیەوە نەك دیینەوە گرتەوە  لە مارکسیەکانی ئەوروپادا نزیك بوونەوە دژی کۆمونیستەکان بوون بەم شێویە کاسۆلیك هاتە گۆرەپانی سیاسیەوە بە ڕوویەکی سیاسیەوە . تەنیا لەبەر پەرشکردنی دینی مسیح  نەبوو بەڵکو بۆ چارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵگای دوای جەنگ وپێگەیاندنی نەوەکانی نۆی بە ترس وپیسی جەنگ و راهێنانی ڕەگەزە و مەزهەب و دینە جوداکان پێکەوە لەسەر ئاستی خۆپەسندکردن وپێکەوە ژیانێکی ئاسودە. کارەساتی جەنگی جیهانی دووهەم بوو بە قوتابخانەیەکی هزری بۆ پێکەوە ژیانی گشت ڕەگەز و مەزهەب و تویرە هزریە جوداکانی ئەوروپی  بێجگە کۆمۆنیستەکان گشتیان هەموو لەو قوتابخانەیەدا فیری ژیان بوون .

ئیسلامی دوای محمد و دوای جەنگی نێوان نەیارەکانی شیعە وسوننە وای لێنەهات تائیستاش لەسەر ڕەمت و ئاوزازی موسیقای جەنگەکانی نێوان مەزهەب و ڕەگەزە جوداکان خۆینی یەکتری حەلال و جەنگی نێوانیان پیرۆز دەکەن. کۆمەڵگاش لەزەنگاوی خرافەتی ئیسلامدا نقوم بووە . ئەمە نەتاوانی قورئان و نەپیغمبەر و نەخوایە بەڵکو تاوانی ئەواننە دەبن بە نوینەری خوا و سوکایەتی بە مرۆڤیاتی و خوا هەموو شتە جوانەکان دەکەن . خوا هێندە سوکە لەئاسمانەوە شۆردەبێتەوە بۆ بەر پێ ئەمیری موسۆڵمانیك.

***گۆڤاری لیڤین ( ئەمیری یەکیتی ئیسلامی کورد ووتی خوا هاتە خوارەوە منی برد بۆی لای خۆی).***

***بۆیە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان هەمیشە خاوەنگرفت و تورەو و ئامادەیان بۆ خۆکوشتن و کوشتنی مرۆڤەکان ئاسانە.***

***دەرگای پرسیارەکانیش دادەخریت نەوە دوای نەوە بە دەردی چاوەرانی پرسیارەکانەوە دەناڵێنی .***

***تا ئەوساتەی لەجیهاندا دوو زلهێز خاوەن دوو تیروانی فەلسەفی بۆ ژیان لە کێبەرێکی جەنگی ساردا بوون . فەلسەفەی ئیسلام بە دیوە سیاسیەکەیەوە وەك ئیستا گەرم و تورەو وخوێناوی نەبوو .***

***ئەم ناشیرنکردنەی ئیسلامیش لەئیستراتیجی سیاسی زلهێزەکان و خۆ ئامادەکردن بوو بۆ جەنگێگی تر. بەیارمەتی کۆمەڵی مەلای موسوڵمانی دژ بە ئیسلام وقورئان . لەزۆر شوێن و بۆاردا ئەوم چەند بارە کردۆتەوە ئیسلام وەك دین بۆتە قوربانی سیاسەت.***

***(تۆماس گۆتییە)ئەکادیمی لە زانکۆی نبراسکا و ڕاویژکاری کۆمپانیای (ئۆنوکال) و بەریوەبەری ئۆفیسی توژینەوە لەسەر ئەفغانستان 60 میلوین دۆلاری بۆ بەرنامەی قوتابخانەی ئەفغانستان وپاکستان تەرخانکرد کە تێدا مندڵانی ئیسلامی فێری توند وتیژی خۆ کوژی دژی سۆڤێت دەکرد . لەئاستێکدا تاڵەبان دڵخۆش بوو بەو پرۆگرامە ئەمەریکیە.***

***سۆڤیت هەرەسێهانی . پیرۆزی ئیسلامیش بە هۆی ئیسلامی سیاسیەوە هەرسێهانی.***

جیهانی رویان لە فەلسەفەیەکی تری کردەوە کە دوور لەو ئایدیۆلۆجیە سەقەتەی کە ماوەی جەنگی سارد بیرکردنەوەی جیهانیان پێ سەقەتکردبوو.

وولاتانی خاوەن کەسایەتی وفەلسەفەی نەتەوایەتی دوای هەرەسی سۆڤیت هوشیاریان هاتەوە بەربخۆیانداو ڕێگەی خەبات و ڕێچکەی ژیانیان هەڵبژارد. بێچگە وڵاتانی ئیسلام کە لەسەر بنەمایەکی هزری خێڵ و خێزان ماونەتەوە.

هێزی سیاسی(خێڵ وخێزان)ناتوانن فەلسەفەیەکی سیاسی یانی ئایدیۆلۆژی بەرهەمبهێنن بۆیە ناشتوانن ڕاڤە لەسەر یان ئیستراتجیتێکی سیاسی بکەن . نەتەوە ئیسلامیەکان خاوەنی دینی ئیسلامن بەڵام زلهێزە نا ئیسلامیەکان ئیسلام وەك کارتی بەرژەوەندی بەکاردەهێنن.

ڕۆشنبیرانی جیهانی ئیسلامی سەردەمی شەری ساردا مەزەنەی گۆرینی جیهانیان نەکردبوو . ئەگەر کرابیش لە قەبارەیەکی تەسکدا بووە . بۆیە نەیانتوانی شان بەرنە بەر ئەرکی قورسی گرفتەکان.

ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی پێچەوانەی ڕۆشبنیری ئەورویی بێ ئۆرگانێکی ڕۆشنبیرن.

وەکی ابن راشید دەڵی بازرگانی بەدینەوە لەکۆمەڵگا گەوجەکاندا بازرگانیەکی بەبرشتە . نەگەبەتێکی تری ئیسلام زوربەی سەرچاوە گرنگەکانی وزە (پیترۆڵ) لە وڵاتی ئیسلامدان.

ئاشكرایە سەرمایەداری جیهانی هەمیشە ئەودالّی بازار و كریكاری هەرزان و كالاّی بەلاشن . بویە سەرمایەدار ئەو بۆشایەی لە نێو جیهانی ئیسلامی دروستبوو بەمادەیەكی زۆر ترسناك پریان كردوە .
ئەویش ئیسلامی سیاسی توندڕەو فیركردنی ئیسلامیەكان بە هونەری خۆكوشتن ومرۆڤكوشتن .
ئەم تاقیكردنەوە سەرمایەداریەی لە سەرەتای حەفتادا لە وڵاتانی ئیسلامیدا كردیان بەتایبەتی دوای شورشی گەلانی ئیران و گرفتی ئەفغانستان بەكارهێنانی كەسایەتی ئاینی (خومەینی ) هەروەك ئاماژەم پێكرد لەسالاّنی شانزەی سەدەی رابوردودشدا بۆداتەپینی ئابوری روسیا و زەمینەخۆشكردن بۆ شەری نێوان زلهیزەكان سالّی1917 كەسایەتی(لیلین)یان لە سویسراوە بە یارمەتی ئەلمانیا و بەخاكی ئەلمانیا و سوید فیلندا گەرانەوە بۆ روسیا بەكاریانهانی كە دەزانرێ ئەلمانیا ووڵاتێكی كەپیتالیست ودوژمنی سەرسەختی بزوتنەوەی كۆمونیستیە چۆن یارمەتی دوژمنی خۆی دەدا ئەگەر مەبەستی داتەپینی روسیا نەبێ دوا تلیسانەوەی سۆڤیت ئەم راستیە ئەلمانیا ئاشكرای كرد هەروەك خومینی بە هوی ووڵاتانی سەرمایەداری گەرایەوە بۆ ئیران ئیستا وڵاتانی ئیسلام هێندە سەرقالّی وەلاّمی پرسیارە ئالّۆسكاوەكانن هێندە لە خەمی دابینكردنی ئایندەیەكی باشدا نین بۆ نەوەكانیان.
بەكورتیەكەی لە گیژاوێكی هزریدا دەژین . خۆشیان نازانن بۆ چ ئامانجیك یەكتری دەكوژن .

گەورەترین ئەركی شۆرشی ڕونرەوی(معریفە) و فەلسەف لە ئەوروپادا دورخستنەوەی كەنیسە بوو لە سیاسەت و دەسەڵات.
بەڵام لەبەهاری عەرەبیدا تەواو پێچەوانەی شورشەكانی ئەوروپیە . لەساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە نیمچە مۆدیرنیبوونێك لەپەیوەندی كۆمەڵایەتیدا گەشەیكردبوو.
دوای شۆرشی ئیران و بەهاری عەرەبی و جەنگی ئەفغانستان كۆمەڵگای ئیسلامی بەرەو دواوە هەنگاوی نا.
رووی كۆمەڵگای بە ریشی ناشیرینی ئیسلام و رووپۆشی خانمان ناشیرینكرد.
تونس بەهوی هوشیاری و ڕۆشنبیری حبیب بورقیبەوە ئیسلام وەك دین تێكەڵاوی سیاسەت وئازادییە تاكەكانی كۆمەڵ نەكرا . كۆمەڵگایەكی جوانی ئیسلامی بوو . لەسەرتای راپەرێنیكی بێ بەرنامە و چالاكی ئۆپۆزسیونەوە لە دروستبوو وەك ئەو پەندە كوردیە كە دەڵی دەنكی شقارتە خەرمانێكی ووشك لەچركەیەك دەسوتینێ . خەرمانی تورەی سوپایە لەگەنجانی بێكار و ئایندە و نەبوونی كار لە تونسدا لەچاوەڕی دەنگە شقارتەیەكدابوو. ئاگری جەستەی تاقە لاوێك تەواو سیناریوە سیاسیەكانی تونس و جیهانی ئیسلامی گۆڕی .
سوتاندنی ئەو گەنجە لە بەرنامەی زلهێزەكاندا نەبوو گەنجێكی داماو برسی و بێكاربووە . بەڵام خاوەن بەرژەوەندیەكان و زلهێزەكان و دەزگاكانی سیخوریان زۆر هوشیارانە ئامادە باشی لە رووداوەكان دەكەن زۆر تر و خیراتر كەڵكی لێوەردەگرن.

ئەو جەستە سوتاوە بوو بە ئاگرێك هوڵی دەزگا نهێنیەکانی جیهانی خاوەن بەرژەوەندیەکانی ڕووناککردەوە . لەسەر هەمان سیستەمی راپەرینی خەڵکی تورەبوون پەرپوە بۆ دەرەوەی تونس . لەسەرەتادا ڕاپەرینی تونسیەکان رەسەن بوو. کاتێك سەندیکای کریکاران بەرنامە و بۆچونی خۆیان بۆ دوای راپەرین ئاشکراکردو رۆشنبیرانی مۆیرنی دیموکراتیخواز ونیشتمانی بوون بەچەپك ئیسلامی سیاسی تونسی بوو بە پاڵەوانی گۆرەپانی سیاسی تونس .

هەرچەند لەسەرتادا بانگەوازی ئیسلامێکی سیاسی ئارامیان دەکرد. بەڵام ئاشکرایە هەموو رێکخراوێك دەتوانی گۆڕان لە ئیستراتیجیدتا بکات.کولتوری دیموکراتی کۆمەڵایەتی نەك(سیاسی) تونس کەوتە ژێر هەرەشەی ئیسلامەکان ئەمەش بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی دەرکی .

هەردوو هێزی مۆدیرن و ئیسلامی کەوتنە جەنگێکی نا بەرامبەرەوە . ئەنجام ئیسلامیەکان بوونەدەسەڵات تەسکردنەوەی مافە مدینیەکانی گەلی تونس . قدەغەکردنی ماچ بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی سەلەفی هەوڵدان بۆ سیستەمی شریعەتگەری .

لەکاتی نوسینی ئەم بەشەی پەرتووکەدا 2013-02-06 هەواڵی کوشتنی باشترین کادیر دیموکراتی تونسی (شکری بعلید) بڵاوکرایەوە .

لەم تاوانەدا ئەوەندەی هێزی دەرکەری تاونبارە لە کوشتنی(شکری بلعید) ئیسلامی تونسی تاوانبار نیە . زۆر نزیکە دەستی دەرەکی بۆ نەهیشتنی دەنگی مۆدیرن و ئاژاوەی سیاسی نەهێشتنی متمانەی نێوان تونسیەکاندا تیرۆریان کردبێ .

هەروەك تەقینەكانی مزگەوت و شوینە پیرۆزەكانی نیوان سونەی عیراق زوربەیان لە لایەن هیزی دەرەكی وبەئامانجی ئاژاوە و نەهیشتنی ممتمانە نێوان شیعە وسنە لەعیراقدا. ئەم بازییەكی كۆنی ئیمپریالیزمی كلاسیكی وئیستایە.
ئەوەی خۆیندنەوەیەكی هوشیارانە بۆبەشەكانی پێشوی ئەم پەرتووكە بكات لەوەتێدەگات بەهاری عەرەبی دەزانی ئیسلامی سیاسی هیچ پەیامێكی بۆ تونس پێنیە. ئیسلامی سیاسی كۆمەڵگا ونیشتمان و مرۆڤەكانی قاشكرد ئیسلامی سیاسی بوو بە دیواریكی رۆحی لەنێوان ئەندامانی كۆمەڵدا لەتونس یان مصر یان كوردستان وعیراق و توركیا و ئیران هەموو جیهاندا. ئەم قاشكردنی كومەڵە لاوازییە بەرامبەر هێزی دەرەكی كە ناموسۆڵمانن . ئا ئەمەیە كارەسات ئیسلامی سیاسی لە خزمەت هێزی دەریكدا كاربكات وكەسانی مۆدیرنی نیشتمان ونەتەوەی بە بێگانە بقەبڵینێ . ئەمە لە فەلسەفەی ئیسلامدا پەسەند نیە وئیسلام وەك دین دەڵێت ( جیاوازی لە نێوان مرۆڤەكاندا تەنیا لە خواپەرستیدایە)لە لای ئیسلامی سیاسی جیاوازی مرۆڤەكان لە ریش پیاو و رووپۆشی ئافرەتاندایە.
سەرمایەدارنی جیهان هوشیارن دەزەانن لەچ پەنجەرەیەكەوە دەچنە دەرەوە لە چ دەرگایەكەوە بێ ترس دینە ژوورەوە .
ئەوەی هوشیار بێت دەزانی گشت رێكخراوە نێوەدەوڵەتیەكان لەژێر كۆنترۆڵی ئەواندایە(بانكی دراوی نیودەوڵەتی)یش كۆمپانیایەكە یان

هێزیکی کۆمەڵە سەرمیایەدارێکە بەهۆی دانی قەرزەوە کۆنترۆڵی ئابوری وولاتانی هەژار دەکات.

تێکەڵاوکردن و یان پێکەوەکاردنی کەپیتالی :

بانکی ئیسلامی

دراوی نێودەوڵەتی

سیتی بانك

بانکی ئیسلامی سەرمایەکەی لە وولاتانی دەوڵەمەندی خاوەن پیترۆڵ دابیندەکرێ یەکەم هێزی ئابوریە بە ئاگاداری ئەمەریکا کۆمەکی رێکخراوە تونرەوە ئیسلامیەکان دەدات . لە روی تەکنیك و زانستی بانکی و مامەڵە بە سەرمایەوە کۆمەك لە ستی بانکی ئەمەریکی وەردەگرێ. سەرماییەکەی دەکاتە چەن تلوین دۆلار . هیچ رێکخراوێکی ئابوری قەبەی ئەمەریکی دور نیە لەبریاری پەنتاگۆن وکوشکی سپی یەوە .

گەورەترین هێزی وەرچەرخانە سیاسیەکانی جیهانە بەتایبەتی جیهانی سیهەم وئیسلامی. ئەو بانکانە نێونەری کۆمەڵە وولاتێکی سەرمایەداری جیهانیە. هەر کارمەندێك لەو بانکانە رۆڵی جەنەراڵێکی سوپای دەبینی . هەر دۆلاری لە قەرزی ئەو بانکە(دراووی نیودەوڵەتی) رۆڵی سەربازێکی مەشقپیکراو بە کوشتنی مرۆڤ دەبینێ .

رۆڵی هەر پرۆتۆکۆلێکی قەرزی ئەو بانکانە رۆڵی بۆمبێکی ئەتومی وەك هیرۆشیما و هەڵەبجە لە داتەپینی کۆمەڵدا دەبینی.

سەرنجێك :

<u>چۆن خویندنەوەی قورئان مەرجی ئیسلام بوون نیە</u>

***ئاواش راڤەکردن لەسەر کەپیتالیست مەرجی کۆمۆنیست بوون نیە.***

***من نوسەرم و ئەرکمە راستیەکان ئاشکرابکەم.***

***لە بەهاری عەرەبیدا میصر 4 ملیار دۆلار و تونس ملیاردونیویك دۆلار قەرزیان لە بانکی دراوی نیودەوڵەتی کردوە.***

***بانکی دراوی نێودەوڵەتی سالی 1946 دروستبوە لەسەر قازانجی کەپیتال دروستبووە نەك یارمەتی بێ قازانج .***

***بەلای خاوەن بەرژەوەنیدکانەوە گرنگ نیە بەچ رێگەیەك قازانج دەکەن گرنگ تەنیا قازانجە.(گۆڵوبالیزم)یش پرۆژەیەکی بەگەڕخستنی کەپیتال ولیبریالی بازار بوو شکستی خوارد ؟ لێرەدا ئاماژە بە هۆکەی ناکەین . دیکتاتۆری بازار و سەرمایەی دەرکی بە ئازارترە لە دیکتاتۆری ناوەکی وولاتێك . بە کودەتایەك یان راپەرینی یان مردنی دیکتاتۆری دەشێ شێوەی دەسەلات بگوڕدرێ بەلام قەرزی کەڵەکەبووی سەر وولاتێك بە گۆرینی سیسیتەمەك کۆتای نایەت. قەرزی بانك یانی زنجیرێك لە پێ بزوتنەوەی ئابوری وولاتی خاوەن قەرزدا. چونکە هیچ بانکێك قەرز نادا بە کەسێك ئەگەر ئەوکەسە قازانجی نەداتی وگەرەنتیەکی نەبێ بانکی نیودەوڵەتی گرنتیەکەی لە بوونی وولات و ئابوری هاونیشتمانەکەیدایە . بەکورتییەکەی قەرزی بانکی نیو دەوڵەتی شێوەیەکە لە کولونیالیکردنی ئابوری .***

***لەسەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ مصر بەلینی 4 ملیارد دۆلاری قەرزیدا بە مصریەکان. بەلام ئەم قەرزە چارەسەری بێکاری و ئاژاوەی مصر ناکات بە پێچەوانە دەبێتە قورسای و بار بە سەر ئابوری***

داتەپیوی میصریەوە و ژێر قەرزێکی زۆرەوە. قازانجی ئەو قەرزەش تەنیا ڕەش و روتی ئەو وولاتە دەیەدەن نەك سەرۆکی میرسی .

هەروەها تونسیش وولاتێك نیە خاوەنی پیشەسازی وکانزادی بەنرخ بێ.بەرهەمی تونس هیندە زۆر نیە تا بتوانری سالانە برِی پارە قازانجی قەرزەکانی بدا . سیاسەتی قەرزی بانکی نیودەوڵەتی بۆ تونس و میصر لەداماوی زیاتر هیچی تر ناهینی . پەرەوردەکردنی کۆمەڵگا و دابەشکردنی سامانی وولات بە شێوەیەکی یەکسانی و دابینکردنی کار بۆ هاوولاتیان گەشەکردنی ئابوری نیشتمان لەسنوری نیشتمانی دایکدا باشترە لە قەرزی بانکی نیودەوڵەتی .

گرفتەکانی دونیای ئیسلامی هێندە زۆر و بەتەمەنن بەم ئاوزانە سیاسی و تیروانیینە هزریە ئیسلامیەوە ناتوانی هەنگاویك بۆ چارەسەری گرفتە سیاسی و ئابوریەکان بنێ بە پێچەوانە ئیسلامی سیاسی جگە لەداتەپینی رەوتی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی. بنەما نیمچە مۆدیرنەکانی کۆمەلایەتی دەخاتە کورەی تورِەبوونی ئیسلام و شمشیری شریعەوە.

کۆمەڵگا لەیەك دەترازی ئەمەش دەبێتە هوی ئەوەی هیچ کەسێك دڵسۆزی نیشتمانەکەی نەبێت خەمی گیرفان وژیانە تایەبتیەکەی خۆی وبەس ئەم لاوازیە هەست نەکردن بە هاونیشتمانی.فراوانترین دەروازیە بۆ کۆلۆنیالییستە چاو چنوکەکانی دونیای سەرمایەداری ئیستا ئیسلامی سیاسی خزمەتکاری پرۆژەکانی ئیمپرۆالیزمی نۆی یە .

نمونەیەکی زیندوی 10 سالْ دوای رِمانی صەدام وبارودۆخی کۆمەلایەتی وسیاسی و ئابوری باشوری کوردستان و عیراق . وولاتێك نەدەستور و

نەیاسای رۆڵی تیدانابینی بەڵکو وولاتێك لە هەرناوچەیکدا کۆمەڵە چەکدارێکی سیاسی و خێڵەکی کۆنترۆڵی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەن . زوربەی سیاسی و ئەندامانی پەرلەمانی عیراق و هەولێر ئەندامی گروپە مافیاکان کە بەناوی سیاسەتی هەمە جۆرەوە بوونی خۆیان سەپاندوە دەستێکی بەهێزیش چ لە ولاتانی ناوچەکە وخاوەن بەرژەوەندیە جیهانیەکان بە تایبەتی مافیا بازاری پیترۆڵ  لە بەهێزی ئەو گروپانە نێو عیراق هەیە. چ لە سەردەمی سەدام وچ دوای سەدام لە ئایندەشتدا گەر کورد عەرەب هوشیار نەبن هەمیشە دەبن بەقوربانی پرۆگرامی خاوەن بەرژەوەندیەکان . ئایندەی کورد و عەرەب هەمیشە بەرە وزەنگاوی بۆگەنی میژوو دەچێت.

سەردەمانێك بەغداد پایتەختی رۆشنبیر و هونەر و جوانی بوو ئیستا بۆتە گۆرەپانی ململانی شیعە وسنە تەقینەوەی مزگەت و شوینە پیرۆزەکانی نیوانیان . لەم ساتەدا کە بچوکترین خزمەت گوزاری بۆ عیراقیەکان نیە حکومەتی عیراق لە خەمی کرینی فرۆکەی جەنگی ئەمەریکی و پرچەککردنی سوپایکەیتی . ئەمە ئەوە دەگەینی سیاسیەکانی عیراق بە کورد و عەرەبەوە هیچ جۆرە هەست وخۆشەویستیان بۆ عیراق و کوردستان نیە .

ووتەکەی(دیڤید لونج) بنەمای ئیستراتیجی زلهێزەکانە کە دەنووسی (پیویسیتەکۆمەلگای ئیسلا می بگەرێنینەوە بۆسەردەمی خەلافەت ) .

جیاوازی نێوان دوودید و باڵی هزری هزری ئیسلام دەبێتە کاولبوونی گشت بنەماکانی کۆمەڵگای ئیسلامی ئەویش هەریەکی لەوباڵانە ئامادەن بۆ شکستی باڵای بەرامبەر دەست تێکەڵاوی شەیتانیش بکەن .

سوریا : ئیستا خۆیناویترین جەنگی لەنێوان سورییەکاندا هەیە بەنەمانی ئەسەدیش نەك ئارامی بەخۆ نابینی بەڵکو سوریا دەبێت دەریایە خۆین چونکە ئەگەر سەرنج بدەین لەناو سەرکوزەری ئۆپۆزیسوینیشدا له دوای کۆنفرانسەکەی ( موینشنی مانگی 2-2013 لەحیاتی لەیەکەوە نزیك ببنەوە وەك خاوەنی بەرنامەیەکی توکمە ئۆپۆزیسون بوو بە دوو قاشەوە .

ئەو کاوکارییەی له نێوان هیزی ئەسەد وبەرنگاربوونەوەدا هەیە هەردووکیان تاوانبارن . دەتوانرێ سوپای ئازا بە قونتەراتجی کاولکردنی سوریا ناوزەند بکرێ.

ئەوی راستیه لە سیناریوی شەری سوریادا ڕێکەوتن درێژەدان بە جەنگ بەدەست سوریاکان نیە بەڵکو تا روسیا و ئەمەریکا ریکەوتنێکی ئیستراتیجی لەسەر ئایندەی هێزی دەریایی روسیا لە دەریا سپی ناوەڕاستدا نەکەن جەنگ لە سوریادا بەردەوامە ئەنجامی ئەو جەنگە دروستبوونی چەند گروپی چەکداری درە و وڵاتێك کە تێدا هیچ سیستەمیکی یاسای و دەستوری نرخی نەبێ .

گەر بە ووردی بڕوانینە ئەو ناوچانەی ئازادکراو دڕندەی سوپای ئازاد بەرامبەر بە نەیارەکانی نێو خۆیان زۆر تیژترە لە دڕندەی ئەسەد.

***تێدا ئافرەت وەك سەردەمی بازاری عكاز دەفرۆشی , بازرگانی بە خواردن ودەرمان وسوتەمەنیەوە لە لایەن سوپای ئازادەوە دەكرێت .***

***دەبێت مرۆڤی هوشیارانە بیربكاتەوە ئەو سیستەمەی ئەمەریكا لە داگیركردنی عیراق و فرنسا لە لیبیا بەكاریان هانی بۆ سوریا بەكاری ناهێنن بێگومان لەهەموو ئەوجەنگانەی لە ناوچەكدا روودەدا روویداوە لە داهاتوشدا گشتی كلیلەكەی بەدەست زلهیزەكانە.***

***ئەوەشی ئەو زەمینەی بۆ سازاندوون ناهوشیاری پێكهاتەكانی ناوچەكەیە . وهێزە ئیسلامیەكانن.***

***مرۆڤ كە دیمەنی بۆردومانكردنی شارەكان لە لایەن لایەنەی ئیسلامیەكانی دژی ئەسەدەوە دەبینی (اللەاكبر) دەڵێنەوە تێدەگات ئەو مرۆڤانە چەند بێ هەستكردن بە كوشتن و ماڵویرانی لەپاڵ خوا وپیرۆزی ئیسلامدا درندەن بە دڵنیایەوە دوای ئەسەد دەبێتە نمونەی درندەترین رژیمی ناوچەكە.***

***لەكوتایدا ئەوەی راستیبی بەهاری عەرەبی لەقوناغێكی تری داماوكردنی ناوچەكە زیاتر هیچی تر نیە پێناسەكردنی بەهاری عەرەبی بە خۆراجڵەكاندن دژی رژیمە دیكتاتۆرەكان نیە بەڵكو كۆیلەكردنی مرۆڤەكانی ناوچەكەیە . بەهاری عەرەبی بەهاری سیاسی بۆ عەرەبەكان ناهینێ .***

***ئەگەر پرۆژەكانی ئیمپریالیزم لە قوناغێكدا شكست بهینی . هەر لەوشكستیەوە نەخشەیەكی نوێ كۆلۆنیالیكردنی نیشتمانی نەتەوەیەكی تر دەكێشن. بۆ ئەوان ئەو نیشتمانە لەبارە كە دانیشتوانەكەی گیرۆدەی***

گرفتی بێ کاری و نا ئارامی ناکۆکی نێوان لایەنە جوداکانی ئەو کۆمەڵەیە لە رۆحی هەموو شۆرشێکدا بەرنامەو ئەلتەرناتیفیك بۆ دۆزی دوای شۆرش هەیە. لێ لە بەهاری عەرەبیدا ئەلتەرناتیفی نیگیتیف و پرێمیتیفە نەك پێچەوانەکەی . زەقکردنەوە کۆمەکردن دوستکردنی ریکخراوی ئیسلامی سیاسی ودروستکردنی کەسایەتی سیاسی لە لایەن زلهێزەکانەوە باشترین نمونەن و لەسەرتاشادا زۆر بە چرِی ئاماژەمان بەو کەسایەتیە ئیسلامانەکرد کە ئیمپریالیزمی چاو چنۆك دروستیانکردون . وەك درِندە هاتونەتە ویزەی مرۆڤە داماوەکانی جیهانی ئیسلامی .ئەوە دەبێتە کوتای ئەم باسە کە ئیسلام وەك دین بوو دوای کوچی دوای محمد بوو بە قوربانی دەوڵەت وئیستاش بەقوربانی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری زلهیزەکان بۆیە ئەوە دەنووسم ئەوەی بەراستی مۆسۆلمان بێت و رێزی بۆ دینی ئیسلام هەبێ پیویستە دژی ئیسلامی سیاسی بێ چونکە ئیسلام زۆر لەوە پیرۆزترە ببێ بە ئامێرێك بۆ گەیشتنی کەسانێك بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری .

ئیسلامی رەسەن ئەوە کەسەیە کە گەیشتنی ئیسلام بە شانۆی سیاسی حمرام بکات.چونکە سیاسەت و دین هەریەکەیان دوو ئەرکی جودایان هەیە.

اسلام سیاسی لیس وسیله للسلام . بل سببا للمشاکل

ئەو وولاتانەی قەت ئارام نابن :

ئیران میژووی نوێی : 1951 .2013

هند و پاکستان : 1947 -2013

ئیسرائیل . فەلەستین 1948-2013

عیراق و کوردستان 1921-2013

تورکیا وکوردستان 1921 -2013

سودان دافور و خواروی سودان 1956-2013

سەربەخۆی خواروی سودان : 09-ینایر-2011

میصر میژووی نوێی 1952-2013

جزائیر : 1962 -2013

لیبا : 1951-2013

تونس : 1956-2013

سوریا و کوردستان : 1948-2013

سەرچاوەکان :

1- روسیا الیوم 2013-03-14

2 -چۆن گەیشتمە لای خوا رۆمان

3 - سی چوکلەی بەعسیان

4 ـ مذکرات مستر همفر
الجاسوس البریطاني في البلاد الآسلامي . ترجمة دکتور . ج . ح

5 - ( Der Spiegel…DESCHICHTE . Der Islam.No 5
2012)

6 - أضواء علي قضایا دولیة في الشرق الأوسط . دکتور کمال مظهر احمد .1978 بغداد

⋆ Der Krieg im Dunkeln . Udo ULFKOTTE.7
Die wahre Macht der Geheimdienste.
Eichborn. 2006

8 مدافع ایه الله محمد حسنین هیکل 1988

-9 Mit der Ölwaffe zur Weltmacht .F.William Engdahl 2000

-10 سەرچاوەی 9

11 - سەرچاوەی 0 و 10

12 البحث عن الذات . انور سادات .

*المكتب المصري الحديث*

13(مدافع ايه الله.محمد حسنينى هيكل)

14- كوردستانپۆست

15 - هەمان سەرچاوەی پێشوو ئەڵمانیەکە لا 120

16- (گۆڤاری ) DER SPIEGEL-----12--2002 .....⋆417

17 - ( ئەرشیفی بانکی ئەڵمانی )

18- DER SPIEGEL----- 4 , 2002

19 - سەرچاوەی ژمارە (6

20 -من وثائق الحز الشيوعي العراقي . كتابات الرفيق فهد . دار الفارابي . زكي خيري 1976

21 - Der krieg im Dunkeln. Udo Ulfkotte. Frankfurt am main.Verlag Eichenborn.P100

22- المسؤليه التاريخيه فى مقتل الملك غازى . د.رجأ حسين حسنى الختاب).

23- Die CIA und der 11.Spetember- München 2004….Andreas von Bülow

24 - الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية) د. وليد حمدي )

25- اضوأ علي قضايا دولية في الشرق الاوسط . دكتور كمال مظهراحمد . 1978 ص 208 )

26- سەرچاوەی 4

27- سەرچاوەی 10

*28 . Mach und ohn macht – Robert kagan*

*Amerika und Europa in der neuen Weltordnung— 2003 Berli n*

*Der Spiegel No.22-------- . 2004 - 29*

*30- (وثائق السياسية الخارجية للاتحاد السوفيتي الجزء الثالث . د- كمال مظهر*

**كوردستانپۆست**

*http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=11b45ffc*

Der krieg im Dunkeln. Udo Ulfkotte. Frankfurt -31 am main.Verlag Eichenborn.P100

*Die lügen des Weissen Hauses* —32 *Hans Leyendecker*

33*http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=0de7.ccd0*

34 **روسيا اليوم** *2010-11-13*

*Amerika du Kanst es besser . Madeleine Albrit 35*

*36-* **روسيا اليوم** *2012-10-30*

37— *الانتفاضات العربية ...علس ضؤ فلسفة التاريخ .هاشم صالح .مكتب ساقي*

*38---* **پینوسەکان** *2913-10-01*

*39.* من وثائق الحزب الشيوعي العراقي

كتابات الرفيق فهد

دار الفارابي . بيروت

تقديم زكي خيري , فخري كريم 1976

:40
http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=9896b630

41: الفسادو الاقتصاد العالمي، كيمبرلي ان اليت .
مركز الاهرام لترجمة و النشر
42: البحث عن ستالين ديموقراطي .
التراجديا الروسية ..لطفي الخولي . مركز الاهرام

*مالپەریکوردستاننێت
43: ڕۆژنامەی خەبات رۆژی 16-11-2005 ژماره 2003.
44:http://www.dengekan.com/doc/2004/12/jaza27.pdf